ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (457) دووشەممە 2017/5/15 - 25ی گوڵان 2717 (750) دینار

ئازاد جوندیانی:

# دوای وازهێنانم لە یەکێتی چوومە خزمەتی بارزانی



ڕووداو- هەولێر

ئازاد جوندیانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە زۆر نییە لەو حیزبە هاتووەتە دەرەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) گوتی کە دوای ئەوەی دەستی لەکار کێشاوەتەوە، سەردانی بارزانیی کردووە. جوندیانی دەڵێت "چوومە خزمەتی و میوانداری کردم، زۆر بابەتمان پێکەوە باس کرد، بەڵام تەرکیزمان لەسەر چۆنیەتی سەرخستنی ستراتیژی سەربەخۆیی بوو".
جوندیانی کە ڕۆژی 2017/2/9 نامەی وازهێنانی لە یەکێتی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد، ڕەتیکردەوە کە لەکاری حیزبایەتی تێهەڵبچێتەوە و گوتیشی "نە پارتی داوای لێکردووم ببمە پارتی، نەخۆشم دەمەوێ بچمەوە نێو مەعەممای حیزبی". ئازاد جوندیانی دەڵێت کە بارزانی "لە مەسەلەی گشتپرسی و سەربەخۆیی ڕاستگۆیە"، لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ دەکرێ بەبێ پەرلەمان گشتپرسی بکرێت؟ گوتی ناکرێ پەککەوتنی پەرلەمانی کوردستان بکەینە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە گشتپرسی. جوندیانی هەر لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێت "بەشێکی یەکێتی لە سەرەتاوە بۆ گشتپرسی نایەت، بەڵام دواتر ناچار دەبێت ئەویش بێت". بەبڕوای، هاتنی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەولێر، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر گۆڕانی هەڵوێستی حیزبەکانی دیکە کە پێشتر ورووژاندنی باسی گشتپرسی و سەربەخۆییان بە موزایەدە دەزانی.

5 »



سالار عەزیز :

## لافاوی خەڵک لیستی پێ دروستکردنین

4

وەزیری دەرەوەی سۆماڵیلاند بۆ (ڕووداو) :

## هیچ شتێک ئێمە بە سۆماڵەوە نابەستێتەوە

14



هێمن عەبدوڵڵا :

## کاک نەوشیروان چی بڵێت؟

19

# ئەو شێخەی لەنێو داعشەوە خوێنی براکەی حەڵاڵ کرد لە هەولێرە



» 3

# هونەر ئەحمەد لە مووسڵەوە چیرۆکێکی خەمناک دەگێڕێتەوە



» 2

ڕاپۆرت 7

### کچە فرۆکەوانە کوردەکە قسە بۆ ڕووداو دەکات



وزە 9

### نەوتی ئەمریکا دەبێتە هەڕەشە بۆ کوردستان

ئابووری 8

### هەرێمی کوردستان ساڵانە 20 ملیۆن پێڵاو دەدڕێنێ



کۆمەڵایەتی 13

### نە گورچیلەی ما و نە پارەی بینی



ڕووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 457 ) - دووشەممە 2017/5/15



## لە هەولێر پۆلیسێکی هاتوچۆ دەڕفێندرێ

**ڕووداو- هەولێر**

رائید فازڵ حاجی، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە دوو هەفتەی رابردوودا هەڵمەتێکیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەستپێکردووە کە کێشەی یاساییان هەیە، وەک ئەوەی جامیان ڕەش بێت، یان دەستکاری تابلۆکانیان کرابێت، یاخود هەر کێشەیەکی دیکەی یاساییان هەبێت، گوتیشی "لەو ماوەیەدا دەست بەسەر 300 ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکاردا گیراوە. لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکە کێشەمان بۆ دروستبوو، دووجار تەقە لە مەفرەزەکانمان کرا، بۆ ماوەیەکیش کارمەندێکمان رفێنرا و دواتر ئازادکرا". هەڵمەتەکە تاوەکو ئێستا بەردەوامە و، بەشێک لە شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلانەی دەستیان بەسەرداگیراوە، لەگەڵ ئەوەی سزادراون، دەستگیرکراون و کەیسەکەیان دراوەتە دادگا.

# دوو ڕۆژ لەنێو ئاگری شەڕی داعش و سوپای عێراقدا





(فۆتۆ: ڕووداو)

**هونەر ئەحمەد**
**ڕووداو- مووسڵ**

پێنج کاژێر بەڕێگاوەبووین بۆ گەیشتن بە هێزە عێراقییەکان لە باکووری ڕۆژئاوای مووسڵ، دەمانویست بگەینە لیوای 36ی سوپای عێراق لە ناوچەی حلێلە. پێش خۆرئاوابوون گەیشتینە شوێنی دیاریکراو. فەرماندە سەربازییەکان سەرقاڵی پلانی بەیانین. هەموو هێزەکان لە ئامادەباشیدان و چاودێریی ناوچەکە دەکەن. کاژێر نۆی شەوە و زانیاریی هەیە کە داعش دزەی کردووە، فەرماندەی لیواکەی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. ئەویش فەرمان دەدات بە تانکی ئەبرامز جموجۆڵەکانی داعش بکرێتە ئامانج. زۆری نەخایاند جموجۆڵەکانی داعش پەکخران.

کاژێر پێنجی بەرەبەیانییە، بۆ شەڕێک کە نازانرێ چەند دەخایەنێ سەربازەکان پێویستیان بە نانخواردنێکی بەپەلە هەیە. فەرمانی جوڵەکردنی هێزەکان درا. هێرشەکە بۆ سەر ناوچەی موشێرفییەیە. لیواکە تاوەکوو پێش هەفتەیەک پلانی کۆنتڕۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری تەلعەفەریان پێ سپێردرابوو، بەڵام پلانەکەیان گۆڕدرا بۆ چوونە نێو مووسڵ، چونکە داعش دەیویست لەو قۆڵەوە ڕێڕەوێک بەرەو سووریا بۆ دەربازکردنی چەکدارەکانی بکاتەوە.

سەرەتا هێرشەکە بە پیادە دەستی پێکرد. دواتر لەبەر قەناسبەدەستەکانی داعش هێرشەکە تەنیا بە تانک و زرێپۆش کرا.

جەنەراڵ مستەفا کە فەرماندەی لیواکەیە بەردەوام بەبێ تەلەکەی قسە لەگەڵ هێزەکانی دەکات و ڕێنماییان پێدەدات، لەگەڵ سوپای عێراق لە شوێنێکداین کە هەموو جموجۆڵێکمان دەکرێتە ئامانج بەهۆی قەناس و هاوەن. شوێنەکەیان ئاشکرا کردووین و چەند گوللە هاوەنێک لە نزیکمان کەوتن.

جەنەراڵ مستەفا بە لاسلکییەکەی دەستی داوای دەستنیشانکردنی شوێنی تەقەکانی داعش دەکات و دەڵێت چەکدارانی داعش ناهێڵن بجوڵێمەوە. چوار کاژێرە هێرش دەستی پێکردووە، بەڵام داعش ڕێگە نادات خەڵکی مەدەنی هەڵبێن. ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی داعش خۆی بە تانکێکی سوپای عێراقدا تەقاندەوە.

فەرماندەکە پەیوەندی بە ئەفسەرێکی لیواکەیەوە دەکات و پێیدەڵێت جەواد ئەرکان ئاگادار بە دەڵێن ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی داعش هەیە.

جەنەراڵ زوو زوو بە لاسلکییەکەی پەیوەندی بە حەیدەر ناوێکەوە دەکرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدەدایەوە، زۆری نەبرد دووکەڵی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بەری ئاسمانی گرت، جەنەراڵ قسەی لەگەڵ یەکێک کرد و گوتی ئەوە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە تەقێندرایەوە.

دوای شەش کاژێر سوپا ڕێڕەوی بۆ هەڵاتنی مەدەنییەکان کردەوە، بەڵام ڕێڕەوەکان پارێزراو نەبوون. خۆمان گەیاندە لای ئەو کەسانەی لەبن دەستی داعش هەڵاتوون. شەش منداڵ لەگەڵ داپیر و باپیریان هەڵاتوون، بەڵام باپیریان کە زۆر بەساڵدا چووە لە گیانەڵڵادا بوو، دایک و باوکی شەش منداڵەکە لە شەڕی نێوان داعش و سوپای عێراقدا کوژرابوون.

زۆری نەخایاند سوپای عێراق مێرمنداڵێکیان لەدەستی داعش رزگار کرد کە بە قەناس کرابووە ئامانج. ئەو مێرمنداڵە گوتی کەسوکارەکەم هەموویان کوژران، تەنیا من و خوشکێکم دەرچووین، نازانم ئەو بۆ کوێ چوو.. زۆر بچووک بوو.

هەڵاتنی خەڵکی مەدەنی بەردەوام بوو، شەڕەکە تا دەهات قورستر دەبوو، هێزەکان پێشڕەوییان دەکرد. داعش وەک ئەوەی ئامادەکاری بۆ هەڵاتن کردبێ، لە زۆربەی ئەو خانووانەی بەرگریی تێدا کردبوون، کونێکی لە پشتەوەی خانووەکە کردبوو. سەربازەکان لەنێو یەکێک لەو خانووانەی کە پێشتر چەکدارانی داعشی تێدا بوو، پشوویەکی کورتیان دا.

داعش پاشەکشەی کرد، بەڵام قەناس و هاوەنەکانیان هێشتا مابوون. کاژێر بووە سێی دوای نیوەڕۆ و شەڕەکە هەر بەردەوام بوو، خەڵکێکی زۆر دەیانویست لەدەستی چەکدارانی داعش هەڵبێن، بەڵام داعش دەیکردنە ئامانج.

کچێکی منداڵکار کە لەدەستی داعش رزگاری بووبوو، بە گریانەوە هاواری دەکرد "خوا تۆڵەتان لێ بکاتەوە". گریانی کچەکە بۆ لەدەستدانی باوک و خوشکەکەی بوو کە لە کاتی هەڵاتنیان بە قەناسی داعش کوژران. کچەکە بە گریانەوە دەیگوت "خوشکەکەم یاری لەگەڵ دەکردم، خۆشیی پێدەدام، بۆچی لە منیان کرد، بۆچی؟". خەڵکی مەدەنی بە لێشاو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش جێدەهێڵن. دۆخەکە هێندە قورس بوو دایک منداڵی خۆی جێهێشتبوو.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوونە و شەڕ بەردەوامە، سوپا لەنێو موشێرفییە شوێنی خۆی جێگیر کرد، بەڵام سوپا نەیتوانی پلانەکەی 100% جێبەجێ بکات، چونکە داعش هاووڵاتییانی ناوچەکەی وەکوو قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنا.

بۆ ڕۆژی دواتر فەرماندەکانی سوپا بڕیاریان دا بە پلانی نوێوە ڕووبەڕووی داعش ببنەوە. پلانەکە بۆردومانکردنی داعش بوو لە ڕێگەی فڕۆکە و هاوەن، دواتریش هێرش بە پیادە. داعش لە ماوەی دوو ڕۆژی شەڕەکەدا هەشت ئۆتۆمبێلی بە سوپای عێراقدا تەقاندەوە. سەرباری ئەو شەڕە قورسە، بەڵام سوپا توانی تەواوی موشێرفییە کۆنترۆڵ بکاتەوە

## بەرپرسی میحوەری شنگال بۆ (ڕووداو):

# حەشدی شەعبی خەریکە ڕێککەوتنی نێوانمان تێکدەدەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرپەرشتیاری هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری شنگال دەڵێت پێش ئەوەی حەشدی شەعبی هێرش بکات بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی گوندەکانی دەوروبەری شنگال ئەوان ئاگاداربوون، بەڵام پێشبینی دەکات ئەمریکا و تورکیا و سعودیە ڕێگە نەدەن حەشد ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە.

ماوەی سێ ڕۆژە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە نزیک تەلعەفەر دەستیان بە هێرشێک بەرەو ناحیەی قەیرەوانی سەر بەقەزای شنگال کردووە، تاوەکوو ئێستاش نۆ گوندی تورکمان و عەرەبنشینیان لەو ناوچەیە کۆنترۆڵ کردووە، دوو کۆمەڵگەی گەورەی کوردی ئێزدیشیان گەمارۆداوە. دوای گەمارۆدانی ئەو دوو کۆمەڵگەیە، ڕۆژی 13ی ئەم مانگە مەسعود بارزانی، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی و سەربازیی قەزای شنگال کۆبووەوە.

سەربەست لەزگین، سەرپەرشتیاری هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری شنگال کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "پێش دەستپێکردنی هێرشەکە، بەرپرسێکی حەشدی شەعبی بە تەلەفۆن ئێمەی ئاگادار کردەوە، بەڵام تەنیا باسی ناحیەی قەیرەوان و بەعاجی کرد، ئێمەش پێمانگوتن نابێت بچنە ئەو شوێنانەی کوردی ئێزدی تێدایە، بەڵام ئێستا هەردوو کۆمەڵگەی تل قەسەب و تل بەناتیان گەمارۆداوە. کاتێک زانیمان پلانی خۆیان گۆڕیوە، یەکسەر سەرۆک بارزانیمان لێ ئاگادارکردەوە و ئەویش داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی کرد، بارزانی گوتی نابێت حەشد بچێتە ئەو ناوچانە".

سەربەست لەزگین کە ماوەیەکی زۆرە سەرپەرشتیاری میحوەری شنگالە، دەڵێت ڕێککەوتنێک لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە کە حەشدی شەعبی نەچێتە ناوچەکانی کوردی ئێزدی.

سەربەست لەزگین گوتی: "دوای ئەوەی شنگال کەوتەوە دەست هێزی پێشمەرگە، هەندێ ناوچەی دەوروبەری مابوون کە هێشتا لەدەستی داعش بوون، ئێمە هەماهەنگیمان لەگەڵ هێزەکانی عێراق هەبوو، چاوەڕێ بووین ئەوان ناوچەکانی بەعاج و قەیرەوان کۆنترۆڵ بکەن، ئینجا ئێمەش ئەو ناوچانەی ماون کۆنترۆڵ بکەینەوە، بەڵام خەریکە حەشدی شەعبی ئەو ڕێککەوتنە تێکدەدەن".

سەربەست لەزگین ئامانجی سەرەکی ئەو هێرشەی حەشدی شەعبی ئاشکرا کرد و گوتی "ئێران دەمێکە هەوڵ دەدات لەم ناوچەیە کۆریدۆرێک بۆ سووریا بکاتەوە، پشتگیریکردنی هێزەکانی سەر بە پەکەکە لە شنگال لەلایەن ئێران و شیعەکانی عێراق هەر لەو چوارچێوەیەدایە، ئێستا ئێران دەستی بە پلانەکە کردووە لەڕێی حەشدی شەعبی و تەنیا 60 کیلۆمەتری ماوە بگاتە سنووری سووریا، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم خەونی ئێران ببێتە ڕاستی، چونکە ئەگەر حەشد زیاتر لەوە پێشڕەوی بکات سعودیە، تورکیا و ئەمریکا دێنە سەر خەت".

> **حەشدی شەعبی تەنیا 60 کیلۆمەتری ماوە بگاتە سەر سنووری سووریا**

سەبارەت بە پلانی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی هێشتا لەژێر دەستی داعشدا ماون لە سنووری قەزای شنگال، سەربەست لەزگین گوتی "پێشمەرگە هەموو ئامادەکارییەکی کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە، هەرکاتێک بڕیاری هێرش درا، ئەوە پێشمەرگە هەموو ئەو ناوچانەی کوردی ئێزدی لە شنگال کە نزیکەی 13 گوند و کۆمەڵگەن، کۆنترۆڵ دەکاتەوە".

### پاش بڕیاری پڕچەککردنی یەپەگە لەلایەن واشنتن

# ئەردۆغان چاوی لە چیای شنگالە

**ڕووداو- هەولێر**

تورکیا یەکەم شەڕی خۆی لە واشنتن دۆڕاند، دوای ئەوەی ئیدارەی کۆشکی سپی بڕیاری دا هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ گرتنەوەی ڕەققە پڕچەک بکات. بڕیارەکەی واشنتن کەمتر لە هەفتەیەک پێش سەردانەکەی ئەم هەفتەیەی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ ئەمریکا هات، بۆیەش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە داوا و هەنگاوی داهاتووی ئەنقەرە لە واشنتن چی دەبێ؟

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، پلانی پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ی پەسەند کردووە. وەکوو چاوەڕێ دەکرا بڕیارەکەی کۆشکی سپی ئەنقەرەی تووڕە کرد. بەڵام بەپێی میدیای تورکیا، حکومەتەکەی ئەردۆغان پێشتر زانیبووی ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری خۆی داوە و هەسەدە پڕچەک دەکات.

دوو هەفتە لەمەوبەر شاندێکی باڵای حکومەت و سوپا و دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت) سەردانی واشنتنیان کرد و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی ئەمریکا کۆبوونەوە. ئامادەبووە تورکەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بە میدیای تورکیایان ڕاگەیاند کە ڕایمۆن مەکمەستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ، بە بەرپرسانی تورکیای ڕاگەیاندووە بڕیاری پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان دراوە. بەوپێیەش بێ، ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ترەمپ بۆ حکومەتی تورکیا چاوەڕواننەکراو نەبووە.

ڕۆژی 16 و 17ی ئەم مانگە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکەی خۆی کۆدەبێتەوە. شارەزایان چاوەڕێ دەکەن ئەردۆغان لەو کۆبوونەوەیەدا داوای قەرەبوو لە ئەمریکا بکات، یەکێک لەو قەرەبووانەش ئەوەیە ئەمریکا ڕێگە بە تورکیا بدات هێرش بکاتە سەر هێزەکانی پەکەکە کە لە چیای شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری جێگیرن.

پاش بڕیارەکەی ئیدارەی ئەمریکا دەستی تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆژئاوای کوردستان کورت بووەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی کۆمەڵێک شارەزا کە بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دواون، لێدانی پەکەکە لە دەوروبەری شنگال دەتوانێ هەندێ شت بۆ ئەنقەرە قەرەبوو بکاتەوە.

بەبۆچوونی شارەزایان، نیگەرانیی تورکیا تەنیا پەیوەندی بە پەکەکە خۆیەوە نییە، بەڵکو بەشێکیشی پەیوەندی بەو بەرژەوەندییەوە هەیە کە دەکرێ ئێران بەهۆی وجودی پەکەکە لە چیای شنگال پێی بگات، چونکە وجودی پەکەکە دەتوانێ ڕێڕەوێک بۆ ئێران بەرەو سووریا بکاتەوە.

جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا و عێراق، بە (تایمز)ی ئەمریکی گوتووە "ئەردۆغان دەتوانێ لەگەڵ نیمچە حکومەتێکی یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) لە باکووری سووریا هەڵبکات، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ نیمچە حکومەتی یەپەگە هەڵبکات کە ئەمریکا پشتیوانی دەکات، لە کاتێکدا یەپەگە پەیوەندی لەگەڵ ئێران هەیە".

جێفری کە لە 2010 هەتا 2012 باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) و حکومەتی سووریا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نیگەرانیی تورکیایە، لەبەر ئەوەی دواجار پەیەدە دەتوانێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد، ئێرانییەکان و ڕووسەکان ڕێکبکەون و تورکیا گەمارۆ بدەن، وەکوو بەشێک لەو پلانەش کۆریدەرێکی وشکانی بۆ ئێران بکەنەوە کە لە باکووری عێراقەوە بەناو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پەیەدەدا بەرەو دیمەشق درێژ دەبێتەوە.

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا و عێراق پێیوایە یەکێک لە بژارەکانی بەردەستی ئەردۆغان و ترەمپ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان ئەوەیە، ئیدارەی ئەمریکا دڵنیایی بە تورکەکان بدات کە ستراتیژێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکە هەیە و ڕێگە نادەن خەونی کۆریدۆری شیعی سەربگرێ، کە ئەردۆغان بە "فراوانخوازیی ئێرانییەکان" ناوی دەبات.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، بەو پێیەی هێزەکانی پەکەکە لە ناوچەی شنگال لە ژێر چەتری هێزەکانی سووریای دیموکرات نین، بۆیە پشتگیری ئەمریکاشیان لەگەڵ نییە، جگە لە نارەزایەتی بەغدا و نیگەرانییەکانی حەشدی شەعبی، هیچ بەربەستێکی گەورە لەبەردەم تورکیادا نییە. ڕاپۆرتەکە بە دووری نازانێ هێزەکانی حەشدی شەعبی (کە لە نزیک تەلعەفەر جێگیرن) هێرشەکانی تورکیا بە مەترسییەک بۆ سەر ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان لەقەڵەم بدەن کە دەستگرتنە بەسەر ڕۆژئاوای پارێزگای مووسڵدا.



## نێچیرڤان بارزانی: ڕەنگە بەشداری هەڵبژاردنی عێراق نەکەین

**ڕووداو- هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنە لە سیاسەتەکانی بەغدا دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات ئەگەری هەیە بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق نەکەن. نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە حەدەس ڕایگەیاند:" قەیرانی داعش سیاسیەو دەتواندرێت بە بەشداری سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت" . نێچیرڤان بارزانی ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی بەغدا گرت و بە هەڕەشە لەسەر یەکگرتوویی عێراق وەسفی کرد و گوتی: "بەغدا چی کردووە بۆ ئەوەی عێراق یەکگرتوو ببێت چی بۆ کوردو بۆ بەرژەوەندی کورد کردووە و چی پێشکەشی سوننە کردووە، بەرهەمی ئەو سیاسەتە گەورەترین هەڕەشەیە لە سەر یەکگرتووی عێراق" .

# ئەو شێخە عەرەبەی لەنێو داعشەوە خوێنی براکەی حەڵاڵ کرد لە هەولێرە



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

شێخێکی عەرەب کە پێشتر لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا لەبەردەم چەکدارانی داعش خوێنی براکەی خۆی حەڵاڵ کرد، ئێستا لە شاری هەولێر دادەنیشێ. ئەو شێخە کە برای پارێزگاری نەینەوایە، دەڵێت لەژێر هەڕەشەدا ئەو قسانەی کردووە.

ڕۆژی 2017/4/7 داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی چەند سەرۆک هۆز و شێخ و کەسایەتییەکی عەرەبی دانیشتووی شاری مووسڵی بڵاوکردەوە کە ماوەکەی 10 خولەک بوو، یەکێک لەوانەی لە ڤیدیۆکەدا دەرکەوتووە و بەیعەت بە داعش دەدات، شێخ فەیسەڵ حەمادی، برای نەوفەل حەمادی پارێزگاری مووسڵە. شێخ فەیسەڵ ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

شێخ فەیسەڵ حەمادی سوڵتان کە لە گرتە ڤیدۆیەکەدا لە تەنیشت ئەمیرێکی داعش دانیشتووە، بەناوی هۆزەکانی ئەبو حەمەد گوتارێک دەخوێنێتەوە و بێبەریبوونی خۆی لە براکەی ڕادەگەیێنێت و خوێنی حەڵاڵ دەکات.

شێخ فەیسەڵ حەمادی لە ماڵی نەوفەل حەمادیی برای لە شاری هەولێر قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و باسی ئەو ڕۆژەی کرد : "ڕۆژی پێشتر ئاگاداریان کردینەوە کە پێویستە سەرجەم سەرۆک هۆزەکان کۆببنەوە، ئێمە کەسمان نەماندەزانی بۆ چییە. دوایی بەیاننامەیەکیان هێنا گوتیان دەبێ تۆ بیخوێنیتەوە، کاتێک سەیرم کرد بینیم باسی حەڵاڵکردنی خوێنی براکەم بوو، نەمدەزانی چی بکەم. ئەمیرێکی داعش گوتی دەبێ تۆ بیخوێنیتەوە، منیش ناچار بووم خوێندمەوە، بەڕاستی هەستێکی زۆر ناخۆش بوو کە تۆ لە ژێر گوشاردا خوێنی براکەت حەڵاڵ بکەی و بە مورتەد وەسفی بکەی".

شێخ فەیسەڵ دەڵێت نەیتوانیوە بڕیارەکەی داعش ڕەتبکاتەوە "ئەگەر بەیاننامەکەم نەخوێندبایەوە دەیانکوشتم، داعش هاتبوون داوای میراتی نەوفەل و برایەکی دیکەیان لێدەکردم، دەیانگوت خانوویەکی میراتتان هەیە پێویستە میراتی ئەو مورتەدە بدەنە دەوڵەتی ئیسلامی".

برای پارێزگاری مووسڵ لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا قسە بە پێشمەرگەش دەڵێ و بە "بەندەی خاچپەرستان" وەسفیان دەکات. شێخ فەیسەڵ دەڵێت "ئەوان سوورن بوون لەسەر ئەوەی قسە بە پێشمەرگە بڵێم، چونکە پێشمەرگە پێشڕەوییەکانی ئەوانی ڕاگرت، ئەوان زۆر ڕقیان لە پێشمەرگە بوو".

سەبارەت بە مامەڵەی داعش لە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی شارەکە، شێخ فەیسەڵ دەڵێ: "کاتێک داعش موسڵی گرت، ئەوان قسەیان لەگەڵ من نەکرد و ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ کردم، بەڵام دوای ئەوەی نەوفەلی برام بووە پارێزگار، ماڵەکەم و چێشتخانەیەک و چەندین زەویی کشتوکاڵیان لێ داگیرکردم. بەردەوام چاودێرییان دەکردم، هەموو ڕۆژێک دەبوو چەکدارانی داعش ئاگادار بکەمەوە کە بۆ کوێ دەچم و چی دەکەم، نەدەبوو لەبەرچاویان ون بم".

برای پارێزگاری موسڵ کە لە هۆزی بوحەمەدن و ژمارەیان بە 15 هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، دەڵێت 121 کەس لە عەشیرەتەکەی ئەوان کە پۆلیس و ئەفسەری سوپای عێراقی بوون، لەلایەن داعشەوە کوژراون، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە زیاتر لە 60 کەسی عەشیرەتەکەیان بەیعەتیان بە داعش داوە و بەدەستی پێشمەرگە و سوپای عێراق کوژراون.

شێخ فەیسەڵ کە تەمەنی 66 ساڵە، باسی هۆکاری کەوتنی مووسڵ دەکات و دەڵێت "ستەم و زوڵم لەسەر خەڵکی مووسڵ هەبوو، 60%ی پۆلیس و سوپا بندیوار بوون، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا مووسڵ بە ئاسانی لە لایەن داعشەوە داگیر بکرێت".

ئەو ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکومەتی پێشووی عێراق بە سەرۆکایەتی مالیکی دەگرێت و دەڵێ: "هەر ماوە کۆمەڵێک خەڵکیان بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ قاعیدە دەبردە دەرەوەی مووسڵ و دەیانکوشتن، ئەوەش وایکرد خەڵکی مووسڵ یارمەتیی داعش بدەن و شارەکە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکەن".

شێخ فەیسەڵ باسی سەرەتای حوکمڕانی داعش لە مووسڵ دەکات و دەڵێت "سەرەتا مامەڵیان زۆر باش بوو، لە هەموو فەرمانبەر و کارمەندانی پۆلیس و سوپا خۆشبوون، بەڵام دوای 5 مانگ ڕێگاکانی مووسڵیان داخست و دەستیان بە کوشتن و سەربڕینی ئەفسەر و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان کرد و سەدان کەسیان کوشت".

بەپێی قسەی ئەو سەرۆک هۆزە، زۆربەی کاربەدەستانی نێو شاری مووسڵ عەرەبی عێراقی و خەڵکی شارەکە بوون، زیاتر لە عەشیرەتەکانی ئەبو بەدران، حەدیدی و ئەبو حەمدان بوون. ئاماژە بە بەرپرسی کاروباری هۆزەکان لە مووسڵ دەکات و دەڵێ: "ئەبو عەجیل بەدرانی بوو خەڵکی مووسڵ بوو، ئەو گوشاری کرد کە دەبێ تەنیا من بەیاننامەکە بخوێنمەوە، دواتر ئەو ئەمیرەی داعش کوژرا". هەروەها دەڵێت "هیچ هۆز و عەشیرەتێک نەبوو چەکداری داعشی نەبێت".

سەبارەت بە بوونی کوردی مووسڵ لە نێو ڕیزی داعش و بەیعەتدانی هۆز و کەسایەتی کوردی بە داعش، شێخ فەیسەڵ گوتی: "لەگەڵ هاتنی داعش کورد و مەسیحییەکانیان دەرکرد، ئەو کاتەی ئێمەش بە زۆر بردراین بۆ بەیعەتدان و حەڵاڵکردنی خوێنی کەسوکارمان، هیچ سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتییەکی کوردمان لەگەڵ نەبوو".



شێخ فەیسەڵ لەکاتی خوێندنەوەی بەیاننامەیەکی داعش کە خوێنی براکەی حەڵاڵ دەکات

### برای پارێزگاری مووسڵ:
### داعش بە زۆر بەیاننامەیان لە دژی براکەم و پێشمەرگە پێخوێندمەوە

### بەغدادی هێڵی مۆبایلی بڕی

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانیش لە سایەی داعش، شێخ فەیسەڵ گوتی "کارەبا 24 کاژێر هەبوو، ئەگەر کێشەی ئاومان هەبووایە ئاگادارمان دەکردنەوە بۆ سبەی دەهاتن چاکیان دەکردەوە، جگە لەوە خۆراک هەرزان بوو، بەڵام پارە نەبوو، چونکە مووچە نەبوو".

ڕۆژی 2014/7/5 ئەبوبەکر بەغدادی کەسی یەکەمی داعش لە مزگەوتی نووری لە شاری مووسڵ گوتاری هەینی پێشکەش کرد و خۆی وەکو خەلیفە ناساند، شێخ فەیسەڵ دەڵێ: "سەرەتا کە داعش هاتە مووسڵ، هێڵی پەیوەندی مۆبایل نەپچڕابوو، قەدەغەش نەبوو، بەڵام بە چەند کاژێرێک پێش نوێژی هەینی مۆبایل لەکارکەوت و دوایی زانیمان کە ئەبوبەکر بەغدادی لە مزگەوتی نووری گوتاری هەینی پێشکەش کردووە و خۆی کردووەتە خەلیفە".

شێخ فەیسەڵ باسی حوکمڕانیی داعش دەکات لە مووسڵ و دەڵێت: "خەڵک زۆرتر لە حسبە دەترسان، جەماعەتی حسبە زۆر ترسناک بوون، وەکو دەزگایەکی ئەمنی تۆقێنەر بوون و بەلایانەوە ئاسایی بوو لە کوێ کەسێک دەستگیر بکەن هەر لەوێ بیکوژن".

### چۆن لە مووسڵ دەرچوون

برای پارێزگاری مووسڵ لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی کە ژمارەیان 24 کەس بووە، لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەچنە ماڵی خزمێکیان، ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ خۆیان حەشار دەدەن و دواتر کە بەرپرسی داعش لەو ناوچەیە دەکوژرێت، خۆیان ڕزگار دەکەن.

شێخ فەیسەڵ دەڵێت: "چەکدارانی داعش منیان نەدەناسییەوە، پێش 7 مانگ لە کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی گەیارە خۆمان گەیاندە سوپای عێراق، ئەگەرچی زۆر ترسمان هەبوو داعش لە پشتەوە لێمان بدەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا گەیشتینە سوپای عێراق و پاشان هاتمە هەولێر بەڕێزەوە میوانداریيان کردم. سەردانی برادەرانی ئاسایشم کرد و مەسەلەکەم بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوانیش تێگەیشتنیان بۆ حاڵی من هەبوو".

# ئەو کۆمپانیایەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکای جیاکردەوە لە کوردستانە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان سەرقاڵی ئەوەیە لەگەڵ هەندێ کۆمپانیا ڕێککەوتن بکات بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەهەمان ڕۆژی دەنگداندا بڵاوبکرێنەوە. کۆمپانیایەکی ئەمریکیش پرۆژەی خۆیان پێشکەش کردووە کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا کردووە.

ئەو خولەی هەڵبژاردن لە 2017/11/6 تەواو دەبێ و بەپێی یاسای هەڵبژاردنیش دەبێ لەو ڕۆژەدا هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێ. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت هەرچەندە بەفەرمی ئاگادار نەکراونەتەوە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام سەرقاڵی ئامادەکارین.

جوتیار عادل، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر مانگی 11 یان لە کۆتایی مانگی 10ی ئەمساڵ هەڵبژاردن بکرێ، هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری ورد دەکەین و 100% ئامادەین".

بەگوێرەی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، دەبێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە لە ماوەی 72 کاژێردا بڵاوبکرێتەوە. بەڵام کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان سەرقاڵی پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەنجامەکان ڕابگەیەنێ.

جوتیار عادل دەڵێت "لەڕێگەی تەکنەلۆژیا و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەک، پلانمان هەیە وەکو وڵاتانی ئەوروپی دەقە بە دەقە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ڕابگەیێنین".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان مەبەستی سەرەکی ئەو هەنگاوە باس دەکات و دەڵێت "بۆ ئەوەی ڕێگەی لە هەموو جۆرە ساختەکارییەک بگرێ و چیدیکە دوای یەک هەفتە ئەنجامەکان ڕانەگەیێنرێن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەمساڵدا 30 ملیار دینار (22 ملیۆن دۆلار) خستووەتە سەر حیسابی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان.

### کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن:
### وەکو وڵاتانی ئەوروپی خولەک بە خولەک ئەنجامی هەڵبژاردن ڕادەگەیێنین

### یەکێتی 3 بۆ 4 کورسی زیاددەکات

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گومانی هەیە لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە کە لەهەمان ڕۆژی هەڵبژاردندا، ئەنجامەکانیش ڕابگەیێنرێن، چونکە هەنگاوێکی وەها لە کوردستان پێشینەی نەبووە.

شێخ عەبدولڕەحمان قادر، ڕاوێژکاری یاسایی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "دەگوترێ هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکرێ و ئەگەر هیچ کێشەیەک نەیەتە پێش بەڵێ هەڵبژاردن دەکرێ. بەڵام لەڕووی تەکنیکییەوە ئاسان نییە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەهەمان ڕۆژی دەنگداندا ڕابگەیەنرێ".

ڕاوێژکارەکەی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی دەڵێت خەڵک وەکو جاران بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکات "خەڵک متمانەی کەم بووەتەوە بە حیزبەکان و بەدەسەڵات، دەزانن خەڵک هەیە دەڵێ بۆ دەنگ بە پەرلەمان بدەم، چونکە دەنگ دەدەین و پەرلەمانیش دادەخەن". وەک ئاماژەیەک بۆ پەککەوتنی لە 2015/10/12 کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگەی نەدا یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانییەوە بگەڕێتەوە هەولێر.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کاردەکات بۆ زیادکردنی دەنگەکانی تاوەکو کورسی زیاتر لە پەرلەمان بەدەست بهێنن. شێخ عەبدولڕەحمان قادر دەڵێت "ئەگەر هەڵبژاردن بکرێ کورسییەکانی یەکێتی لە 18 کورسی زیاتر دەبن، پێشبینی دەکرێ 3 بۆ 4 کورسی زیاتر بهێنین".

هەوڵدانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەهەمان ڕۆژدا، وەک خۆیان باسی دەکەن بۆ ئەوەی "ئەلبیسەکەی سلێمانی" دووبارە نەبێتەوە.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەڵێت "سەرقاڵی ئەوەین چۆن بتوانین ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە 72 کاژێر تێپەڕنەکات". بڕیاردەری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان گومانی هەیە ئەو پرۆسەیە سەربگرێ "ڕاستە ئامێری زیرەک هەیە دەتوانین لە ماوەی چەند کاژێرێکدا ئەنجامی هەڵبژاردن ڕابگەیێنین، بەڵام مەترسی هەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەم هەنگاوە سەرکەوتوو نەبێت".

### 350 دەنگ بە یەک خولەک

بۆ ئەو پرۆسەیە چەند کۆمپانیایەکی شارەزا لەبواری هەڵبژاردنەکان لەگەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان گفتوگۆیان کردووە.

کاروان جەلال، ئەندامی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمانیاکانی وڵاتی ئەمریکا، بەریتانیا، نەرویژ و چەند دەوڵەتی دیکە هاتوون". گوتیشی "یەکێک لەو کۆمپانیانە بەشدار بووە لە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکا بۆ پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان کە تەنیا لە ماوەی چەند کاژێرێک ئەنجامەکان ڕاگەیێنران".

کاروان جەلال زانیاری ورد لەسەر ئەو ئامێرانە ئاشکرا دەکات کە لە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەکاردێن "ئامێری جیاکردنەوەی دەنگەکان هەیە دەتوانێ لە ماوەی یەک خولەکدا 350 دەنگ جیابکاتەوە و نرخەکەی تاوەکو پێنج هەزار دۆلار دەبێ، دەکرێ بۆ بنکەکانی دەنگدان ئەو ئامێرانە دابین بکەین".

ڕووداو
ژمارە (457) - دووشەممە 2017/5/15



## نەوشیروان مستەفا دەست بە کار دەکاتەوە

ڕووداو- سلێمانی

دلاوەر حاجی عوسمان، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان تەندروستی زۆرباشە بە برادەرانی گوتووە دوو بۆ سێ ڕۆژ پشوو وەردەگرێ، دواتر دەست بە کارکردن دەکاتەوە. لەبارەی بڵاونەبوونەوەی هیچ وێنەیەکی دوای گەڕانەوەی، ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان گوتی "دیارە خواستی خۆیەتی و نایەوێ وەکو جاری پێشوو ئەو دەرگایە بکاتەوە خەڵکێکی زۆر سەردانی بکەن". دوای نزیکەی هەشت مانگ مانەوە لە بەریتانیا 2017/5/13 نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دوور لە چاوی کامێراکان گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

### سالار عەزیز، یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# لەناو گۆڕان دەیانگوت چەند کورسی بهێنین هەر بە یەکێتی حیسابە

هیوا جەمال
ڕووداو- سلێمانی

سالار عەزیز، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت، ئەوکاتەی لە یەکێتی جیابوونەوە، نیازیان نەبوو لیستی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ساڵی 2009، دروست بکەن، بەڵام لێشاوی خەڵک بۆ گردەکەی زەرگەتە، وای لێکردن بەجۆرێکی دیکە بیر بکەنەوە.

سالار عەزیز کە لە ئایاری 2014 دا وازی لە بزووتنەوەی گۆڕان هێنا، ئێستا لە ماڵی خۆی دانیشتووە و دەڵێت هیچ ئیلتیزامێکی حیزبی نییە لەنێو یەکێتی، ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەفزیۆنی ڕووداو کە ئەمشەو دووشەممە بڵاودەکرێتەوە، زۆر پرسی هەستیاری وروووژاند، یەکێک لەوانەش مشتومڕەکانی سەرەتای ناو بزووتنەوەی گۆڕان و ئاراستە لێکدژەکانی.

سالار عەزیز لەو هەڤپەیڤینەدا پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ هەوڵەکانی جیابوونەوە لە عێراق و سەربەخۆیی لەڕێی گشتپرسییەوە ڕادەگەیێنێ. وەک ئەو دەڵێت: "بۆچوونی زلهێزەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە".. و کورد لەدوای ڕاپەڕینەوە هەلی باشی بۆ هەڵکەوتووە "بەڵام بەداخەوە نەک هەر سوودمان لێ وەرنەگرتووە، بەڵکو لە شەڕی ناوخۆدا خۆشمان ناشیرین کرد". ئەو پێیوایە لەدوای 2003 کە تەنیا هێزی ڕێکخراو لە عێراق کورد بوو، دەیتوانی دەستکەوتی گەورە بۆ خۆی تۆمار بکات، چونکە "ئەمریکا پێویستی بە ئێمە بوو، ئێمە دەمانتوانی هەموو مەرجەکانی خۆمان فەرز بکەین. من جارێک بە بەرپرسێکی زۆر گەورەم گوت هیچ نەبێ بەخۆڕایی ئیش بۆ ئەمریکا مەکەن. هیچ نەبێ دوو شتی لێ داوا بکەن، یەکەم بمانپارێزن، دووەمیش پشتیوانیمان بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان. بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکرد".

> من لە جیاتی ئەو حیزبانە بم باسی کاک مەسعود ناکەم بەکێشە

> غەدرێکی گەورە لە مام جەلال کرا کە بەبێ پرس یاداشتەکانی بڵاوکرانەوە

سالار عەزیز ڕای وایە دەبێت پشتیوانی لە هەر کەسێک بکرێت کە هەوڵ بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەدات پێیوایە دەبێت هەموو هێزەکان تێیدا بەشدار بن، بەڵام لای ئەو بەتایبەتی دوو هێز گرنگن کە یەکێکیان پارتییە و ئەوی دیکە یەکێتی، ئەو دەڵێت: "پێویستە ئێمە واقیعیانە بیربکەینەوە، ئێمە شەڕمان لەگەڵ یەکدی کرد، کەسمان نەبەزین، خۆ ئەگەر لایەکیش بەهێز بووایە ئەوا دەوڵەتێک نەیدەهێشت. سەرەڕای ئەو هەموو تەجروبەیە، نەمانتوانی ئەو واقیعە بگۆڕین. هێزێک هەیە ناوی پارتییە، پارتی هێزێکی نیشتیمانییە لە پایتەختی کوردستانە، هێزێکی چەکداری گەورەی هەیە، پەیوەندی هەیە، کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمە و پیاوێکی ناسراوە لە جیهان".

لەبارەی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەر بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەن، سالار عەزیز دەڵێت: "من بە سەرۆکی هەرێمی دەزانم. من لە جیاتی ئەو حیزبانە بم قەت بابەتی کاک مەسعود ناکەم بەکێشە و نایهێنمە ناو ناوان. لەبەرئەوەی من واقیعەکە تێدەگەم، بۆ بێین بکەوینە کێشمەکێش و بڵێین وەڵڵا تۆمان ناوێ دەبێ تۆ لە پەرلەمان هەڵبژێرن".



(فۆتۆ: ڕووداو)

سالار عەزیز کە یەکێک بوو لەو پێنج کەسەی لە یەکێتی جیابوونەوە و بزووتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد، دەڵێت سەرەتا ئامانجیان دروستکردنی لیستی جیا نەبوو بۆ هەڵبژاردن: "کاتێک هاتین ئەو گردەمان دروستکرد، قەت بەنیاز نەبووین بەجیا بەشداری هەڵبژاردن بکەین، گوتمان ئێمە هێزێکی سیاسی دەبین لەنێو یەکێتی، بەڵام لافاوی خەڵک بۆ سەر گردەکە وای لە ئێمە کرد بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە".

هەر لە سیاقی ئەو قسانەدا پەردە لەسەر هۆکارێکی جیابوونەوەی باڵی ڕیفۆرمی ناو یەکێتی و دروستکردنی لیستی جیاواز بۆ هەڵبژاردن لادەبات. ئەو ڕاشکاوانە شتێک دەدرکێنێ کە هەمیشە بەلای پارتی و حیزبەکانی دیکە و خەڵکیشەوە مایەی پرسیار و گومان بووە، کاتێک دەڵێت: "هەر ئەوکات دوو ئاراستە (لەناو بزووتنەوەی گۆڕان) هەبوو، ئاراستەیەک دەیگوت باشە بۆ بەشداری هەڵبژاردن (ی پەرلەمانی کوردستان) نەکەین، خۆ چەند کورسیش بهێنین هەر یەکێتی حیسابە".

ئەو کە ئێستا لە بزووتنەوەی گۆڕان هاتووەتە دەرەوە، باسی هاوسەنگیی هێز لە کوردستان دەکات و دەڵێت یەکێتی و پارتی لە تای یەک تەرازوودان، ئەمە پەیوەندی نییە بەوەی ئەمڕۆ ئەمیان دەسەڵاتی زیاترە لە حکومەت "یەکێتی دەتوانێ کێشە دروست بکات. یەکێتی بیەوێ دەتوانێ بەیانی شەڕی ناوخۆ دروست ببێ"، بەڵام دەڵێت ئێستا گۆڕان ناتوانێ 50 هەزار کەس بهێنێتە سەر جادە "ئەگەر بیشیکات لە سایەی یەکێتیی دەیکات لە سلێمانی".

هەر لە بەشێکی دیکەی ئەو هەڤپەیڤینەدا دێتە سەر باسی قەیرانی سیاسیی ئێستا و دەڵێت کاتی خۆی بە "برادەرانی گۆڕان و یەکێتی" گوتووە "بڕۆن لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون و بیر لە پەرلەمان مەکەنەوە". ئەو سووربوونی گۆڕان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بە لۆژیکی نازانێت و دەڵێت: "کاتی خۆی من زۆر ڕەخنەم هەبوو کە گۆڕان و یەکێتی و ئیسلامییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی واقیعەکە و بەبێ ناسینی واقیعی پارتی و دەسەڵاتی پارتی لە پەرلەمان مامەڵەیان دەکرد، ئەو شێوازی گوزارشکردنە لەنێو پەرلەمان هەڵە بوو".

> لافاوی خەڵک بۆ گردەکە وای لێکردین بیر لە دروستکردنی لیست بکەینەوە

> بە کاک نەوشیروانم گوت 50 کورسیش بهێنین ناتوانین ئەو واقیعە بگۆڕین

بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکەم هەڵبژاردنی پاش ڕاگەیاندنیدا وەکو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ 25 کورسی پەرلەمانی بردەوە، بەڵام سالار عەزیز نائومێدانە دەڵێت بە نەوشیروان مستەفای گوتووە نەک 25 کورسی گۆڕان ئەگەر 50 کورسیشی هێنابا هیچی لە دۆخەکە نەدەگۆڕی، چونکە بەڕای ئەو "ئەگەر چەک و پارەت هەبێت لە کوردستان تۆ هەیت .. هێشتا لە کوردستان ئەوە دەخوات".

لە کۆتایی ئەو هەڤپەیڤینەدا، سالار عەزیز باسی دوایین کتێبی یاداشتەکانی مام جەلال دەکات کە بەناوی (دیداری تەمەن) چاپ بووە و دەڵێت: "ئەگەر مام جەلال لە کایەکە بووایە و نەخۆش نەبووایە، ئەگەر یاداشتەکانی بنووسیبایەوە. جۆرێکی دیکە دەینووسی. غەدرێکی زۆر گەورە لە مام جەلال کراوە، چونکە پرسی پێنەکراوە کە ئەمە بڵاوبکرێتەوە".

### ساڵێک بەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوان گۆڕان و یەکێتیدا تێپەڕی

# "ڕێککەوتنەکە یان بەتەواوی جێبەجێ دەکرێ، یان هەڵدەوەشێتەوە"

**سەرکردەیەکی یەکێتی:**
جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە پەیوەندی بە کێشە نێوخۆییەکانی ئێمەوە هەیە

**سەرکردەیەکی گۆڕان:**
تا سەر چاوەڕێی یەکێتی ناکەین و دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە

**سەرکردەیەکی پارتی:**
چاوەڕێی ئەو ئەنجامەمان لەو ڕێککەوتنە دەکرد



مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

دوو ڕۆژی دیکە، ساڵێک بەسەر ئەو ڕێککەوتنەدا تێدەپەڕێ کە 2016/5/17 لە ماڵەکەی تاڵەبانی لە دەباشان واژۆیان لەسەر کرد.

یەکێتی و گۆڕان بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی و نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێککەوتننامەیەکی 25 خاڵییان واژۆ کرد، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، گۆڕان گلەیی لە یەکێتی دەکات و بەوە تۆمەتباری دەکات کە خۆی لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی دەدزێتەوە.

ڕۆژی 2017/5/8 سەرکردایەتیی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی لە مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی کۆبوونەوە، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تەنیا دوو دێڕ و نیو بوو. ئەوان نووسیبوویان "لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی نێوان هەردوولا کرا".

ئیسماعیل نامیق، ڕێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەندامی سەرکردایەتی هاوبەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە لە ئەستۆی یەکێتییە، ئەوان نە پەشیمانن نە گوتوویانە جێبەجێی ناکەین، بۆیە وەکو گۆڕان چاوەڕێی جێبەجێکردن و پابەندبوونی یەکێتی بەو ڕێککەوتنە دەکەین".

### یەک خاڵ لە ڕێکەوتنەکە جێبەجێکراوە

بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە تۆمەتبار دەکات، لە دوایین هەڤپەیڤیندا لەگەڵ میدیای حیزبەکەی، قادر حاجی عەلی، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند :"جگە لە بڵاوکردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا، هیچ خاڵێک لەو (24) خاڵەی دیکە لەلایەن یەکێتییەوە جێبەجێ نەکراوە، پاش ڕێککەوتنەکە کۆمەڵێک گرفتی گەورە لەناو یەکێتیەوە دروستکرا بۆ لەباربردنی کە گومانمان نییە دەستی پارتیشی تێدابوو".

جگە لە بڕگەی ڕاگەیاندنی دەقی ڕێککەوتنەکە بۆ ڕای گشتی، ماددەی 24ی ڕێککەوتنەکەش جێبەجێ کراوە کە باس لە دروستکردنی سەرکردایەتیی هاوبەشی نێوان هەردوولا دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پاشکۆیانە لەنێوان هەردوولا واژۆ نەکراوە کە لە ماددەی 23 ئاماژەی بۆ کراوە.

بەهار مەحموود، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشداریی نووسین و داڕشتنەوەی ڕێککەوتنەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "پرۆتۆکۆل و پاشکۆکان کە لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی هەردوولا ئامادەکراوە و دراوە بە سەرکردایەتی هاوبەش بۆ ئەوەی واژۆی بکەن، تاوەکو ئێستا واژۆ نەکراوە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرای دەکات کە هەر لە سەرەتاوە هەندێک سەرکردەی یەکێتی دژی ڕێککەوتنەکە بوونە. فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە زیاتر بۆ کێشە نێوخۆییەکانی حیزبەکەی دەگەڕێنێتەوە "هەر لە سەرەتاوە ڕێککەوتنەکە کێشەی تێدا بوو، چونکە ئێمە لە سەرکردایەتی بەکۆی دەنگ پەسەندمان نەکرد، بەڵکو بە زۆرینەی دەنگ و بەشێک لە هەڤاڵانی ئێمە لەگەڵی نەبوون، بۆیە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە پەیوەندی بە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە هەیە نەک گۆڕان".

### تاسەر چاوەڕێ نابین

عەبدولڕەحمان موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان باسی کاردانەوەی گۆڕان دەکات بەرامبەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە لەلایەن یەکێتی و دەڵێت "ئەگەر ڕێککەوتنە سیاسییەکە جێبەجێ بکرێت، ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستەکانیش جێبەجێ دەکرێت، ئێستا تۆپەکە لە ساحەی یەکێتییە، بەڵام گۆڕان تا سەر چاوەڕێی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە ناکات، دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە، بڕیار و ئیرادەیان هەبێت و ڕێز لە واژۆی خۆیان بگرن، ناکرێ لەلای ئێمە قسەیەک بکەن و لەلای پارتیش قسەیەکی دیکە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی هەروەها دەڵێت "تەنیا ئێمە و پارتی هەڵوێستمان ڕوونە و دەزانین چیمان دەوێت، بەداخەوە یەکێتی و لایەنەکانی دیکە هەڵوێستیان تەمومژاوییە".

پێش ڕێککەوتنە سیاسییەکە، گۆڕان و یەکێتی لە ڕۆژی 2014/12/9 بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە ڕێککەوتنیان واژۆ کردبوو، بەڵام گۆڕان دەڵێت لە کۆی 848 پۆست تەنیا 33 پۆستیان وەرگرتووە لە کاتێکدا مافی ئەوانە 224 پۆستی دیکە وەربگرن.

### پارتی: حەزناکەین گۆڕان و یەکێتی لێکدووربکەونەوە

بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی بە بەرپرسیار و ئەندازیاری پشتی پەردەی پەکخستنی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی دەزانێت، بەڵام پارتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە. بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن هەر لە سەرەتاوە چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنەیان لێ دیار بوو.

عەلی حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "لە یەکەم ڕۆژەوە هەڵوێستی پارتی ڕوون بوو، ئەم ڕێککەوتنە بۆ شاردنەوەی شکستی گۆڕان و لەخۆگرتنیان بوو لەلایەن یەکێتییەوە، وەکو پارتی ئەزموونێکی دوور و درێژمان لەگەڵ حیزبە کوردستانی و عێراقییەکان هەیە، بە تایبەتی یەکێتی بۆ ئێمە هاوپەیمانێکی ستراتیژییە و دەمانزانی ڕێککەوتنەکە تاوەکو ئێرە بڕ دەکات".

عەلی حوسێن کە هاوکات بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانی و نیشمانییەکانی پارتییە، گوتی: "پێمان خۆش نییە گۆڕان و یەکێتی لە یەکدی دووربکەونەوە، بە پێچەوانەوە پێمانوایە یەکێتی دەتوانێت گۆڕان بهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و حەزیش دەکەین گۆڕان و یەکێتی یەکبگرنەوە، چونکە بۆ مامەڵەکردنی پارتی لە ڕووی سیاسییەوە ئاسانترە".

بەڵام لەنێو ئەو هەموو تۆمەتبەخشینەوەیەدا چارەنووسی ڕێککەوتنەکە چی دەبێت؟ فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "ڕێککەوتنەکە لەبەردەم دوو ئەگەردایە: جێبەجێکردن یان هەڵوەشانەوەی، چونکە شێوازی ڕێککەوتنەکە وایە ناتوانرێت هەموار بکرێتەوە".

## ئازاد جوندیانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# دوای وازهێنانم لە یەکێتی چوومە خزمەتی بارزانی

ئازاد جوندیانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە زۆر نییە لەو حیزبە هاتووەتە دەرەوە، لە یەکەم هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) پاش دەستلەکارکێشانەوەی لە یەکێتی، باسی پرسی سەربەخۆیی و کێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەکات و دەڵێ: "نابێ هیچ قەیرانێک ڕێگر بێ لەبەردەم گشتپرسی و سەربەخۆیی". جوندیانی کە ڕۆژی 9/2/2017 نامەی وازهێنانی لە یەکێتی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد. ئاشکرای کرد دوای وازهێنانی لە یەکێتی چاوی بە مەسعود بارزانی کەوتووە و دەڵێت بڕیاری داوە ئیشی حیزبی ناکات. بەڵام لەپێناوی سەربەخۆیی ئەگەر ئەو کارە پێویستی بەو بێت، ئامادەیە بچێتە ناو پارتی.

**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**



نابێ بەهۆی پەرلەمانەوە خۆمان لە گشتپرسی بدزینەوە

سێ مانگە مووچەی پاسەوانەکانم بڕاوە

یەکێتی لەچاو چوار مانگ پێش ئێستا دیدێکی ڕۆشنتری بۆ سەربەخۆیی هەیە

بەشێک لە یەکێتی دواتر بۆ لای سەربەخۆیی رادەکەن

ئەگەر گفتوگۆکان بۆ پەکخستنی گشتپرسی بێت نابێ پارتی چاوەڕێی لایەنەکان بکات

بارزانی لە یەک دوو مانگی داهاتوودا هەنگاوی باش بۆ گشتپرسی دەنێت

**ڕووداو: پرسیارێکی تەقلیدی کە زۆر دەکرێت، کورد چۆن دەگاتە سەربەخۆیی؟**

**ئازاد جوندیانی:** بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێزەکەی دیاری کردووە کە ڕێگایەکی ئاشتیانە و نەرمە، بە دوو ئاراستە ئیش لەسەر ئەو مافە دەکرێت: بە گشتپرسی، بە ئاراستەی دەرەوەش کە ئێمە لەگەڵ بەغدا نامانەوێ ببینە دراوسێیەکی دوژمن و ناکۆک. هەروەها لەگەڵ وڵاتانی دراوسێش دەمانەوێ بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بەو مافە ڕەوایەی خۆمان بگەین.

**ڕووداو: بەو ناکۆکییە سیاسییەی لە نێوان لایەنەکاندا هەیە، دەتوانرێت گشتپرسی بکرێ؟**

**ئازاد جوندیانی:** هەر لایەنێک دەتوانێت پاساوی نەبوونی زەمینە بۆ گشتپرسی و سەربەخۆیی بهێنێتەوە، بەڵام نابێ هیچ قەیرانێک ڕێگر بێت لە بەردەم گشپرسی و سەربەخۆیی، چونکە سەربەخۆیی بەشێک لەو کێشە و قەیرانانە چارەسەر دەکات. زەمەن و مێژوو لەسەر من و تۆ ناوەستێ، لە 100 ساڵی ڕابردوودا چ کاتێک هەلومەرج وەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەبار بووە بۆ سەربەخۆیی تاوەکو ئێمە بەهۆی قەیران و کەموکوڕیی ناوخۆیی ئەم دەرفەتەی ئێستا هاتووەتە پێش، وازی لێبهێنین؟ کێ دڵنیایی دەداتە من وەکو هاونیشتمانییەک کە ئەو هەلومەرجە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەی ئێستا هەیە دوای 10 ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت؟

**ڕووداو: ئێستا قەیرانێکی سیاسی هەیە کە پەرلەمانی پەکخستووە، دەکرێ بەبێ پەرلەمان گشتپرسی بکرێت؟**

**ئازاد جوندیانی:** پەکخستنی، پەکخرانی و پەککەوتنی پەرلەمانی کوردستان بە هەر سێ ماناکە، ناکرێ بکەینە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لە گشتپرسی، بەکارهێنانی گشتپرسی وەکو کارتێکی گوشار لەلایەن حیزب و لایەنێک دژی لایەنێکی دیکە، بۆ سازشپێکردنی لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسییەکان، لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا نییە.

**ڕووداو: وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە، بەبێ پەرلەمان گشتپرسی دەکرێت؟**

**ئازاد جوندیانی:** من کەسێکی یاسایی نیم و سیاسیم، پێتدەڵێم بەڵێ دەکرێت.

**ڕووداو: تا ماوەیەک پێش ئێستا تۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووی، یەکێتی لە مەسەلەی گشتپرسی جدییە و هاوڕایە لەگەڵ پارتی؟**

**ئازاد جوندیانی:** یەکێتی لە چاو چوار مانگ پێش ئێستا دیدێکی ڕۆشنتری بۆ سەربەخۆیی هەیە، بۆ یەکێتی وا باشە کە گشتپرسی بکرێت، چونکە یەکێک لە دروشمەکانی یەکێتی مافی چارەی خۆنووسین بووە، یەکێتی لەبارەی سەربەخۆیی موراجەعەیەکی خۆی کردووە، هیوادارم جدیتر و بوێرتر موراجەعە بکاتەوە.

**ڕووداو: پێتوایە هەموو یەکێتی بێنە پاڵ یەکدی و لەگەڵ پارتی گشتپرسی بکەن؟**

**ئازاد جوندیانی:** پێموایە بەشێکی یەکێتی لە سەرەتاوە بۆ گشتپرسی نایەت، دواتر ناچار دەبێت ئەویش بێت، پێشتر هەر کاتێک کاک مەسعود بارزانی باسی سەربەخۆیی و گشتپرسی بکردایە وەڵامێکی خێرا لە لایەنەکانەوە دەبوو کە دەیانگوت موزایەدەیە، بەڵام دوای هاتنی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەولێر، ئیدی ئەو وەڵامە گۆڕاوە، ئێستا دەڵێن بەبێ پەرلەمان ناکرێت، یاخود بنەماڵەی بارزانی دەیانەوێ شانشین دروستبکەن، بێگومان پارتی و ئەو بەشەی یەکێتی لەگەڵ یەککگرتوو، هەروەها لایەنەکانی دیکە بچنە پاڵ یەکدی و هەنگاو بنێن، پێموایە ئەو بەشەی یەکێتی ناچارە رابکات و بگاتەوە بەوان.

**ڕووداو: ئەو بەشەی یەکێتی کاتێک دەچێتەوە سلێمانی و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکات، دەڵێ بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان گشپرسی ناکرێت، کەواتە پارتی دەتوانێت بە تەنیا ئەم ئیشە بکات؟**

**ئازاد جوندیانی:** پارتی ئەگەر چاوەڕێی چارەسەر دەکات ئەوە گرنگ و پێویستە، بەڵام ئەگەر پارتی وای دەبینن ئەم گفتوگۆیانە زیاتر بۆ پەکخستن و ڕێگرییە لە چوونەپێشەوەی گشتپرسی، پێموایە پێویست ناکات چاوەڕێ بکات.

**ڕووداو: هەندێک لایەن گومانیان لە بارزانی هەیە لەوەی سووربوونی لەسەر گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی نییە، بەڵکو مەبەستی سیاسی هەیە، تۆ هەستت بەوە کردووە؟**

**ئازاد جوندیانی:** بەبێ ئەوەی وردەکارییەکەت پێبڵێم، کاک مەسعود بارزانی لە گشتپرسی و سەربەخۆیی ڕاستگۆیە، مەبەستێتی بە بەشداریی کارای ئەو، یان ڕۆڵی هەبێت لەوەی کورد بگاتە ئەو مافە ڕەوایەی خۆی، بە نەفەسێکی درێژ لەگەڵ لایەنەکان ئیش دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین لایەن و ئاراستەی سیاسی لەو پرسە کۆبکاتەوە، پێموایە لە یەک دوو مانگی داهاتوودا کاک مەسعود بارزانی هەنگاوی باش بۆ گشتپرسی دەنێت.

**ڕووداو: یەکێتی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەگەڵ پارتی هەیە و هەروەها ڕێککەوتنی 17ی مایسی پارساڵیشی هەیە لەگەڵ گۆڕان، تا ئەوکاتەی تۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووی، پێتوابوو کامیان لە بەرژەوەندیی حیزبەکەت بوو، کامەیان بۆ ئەو گرنگترە؟**

**ئازاد جوندیانی:** تێبینیم لەسەر ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان هەبوو، کاتی خۆیشی بە ڕاشکاوانە ئەو تێبینیانەم گوتووە، ئەو ڕێککەوتنە ئەوەندەی پەیوەستە بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە سەرتاسەری کوردستان، هەر لایەک لە شوێنی یەکێتی بووایە ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان دەکرد، چونکە هەردووکیان خاوەنی نفوز و جەماوەرن لە یەک ناوچە، ئەوکاتیش گوتم کە چۆن یەکێتی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی هەیە، دەبێ پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ گۆڕانیش هەبێت.

**ڕووداو: ئەی بۆچی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا؟**

**ئازاد جوندیانی:** پەیوەندی بە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتییەوە هەبوو، بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بەو مێژووە کورتە پڕ لە تەشەنوج و ناکۆکییەی نێوان گۆڕان و یەکێتییەوە هەبوو، ئەگەرچی دڵنیاییەک درابووە پارتی کە ئەم ڕێککەوتنە لە دژی ئەوان نییە، بەڵام وەکو سلێمانی دەڵێن، هەرچی سەرە واوێکی لەسکدابێت، دەیزانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ پەراوێزخستنی پارتی بوو. ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی جۆرێک بوو لە زیندووکردنەوە و بەردەوامی ئەو مەدرەسە سیاسییەی کە لە سلێمانی هەبووە بۆ دژایەتی پارتی، هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیریش نووسیویانە کە ئەمە جۆرێکە لە زیندووکردنەوەی ناکۆکییەکانی ساڵی 1964 .

**ڕووداو: تۆ بۆچی لەنێو یەکێتی نەمایتەوە پەرە بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی بدەی، بۆ ساحەکەت چۆڵ کرد؟**

ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی زیندووکردنەوەی ئەو مەدرەسەیە بوو کە دژایەتی پارتی دەکات

گرووپێک کۆنترۆڵی هەموو شتێکی یەکێتی کردووە

مام جەلال ئامۆژگاری دەکردم کە نابێ قسە لەسەر ماڵی مەلا مستەفا بکەین

**ئازاد جوندیانی:** ئەگەر ئومێدم هەبووایە دەمامەوە، بەڵام ئومێدم نەبوو یەکێتی بخەینەوە سەر سکەی خۆی، پێمواندبوو لەنێو یەکێتی بەو میکانیزمی ئیشکردنە بتوانم هیچ ڕۆڵێکم هەبێت، من بەدوای ڕۆڵی سفر ناگەڕێم، نامەوێ ڕۆڵم 100 بێ، بەڵام لەو شوێنە نابم کە ڕۆڵم سفر بێت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم، موتڵەقەن لەسەر بەرژەوەندی شەخسی وازم لە یەکێتی نەهێناوە.

**ڕووداو: بۆچی هاوڕێیەکانت جێهێشت، چونکە خەڵکی دیکەش لە نێو یەکێتی نیگەرانن، بە تایبەتی ناوەندی بڕیار و جێگرانی سکرتێری گشتی ؟**

**ئازاد جوندیانی:** بڕوا ناکەم جێگرانی سکرتێری گشتی ئەوەی دەیانەوێ بتوانن لەنێو یەکێتی جێبەجێی بکەن، من خۆم پێموایە ژمارەیەک لە ڕەفیقەکانیشم لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئێستا ڕۆڵی سفر لەنێو یەکێتی دەبینن.

**ڕووداو: لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەت نووسیوتە ئەگەر مام جەلال لە کایە مابایەوە ئەو نامەیە نەدەنووسرا، مەبەستت چییە؟**

**ئازاد جوندیانی:** مام جەلال بە هەموو ئەو کەموکوڕی و ناکۆکیانەی نێو یەکێتی کە تا ئاستێک لەوانەیە دەستی ئەویش تێدابووبێ، توانی ئیدارەی یەکێتی بکات و ڕۆڵی کەسمان سفر نەبێت.

**ڕووداو: ئێستا چۆن یەکێتی بەڕێوەدەچێت؟**

**ئازاد جوندیانی:** هەر وەکو پێشتر بەڕێوەدەچێت، گرووپێک کۆنترۆڵی هەموو شتێکی یەکێتی کردووە .

**ڕووداو: ئەو کاتەی تۆ بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بووی تۆمەتبار دەکرای بە دژایەتی گۆڕان و دەرپەڕاندنی ئەوانەی مەیلیان بەلای باڵی ریفۆرم و گۆڕانەوە هەبوو لە دوای 2009؟**

**ئازاد جوندیانی:** ناڵێم هەڵەم نەکردووە وەکو هەر سیاسییەکی دیکە، لە هیچ هەڵەیەکی خۆشم پەشیمان نیم، هەموو کارەکانم بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کردووە و هەموویشیم بە بەڵگە هەیە، من بەرپرس بووم لە بەرامبەر شاڵاوێک کە دەیویست یەکێتی وردوخاش بکات، دەبوو بەرگری لەوە بکەم یەکێتی وردوخاش نەبێت.

ڕووداو: تۆ لە مام جەلال نزیک بووی، تێڕوانینی مام جەلال بۆ سەربەخۆیی چی بوو؟

ئازاد جوندیانی: من سەرپشک نیم بە ناوی مام جەلالەوە قسە بکەم، دەستم بە نووسینەوەی یاداشتەکانم کردووە و ناویشم بۆ داناوە: (ژوورە شێدارەکانی سیاسەت)، لەوێ زۆر شت باس دەکەم، مام جەلال لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان بوو، کتێبێکی هەیە کە وەڵامی شیوعییەکانی داوەتەوە بە ناوی (اغد وديمقراگى وحرمان شعب حتى من حق الحلم؟) لەوێ ڕوانگە و ستراتیژی مام جەلال بۆ سەربەخۆیی خراوەتەڕوو، من حەقم بە لێدوانی لابەلا بۆ مامەڵەکردنی ڕۆژانە لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی نییە، ئەمە شتێکی تاکتیکیە، بەڵام ڕوانگەی ستراتیژیی مام جەلال لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانە .

**ڕووداو: تۆ لە تاڵەبانی نزیک بووی، سەرنجت لەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبی دیداری تەمەن چییە؟**

**ئازاد جوندیانی:** زۆر جاران کاک سەلاح ڕەشیدم دەبینی کە دەهاتە لای مام جەلال بۆ تۆمارکردنی ئەو یاداشتە، پتر لە دووجار گوێم لێبووە مام جەلال دەیگوت کاکە سەلاح ئەم شتانە بە ئەمری خۆم نەبێت یان لە دوای خۆم، بڵاونەکرێنەوە .

**ڕووداو: تاڵەبانی دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی چۆن ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئێوەی دەکرد لە مامەڵەکردن لەگەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانی؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئامۆژگارییەکانی ئەوە بوو کە نابێ لەگەڵ پارتی تێکیبدەین، بەو پێیەی من بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن بووم، دەیگوت ئەگەر پێویست بکات، قسە لەسەر پارتی بکەن، بەڵام نابێ لەسەر ماڵی مەلا مستەفا قسە بکەن،

500 کەس کە بەهۆی منەوە بوونەتە یەکێتی دەیانەوێ خۆیان بگوازنەوە

مام جەلال بە سەلاح ڕەشیدی گوت کە تەنیا بە ئەمری خۆی، یان دوای نەمانی خۆی یاداشتەکانی بڵاوبکاتەوە

نابێ بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەکەکە لێرە هەبێت

مام جەلال پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، دەیزانی کە بە ناکۆکییەکی 50 ساڵی نەتوانرا هیچ لایەک ئەوەکەی دیکە بسڕێتەوە، بۆیە دەبێ ڕێکبکەوین.

**ڕووداو: تۆ ڕەخنەت لە وجودی پەکەکە لە شنگال گرتبوو، بۆچی؟**

**ئازاد جوندیانی:** بۆ بەس لە شنگال، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە، وجودی پەکەکە بەم تەشەنوجە لێرە نابێت، ئەم بوونە زەرەری لە هەرێمی کوردستان داوە، نابێ بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەکەکە لێرە هەبێت، چۆن ئێمە بۆمان نییە لە کوردستانی تورکیا خۆمان بسەپێنین ئەوانیش لێرە ناتوانن وا بکەن. مەترسییەکە لێرەیە کە ڕوانگەی پەکەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لەگەڵ هەرێمی کوردستان جیاوازە، بە تایبەتی لەدوای دەرچوونی تێزەکەی ئۆجەلان کە بڕوای بە دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، بەڵکو خۆسەری دیموکراتی کە ئێستا لە ڕۆژئاوا جێبەجێ کراوە، بە چارەسەر دەزانێ. ئەگەر ئەوە لە شنگال جێبەجێ بکرێت، مەترسی پێکدادانی دوو فەلسەفە هەیە .

**ڕووداو: پەکەکە سوودی لە بۆشایی وەرگرتووە، بە تایبەتی لە سلێمانی هەندێک سەرکردەی یەکێتی پشتگیریان دەکەن، ئەمە مەترسی نییە بۆ هەموو حیزبەکان؟**

**ئازاد جوندیانی:** پەکەکە لە کوردستانی عێراق زۆر پەرەی سەندووە، ڕەنگە لە بواری سەربازی پەرەی نەسەندبێ، بەڵام لە بواری پروپاگەندە و ڕاکێشانی خەڵکێکی تەمەن دیاریکراو بۆ لای خۆی، چالاکە .

**ڕووداو: هیچ داوایەک لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە بۆ ئەوەی لەوێ دەستبەکار بی بۆ کەیسی گشتپرسی و سەربەخۆیی؟**

**ئازاد جوندیانی:** ئەو کاتەی دەستم لەکارکێشایەوە هەڵمەتێکی توندی چەواشەکارانە کرایە سەر من. ڕوونکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی مەعنەویی گەورە بوو بۆ من. ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی لە هەر شوێنێک بتوانم خزمەت بکەم، بۆیە ئەوەم وەکو پێشنیازێک وەرگرت و سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم.

**ڕووداو: دوایینجار کەی بارزانیت بینی؟**

**ئازاد جوندیانی:** دوای ئەوەی دەستم لەکارکێشایەوە چوومە خزمەتی و میوانداری کردم، زۆر بابەتمان پێکەوە باس کردووە، بەڵام تەرکیزمان لەسەر چۆنیەتی سەرخستنی ستراتیژی سەربەخۆیی بوو.

**ڕووداو: خەڵکێکی زۆری یەکێتی پرسیار دەکەن دەڵێن مەبەستی ئازاد جوندیانی لە ئیشکردن لەسەر سەربەخۆیی ئەوەیە ببێتە پارتی؟**

**ئازاد جوندیانی:** لە نامەکەدا بە ڕوونی باسم کردووە کە لەپێناوی ستراتیژی سەربەخۆیی کاردەکەم، بڕوا ناکەم ئێستا پێویستی بەوە هەبێت لەپێناوی سەربەخۆیی ببمە پارتی، بەڵام ئەگەر ڕۆژگارێک ڕۆڵی من ئەوە بوو لە پارتییەوە بچم کار بۆ سەربەخۆیی بکەم، ئامادەم بچم بیکەم، ئەگەر لەنێو یەکگرتووش بێت دەچم دەیکەم هەروەکو پێشتر لەنێو یەکێتی کردوومە. نە پارتی داوای لێکردووم ببمە پارتی، نەخۆشم دەمەوێ بچمەوە نێو مەعەممای حیزبی. لەبەر ئەوە نییە پارتیبوون عەیب بێت. هەزاران تێکۆشەری گەورە لەنێو پارتی هەن و هەزار تێکۆشەری گەورەش لە نێو پارتی سەریان نایەوە، لەوانە باوکم. بەڵام لەوانەیە ئەو خزمەتەی لە دەرەوەی حیزب دەتوانم بیکەم بۆ سەربەخۆیی، لەنێو حیزب نەتوانم بیکەم.

**ڕووداو: بابەتی دروستکردنی فەوج لەلایەن پارتییەوە بۆ تۆ چەند ڕاستە؟**

**ئازاد جوندیانی:** نزیکەی 500 خزمم لەنێو هێزەکانی یەکێتیدان، ئەوانە زۆریان حەزدەکەن شوێنیان بگوازنەوە، بە کورتییەکەی سیستەمی حیزبایەتی وایە، ئەوانە لە ڕێگای منەوە بوونەتە یەکێتی و پێشمەرگە و چەکداری یەکێتی، کە من لەنێو یەکێتی نەماوم، ئەوانیش حەز دەکەن بێنە شوێنێک لە منەوە نزیک بن.

**ڕووداو: بەهۆی وازهێنانی تۆ لە یەکێتی ئەوان ئازار نەدراون؟**

**ئازاد جوندیانی:** لەوانەیە شتی وا ڕوویدابێت، بەڵام خۆ من قاید فەیلەق نیم، ئەو هەموو چەکدارەم بۆ چییە. ڕەنگە تەنیا پێویستم بە 10 تا 15 کەس بێت ئەوپەڕی، ئەو پاسەوانانەی منیش کە خزمی خۆمن و لەگەڵ منن، ماوەی سێ مانگە لە یەکەی 70 مووچەکانیان بڕاوە بەداخەوە .

رووداو کوردستانی
ژمارە ( 457 ) - دووشەممە 2017/5/15



## کەبودوەند ئازاد دەکرێت

رووداو- هەولێر

محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندان ئازادکرا. کەبودوەند کە 10 ساڵ بوو لە زیندانەکانی ئێران بوو، رۆژی 2017/5/12 ئازادکرا. رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوام، یاسای "کۆکردنەوەی تاوانەکان" سەبارەت بە دۆسیەی ناوبراو بەکارنەبراوە، بەپێی مادەی 134ی یاسای سزای نوێ، لە ئەگەری کۆکردنەوەی تاوانەکاندا، تەنیا حوکمی 10 ساڵ زیندانی کەبوودوەند لەبەرچاو دەگیرێت و زیندانی شەش مانگەی ناوبراو لەبەرچاو ناگیردرێت و تەنیا بە دانی بارمتە بەشێوەی کاتی ئازاد دەکرێت".

**کورد لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێراندا بژارەیەکی ئەوتۆی نییە**

# روحانی دەڵێت 10 بەڵێنەکەی بە کوردی دابوو لەبیری نەکردووە

فوئاد حەقیقی
رووداو- هەولێر

رۆژی هەینیی داهاتوو، دەنگدەرانی ئێران روو لە بنکەکانی دەنگدان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی دوازدەهەمین سەرۆکی وڵاتەکەیان (دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979). بەربژێرانی هەڵبژاردنەکە کە بەسەر (ریفۆرمخواز و بنئاژۆخوان)دا دابەش بوون، ژمارەیان زۆر نییە، تەنیا شەش بەربژێرن. کورد لەم هەڵبژاردنەدا بژارەیەکی زۆری لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە رابردوو، هەمیشە بە وریاییەوە دەنگی داوە و دەنگەکەشی سەنگی مەحەک بووە.

### کورد یەکەم هەڵبژاردنی بایکۆت کرد

لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لەساڵی 1979 بە رابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، 11 خولی هەڵبژاردن بەڕێوەچووە، لەو 11 خولەدا 3743 کەس ناوی خۆیان بۆ هەڵبژاردن تۆمار کردووە، بەڵام تەنیا 145 بەربژێر لەلایەن ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوورەوە رێگەی خۆپاڵاوتنیان پێدراوە. تەنیا لە یەکەم خولی هەڵبژاردندا دەرفەت درا زۆرترین ژمارەی بەربژێرەکان لە رکابەریی هەڵبژاردندا بەشداریی بکەن. ئەو هەڵبژاردنە کە لە 1980/1/1 بەڕێوەچوو، 124 کەس ناویان تۆمار کرد و 96 کەس دەرفەتی بەشدارییان پێدرا. کورد لەو هەڵبژاردنەدا پشتگیری لە مەسعود رەجەوی، رێبەری رێکخراوی موجاهدینی خەلق دەکرد، بەڵام لەژێر گوشاری ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، رێی پێنەدرا بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، بۆیە کوردستان ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت کرد و کەمترین رێژەی بەشداریی هەبوو کە تەنیا 12.8% بوو.

خولی دووەمی هەڵبژاردن دوو ساڵ دواتر بەڕێوەچوو. لەو خولەدا ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور پێکهاتبوو. بۆیە فیلتەری گەورە لەسەر بەربژێرەکانی سەرۆککۆماریی دانرا. لە کۆی 71 کەس کە ناویان تۆمار کردبوو، تەنیا رێگە بە چواریان درا.

### "نا"ی کورد بۆ رەفسەنجانی

بە گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی رابردوو، جۆرێک لە هۆشیاریی هەڵبژاردن لەنێو دەنگدەرانی کورد بەدی دەکرێ. بۆ نموونە لە خولی شەشەمی هەڵبژاردندا کە لەساڵی 1993 بەڕێوەچوو، رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی" نا"ی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی هاشمی رەفسەنجانی دا. رەفسەنجانی لەڕووی ئابوورییەوە هیچ گرنگیی بە کوردستان نەدابوو. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا عەبدولڕەحمان قاسملوو و سادق شەرەفکەندی، رێبەرانی حیزبی دێموکرات تیرۆر کرابوون. بۆیە کوردستان دەنگی بە ئەحمەد تەوەکولی دا کە رکابەری رەفسەنجانی بوو.

ئەم شێوازە دەنگدانە بەمانایەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خولەکانی دیکەی سەرۆککۆماریشدا دووبارە بووەتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی 1997 و 2001 محەممەد خاتەمی دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی و کرانەوەی هەڵگرتبوو، بۆیە لە رۆژهەڵات دەنگیان پێدا.

لە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمدا لە ساڵی 2005 کە کەسانێکی وەکو هاشمی رەفسەنجانی و مەحموود ئەحمەدی نەژاد کاندید بوون، کورد دەنگی بە مەهدی کەڕووبی، کاندیدی ریفۆرمخواز دا. ئەو هەڵبژاردنە لە خولی یەکەمدا کەس دەنگی زۆرینەی نەهێنا. هاشمی رەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژاد چوونە خولی دووەم.

بەڵام لێرەش کورد بەشێوەیەکی مانادار کەمترین رێژەی بەشداریی لە دەنگدان هەبوو. ئەگەر پارێزگای سنە بە نموونە وەربگرین، لەو پارێزگایەدا یەک ملیۆن و 32 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام لە خولی دووەمدا تەنیا 257 هەزار و643 کەس دەنگیان دا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2009شدا کە مەحموود ئەحمەدی نەژاد (بنئاژۆخواز) بۆ جاری دووەم دەنگی هێنایەوە، کوردستان دەنگی بە میرحوسێن موسەوی (ریفۆرمخواز) دا.

ئەم رەوتە تا ئێستاش بەردەوامە. لەم خولەدا — خولی دوازدەیەم — 1636 کەس ناویان تۆمار کرد، بەڵام شیاویی 6 کەس پەسەند کرا. لەم خولەدا زیاتر لە هەموو خولەکانی دیکە، خەڵک ناوی خۆی بۆ هەڵبژاردن تۆمار کرد.

ئەم شەش کەسە بەسەر دوو بەرەی (ریفۆرمخواز و بنئاژۆخواز)دا دابەش دەبن. نەریتخوازەکان شتێکیان بۆ کورد نییە. ریفۆرمخوازەکانیش، مێژوویەکی چوار ساڵەی پابەندنەبوون بە بەڵێنەکانیان هەیە.

### سەرۆکێک بە تامی رێبەر

ئیبراهیم رەئیسی، محەممەد باقر قالیباف و مستەفا میرسەلیم لە بەرەی بنئاژۆخوازەکانن. بەڵام فۆکەسی میدیا، بە تایبەتی میدیای رۆژئاوا زۆرتر لەسەر سەید ئیبراهیم رەئیسییە بەوپێیەی بەرپرسی یەکێک لە گرنترین مەزارگەکانی شیعەیە (مەزارگەی ئیمام رەزا لە مەشهەد) کە لە ئێران بە (ئاستانی قودسی رەزەوی) ناسراوە. رەئیسی لە کەسانی نزیک رێبەری ئێرانە. هەروەها داواکاری گشتیی دادگای تایبەت بە (مەلاکان)ە کە بە دادگای روحانیەت ناسراوە.

رەئیسی کاتێک زۆر ناسرا کە وەک بەرپرسی مەزارگەی ئیمام رەزا دیاری کرا. ئەم مەزارگەیە وەک ئیمپراتۆرییەکی ئابووری دەناسرێ. نزیکەی 40 کۆمپانیای ئابووری هەیە. نیوەی شاری مەشهەد وەقفی مەزارگەکەیە، چەندین پرۆژەی لە بوارەکانی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، کولتووری، راگەیاندن، ئابووری و تەندروستی هەیە.

دەگوترێ رەئیسی رەنگە جێگرەوەی خامنەیی، رێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بێ. ئەو ئەگەرەش ئەوکاتە بەهێزتر بوو کە ناوی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی هاتە گۆڕێ. سەرەتا نەریتخوازەکان بەشێوازی جۆراوجۆر داوایان لێکرد خۆی کاندید بکات. دواتر "بەرەی جەماوەریی هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامی (جەمنا)" لە لیستی بەربژێرەکانیدا بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی دەستنیشانی کرد. جەمنا لە کەسایەتییە سیاسییە نەریتخوازەکان پێکدێ. گەورەترین هاوبەندی نەریتخوازییە.

رەئیسی کە لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی جەمنادا زۆرترین دەنگی هێنا. سەرەتا رەتیکردەوە کاندید بێت، بەڵام دواتر بە فەرمی خۆی کاندید کرد و گوتی سەر بە هیچ رەوتێکی سیاسی و باڵێک نییە.

چانسی رەئیسی بۆ بوون بە رێبەری داهاتووی ئێران کاتێک پتر دەبێ کە بتوانێ لە خولی دوانزەهەمینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا متمانەی ئێرانییەکان بەدەستبێنێ.

رەئیسی لە سەردەمی گەنجیدا و بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی لە دەسەڵاتی دادوەریدا بەرپرسیارێتی پێدرا. ئەو وەک یەکێک لە ئەندامانی گرووپی ناسراو بە "دەستەی مەرگ" دەناسرێ.

ساڵی رابردوو ئایەتوڵڵا مونتەزیری، جێگری خومەینی و مەرجەعی شیعە فایلێکی دەنگی بڵاوکردەوە کە رەئیسی و سێ کەسی دیکە بە کوشتاری هەزاران گیراوی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا تۆمەتبار دەکات. مونتەزیری ئەوان بە "تاوانبار" ناودەبات.

رەئیسی لە ماوەی رابردوودا سەردانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد. لەگەڵ کەسایەتییە ئاینییەکانی سوننە مەزهەب لە تاران کۆبووەوە، بەڵام ئەو داواکارییانەی کورد هەیەتی، لە بەرنامەی ئەودا نین.

"کار و کەرامەت" دروشمی هەڵبژاردنی رەئیسییە .ئەولە سنە باسی لە کێشە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، پشتگوێخراوی، گەندەڵی و پێویستیی چارەسەرکردنیان کرد. لە کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییە ئاینییە سوننەکانی سنە گوتی

**قاڵیباف کەمپەینی هەڵبژاردنەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستپێکرد**

**کەسایەتییەکی بنئاژۆخواز: جەماعەتی روحانی قسەیەکی نوێیان پێ نییە، بۆیە بنئاژۆخوازەکان دەتوانن دەنگی ریفۆرمخوازان ببەن**

"جیاوازی لە نێوان سوننە و شیعەدا نییە، ئەم خەڵکە شێوازی نووسینی خۆیان هەیە کە مافێکی خوداییە و بەپێی یاسای بنەڕەتی دەبێ شێوازی نووسینی تایبەت بە خۆیان هەبێت".

بەشێک لە لایەنە کاریگەرە نەریتخوازەکان پشتگیری خۆیان بۆ رەئیسی دەربڕیوە، لەوانەش کۆمەڵەی مامۆستاکانی حەوزەی عیلمیەی قوم، بەرەی پایەداری و کۆمەڵگای روحانیەتی خەباتکار.

### قاڵیباف لە رۆژهەڵاتەوە دەستپێیکرد

محەممەد باقر قاڵیباف، بەربژێرێکی دیکەی بنئاژۆخوازە و سەرۆکی شارەوانیی تارانە. قاڵیباف پێشتر فەرماندەی پۆلیس بووە و بە سەرکوتکردنی نارەزایەتی خوێندکارانی زانکۆی تاران لە ساڵی 1999دا بەناوبانگە.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا فەرماندە بووە. چالاکییە سەربازییەکانی لە سوپای پاسداراندا لە پارێزگای سنەوە دەستپێکردووە.

قاڵیباف چوار هەفتە لەمەوبەر لە ئیلام و کرماشانەوە هەڵمەتی بانگەشەکانی دەستپێکرد. لە ئیلام گوتی "بەمجۆرە ویستوومە بە پارێزگا پشتگوێخراوە سنوورییەکان بڵێم ئەگەر ببمە سەرۆک کۆمار، کارەکانم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە پشتگوێخراوەکان لەم ناوچانەوە دەستپێدەکەم".

لە دوو دیبەیتی بەربژێرەکانی سەرۆککۆماریدا گوتی: "گەلان و ئاینەکان مافی هاوڵاتیبوونیان هەیە و دەبێت هەشیانبێت. من خۆم کە لە پۆلیسدا بووم، چەندین فەرماندەم لە بەرزترین ئاستەکاندا، هەر لە کوردستان لە خەڵکی عەزیزی کورد و سوننەمەزهەب دانا. ئێستاش لە شارەوانیی تاران ژمارەیەکی زۆر لە هەموو گەلان، لە دین و ئایینە جیاوازەکان کار دەکەن".

بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە راستی و دروستیی ئەو قسانەی قاڵیباف بسەلمێنێت.

سەید مستەفا میرسەلیم، لەلایەن حیزبی موئتەلیفەی ئیسلامییەوە کاندید کراوە. ئەم حیزبە لە چەند هەڵبژاردنێکی رابردوودا بەربژێریان هەبووە، بەڵام قەت دەنگیان نەهێناوە.

میرسەلیم لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ئایەتوڵڵا خامنەیی، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆککۆماری و راوێژکاری باڵای بووە. لە سەردەمی سەرۆککۆماریی هاشمی رەفسەنجانیدا، وەزیری کولتوور بووە.

میرسەلیمیش دروشمەکانی لە بواری ئابووریدا چڕکردووەتەوە و بەلای مافی گەلانی ئێران و مافەکانی کورددا نەچووە.

بنئاژۆخوازەکان حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو نەبووە و کارێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەکردووە، بۆیە هیوادارن خەڵک دەنگیان پێ بدات.

د.محەممەد قەدەمی، کەسایەتیی نەریتخواز کە ناویشی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری تۆمار کرد و رەتکرایەوە، دەڵێ: "جەماعەتی روحانی قسەیەکی نوێیان پێ نییە، بۆیە بنئاژۆخوازەکان دەتوانن دەنگەکانی ریفۆرمخوازان بۆ لای خۆیان راکێشن، بەو مەرجەی بە زمانی خەڵک قسە بکەن".

بەڵام شارەزایانی سیاسی بۆچوونێکی دیکەیان هەیە و دەڵێن "رۆژهەڵاتی کوردستان پێگەی نەریتیی ریفۆرمخوازانە و ئەستەمە دەنگ بە بنئاژۆخوازەکان بدەن".

لوقمان ستوودە، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح، دەڵێ "هەر ئەوە کە شوناسی پەراوێزخراوەکان هاتووەتە نێو باسوخواسی هەموو رەوتەکانەوە، شتێکی ئەرێنییە، ئەم پرسە لە ساڵی 1997وە گوتاری ریفۆرخوازان بووە و قەت لە هزری بنئاژۆخوازەکاندا نەبووە، بۆیە شتێکی باشە".

بەگوتەی ستوودە، خەڵک کارکردن هەڵدەسەنگێنن و تەنیا لەسەر بنەمای بژێوی و رەوشی ئابووری دەنگ نادەن "خەڵک هۆشیارن و پێموانییە بە چەند دروشمی ئابووری بۆچوونیان بگۆڕدرێ".

ستوودە پێیوایە ئەگەر نەریتخوازەکان بیانەوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگ بهێنن، دەبێت دروشمێک بەرز بکەنەوە کە خەڵک هەست بکەن "ئینکار" ناکرێن، بۆ نموونە دەبێت جێگرێکی سوننەی کورد، بەڵام متمانەپێکراوی خەڵک دەستنیشان بکەن، تاوەکو کاریگەریی هەبێت.

پاڵێوراوە نەریتخوازەکانی خولی دوازدەیەمی سەرۆککۆماریی ئێران بانگەشەکانیان لە بواری ئابووریدا چڕکردووەتەوە. داکۆکی لە خەڵکی کەم داهات و هەژار دەکەن. بەڵێنی رەخساندنی چەندین ملیۆن دەرفەتی کار دەدەن. هەروەها دەڵێن یارانە (کە ئێستا بۆ هەر کەسێک نزیکەی 15 دۆلارە) چەند قات زیاد دەکەن، بەڵام شارەزایانی ئابووری پێیانوایە، دانی ئەو برە یارانەیە بۆ ئابووری کێشە خوڵقینە و جگە لەوەش حکومەت ناتوانێ پارەکەی دابین بکات.

### سەرۆکێکی بێ بەڵێن بەرامبەر کورد

ریفۆرمخوازەکانیش سێ بەربژێریان هەیە: حەسەن روحانی، بەربژێری سەرەکیی ریفۆرمخوازان، ئیسحاق جەهانگیری و سەید مستەفا هاشمی تەبان.

حەسەن روحانی چوار ساڵ لەمەوبەر بە دروشمی تەدبیر و هیوا، توانی 50%ی دەنگی گەلانی ئێران بەدەستبێنێ. زۆرینەی دانیشتووانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگیان بە روحانی دا. لە پارێزگای سنە 71%ی دەنگەکانی بردەوە. ئەگەر کورد دەنگی بە روحانی نەدابا، ئێستا سەرۆک کۆمار نەدەبوو.

حەسەن روحانی تا ئێستا تاکە سەرۆککۆماری ئێران بووە کە لە بەیاننامەیەکی 10 ماددەیدا، کۆمەڵێک بەڵێنی بە نەتەوەکانی ئێران دا. ئەمە دەنگی نەتەوەکانی ئێرانی لە سەبەتەی روحانی هاویشت.

بەڵام روحانی پابەندی هەموو بەڵێنەکانی نەبوو. ئەو بەڵێنی دابوو کە پۆستە هەرە باڵاکان — تەنانەت تاوەکو ئاستی وەزیریش — بە کەمینەکان بدرێ. لەنێو کوردە سوننە مەزهەبەکاندا تەنیا کوردێک بە جێگری وەزیری نەوت دانرا. هەروەها بۆ یەکەمجار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا باڵیۆزێکی کوردی سوننی مەزهەب دەستنیشان کرا.

بەپێی بەڵێنەکانی روحانی، دەبووایە خەڵکی نەتەوەکانی دیکە لە ناوچەکانیان بەرپرسیارێتی وەربگرن، بەڵام سێ ساڵ لەمەوبەر لە کاتی ناساندنی پارێزگاری نوێی سنە، وەزیری ناوخۆی ئێران گوتی: زۆری هەوڵداوە کەسێکی خەڵکی ئەوێ وەکو پارێزگار دیاری بکات، بەڵام کەس نەبووە شیاوی ئەو پۆستە بێت.

چوارەم بەڵێنی روحانی تایبەت بوو بە خوێندن بە زمانی دایک، بەڵام ئەو بەڵێنە لە قوتابخانەکان جێبەجێ نەکرا، تەنیا لە زانکۆی کوردستان لە سنە بەشێک بە ناوی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرایەوە و ئەوە دوو ساڵە خوێندکار وەردەگرێ.

بەڵێنی پاراستنی مافی کەمینە ئاینییەکان درابوو، بەڵام یارسانەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا زۆر نارازین و دەڵێن جیاکاری لە دژیان دەکرێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ. لە تاران هێشتا سوننەمەزهەبەکان مزگەوتیان نییە.

بڕیاربوو ژێرخانی ئابووریی ناوچەکانی کوردستان ببوژێنرێتەوە و بودجەی تایبەت بۆ قەرەبووکردنەوەی ناوچە پشتگوێخراوەکان تەرخان بکرێ. بەڵام بێکاری هێشتا کێشەی سەرەکیی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

بڕیار بوو جێگرێک بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی روحانی دابنرێ، بەڵام جێگر هەر دانەنرا، یاریدەدەرێک بۆ پرسی نەتەوەکان و کەمینە ئاینییەکان دانرا کە پێشتر وەزیری ئیتلاعات بووە، ئەوەش جێی نارەزایەتی چالاکڤانان بوو. ئەو لە چەند ساڵی رابردووشدا، جگە لە هەندێ دانیشتن لەگەڵ چالاکڤانانی نەتەوەکان، کارێکی دیکەی نەکرد.

روحانی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا گوتوویەتی: هەموو بەڵێنەکانی لەبیر ماوە. بەشێک لە چالاکڤانانی کوردیش دەڵێن بژارەیەکی باشتر لە روحانی نییە و پشتگیریی دەکەن. بەشێکیان دەڵێن: بە مەرج پشتگیری دەکەن و دەڵێن ئەو بەڵێنانەی پێشتر بە کوردی دابوو، جێبەجێی بکات. بەشێکیش بەجێی هیوای نازانن.

### جەهانگیری.. سێبەری روحانی

ئیسحاق جەهانگیری، بەربژێرێکی ریفۆرمخوازە و جێگری حەسەن روحانییە. لە دوایین ساتەکاندا ناوی تۆمار کرد. کەسایەتییە ریفۆرمخوازەکان دوای چەند رۆژێک توانییان رازی بکەن ناوی خۆی تۆمار بکات. هەتا ئێستاش دەگوترێ بۆ پاڵپشتی لە حەسەن روحانی خۆی کاندید کردووە. بۆ ئەوەی حەسەن روحانی لە بەرامبەر هێرش و رەخنەکانی نەریتخوازەکاندا تەنیا نەبێت. لە دیبەیتەکانی هەڵبژاردنیشدا زۆرتر داکۆکی لە کارەکانی حکومەت کردووە.

دروشمی هەڵبژاردنی جەهانگیری "ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان"ە. ئەو دەڵێ "نابێت نەتەوەکان وەک هەڕەشە ببینین".

دوایین کاندیداش سەید مستەفا هاشمی تەبایە کە بەربژێرێکی دیکەی ریفۆرمخوازە و کاندیدێکی لاوازە.

ئەو لە بانگەشەکانی سەرۆککۆماریدا نەیتوانیوە کەسایەتییەکی وا لەخۆی نیشان بدات کە دەنگ بهێنێ. لە کەمپینەکانیدا زیاتر جەخت دەکاتە سەر پرسە ژینگەییەکان.




حەسەن روحانی تا ئێستا تاکە سەرۆککۆماری ئێران بووە کە لە بەیاننامەیەکی 10 ماددەیدا، کۆمەڵێک بەڵێنی بە نەتەوەکانی ئێران دا (فۆتۆ: AFP)

## یەکەمین کچە فڕۆکەوانە لە کوردستان و عێراق

# کچە کوردە فڕۆکەوانەکە لە کوردستان کاری دەست نەکەوت



دیمەن بورهان
ڕووداو – هەولێر

لەگەڵ دەنگی تانک و فڕۆکە و بۆردومانی شارەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هاتە دونیاوە، بەڵام ئێستا بووەتە یەکەم کچە کورد کە فڕۆکە لێبخوڕێ.

وەرتێ ئەبوبەکر عەلی، 26 ساڵ، لەگەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەخێزانێکی ناوداری شارەکە لەدایک بووە و 23 ساڵیشە لە دانیمارک دەژی، لەوێ توانیویەتی خوێندن لەبواری فڕۆکەوانی شارستانی تەواو بکات.

وەرتێ لەکاتی کۆڕەوەکەی 1991 لەدایک بووە ئەوکاتەی خێزانەکەی ئاوارەی ناوچەی وەرتێ ببوون. ئەو لەبارەی ناوەکەی دەڵێت "دڵسۆزیی خەڵکی وەرتێ بەتایبەت پیرەژنێک کە نانی پێداوین، سەرنجی دایکم و باوکمی ڕاکێشاوە، بۆیە ناویان ناوم وەرتێ".

گوتیشی "ناوەکەی خۆمم زۆر پێخۆشە و خەڵک زۆر پرسیاری ناوەکەم دەکەن و پێیان جیاوازە".

باوکی وەرتێ پێشمەرگەیە و کاتێک تەمەنی وەرتێ دەبێتە ساڵێک، بەهۆی بارودۆخی خراپی ئەوکات کوردستان بەجێدەهێڵن و لە دانیمارک نیشتەجێ دەبن. خولیای فڕۆکەوانی هەر لە منداڵییەوە دەچێتە سەری وەرتێ. خۆی دەڵێت "منداڵ بووم کاتێک مامۆستا لێی دەپرسیم خولیات چییە؟ دەمگوت فڕۆکەوانی، زۆر حەزم لە فڕین بوو، بەردەوام وێنەی ئاسمانم دەکێشا".

خێزانی وەرتێ بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان دەدەن، بەڵام وەرتێ هەر لە دانیمارک دەمێنێتەوە "ماڵی دایکم گەڕانەوە کوردستان و بەتەنیا لە دانیمارک درێژەم بە خوێندن دا، تا هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا لە کۆلێژی پەروەردەی فڕۆکەوانی لە کۆپنهاگن بخوێنم، بەڵام خوێندنەکەم بۆ فڕۆکەی بچووک بوو نەوەک گەورە، زۆریش هەوڵم دا و شەونخونیم کرد تا ئامانجەکەم بهێنمەدی". دەشڵێت "لە دانیمارک تەنیا فڕۆکەی بچووکم لێخوڕیوە، خولیای ئەوەم هەبوو بە فڕۆکەی گەورە بە ئاسمانی شارەکانی بەغدا و هەولێر و سلێمانیدا بفڕم، بۆیە گەڕامەوە کوردستان".

وەرتێ دوو ساڵ لەمەوبەر، خوێندنی لەکۆلێژی هێڵی ئاسمانی فڕۆکەوانی دانیمارکی (Copenhagen Airtaxi College of airline pilot Education Denmark) تەواو کردووە، دواتر بەدوای کاردا گەڕاوە بەڵام لە کوردستان هەلی کاری بۆ نەڕەخساوە، بۆیە چووەتە بەغدا.

وەرتێ گوتی "زۆر حەزم کرد لە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی لە کورستان دابمەزرێم، بەڵام کەسیان نەویست و کەسیش پێشنیازی کاری بۆ نەکردم. دواتر هەلی کارم لە بەغدا بۆ ڕەخسا لە کۆمپانیای Iraqi Ariways ماوەی چەند مانگێکی خایاند تاوەکوو کاروباری دامەزراندن تەواو بوو، ماوەی ساڵێکە دامەزراوم، لەگەڵ کوڕێک بەناوی عەلی کە عەرەب بوو، نێردراین بۆ کۆرسی لێخوڕینی فڕۆکەی گەورە لە دوبەی، ماوەی 50 ڕۆژ وانەمان خوێند، زۆر هەوڵمان دا تا بە پلەی زۆر باشە توانیمان بگەڕێینەوە بەغدا".

وەرتێ یەکەم گەشتی ئاسمانی بە فڕۆکەی گەورە بەرەو قاهیرە ئەنجام دەدات "لە 11/5 یەکەمین گەشتی ئاسمانیم بە فڕۆکەی گەورە دەستی پێکرد، بە پانتۆڵێکی شین و کراسێکی سپی و بۆینباخێکی شینی تۆخ و کەمێک ماکیاژی سادە، بە 145 سەرنشینەوە بۆ قاهیرە فڕیم، سوپاس بۆ خوا یەکەم گەشتم بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، بەهۆی کەشوهەواوە چوونمان سێ کاژێر و پێنج خولەکی خایاند، بەڵام لە هاتنەوەمدا بە دوو کاژێر و پێنج خولەک گەیشتینەوە".

ئەمڕۆ دووشەممە، وەرتێ ئەبوبەکر دووەم گەشتی بە فڕۆکەی گەورە دەکات "ئەمڕۆ گەشتی دووەمم دەستپێدەکات بۆ دوبەی و زۆربەی کەناڵە عەرەبییەکان لە فڕۆکەخانە ئامادە دەبن". وەرتێ وەک یەکەمین کچە کورد لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان توانی ببێت بە فڕۆکەوان. ئەو دەڵێت "دەخوازم کچان چاوم لێبکەن و هەوڵ بدەن، چونکە هیچ شتێک مەحاڵ نییە".

# ئیندۆنیزیا قیبلەی گەشتیارانی دنیا

سەنگەر عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

گەشتێکی 10 کاژێریمان بە فڕۆکە لە بەردەمە و دەبێت هەزاران کیلۆمەتر بۆ گەیشتن بە جاکارتای پایتەختی ئیندۆنیزیا ببڕین. ئامانجەکەش بەشداریکردنە لە بیستەمین خولی ڕۆژی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەجیهان.

ئیندۆنیزیا کە بە زیاتر لە 17 هەزار دوورگە و 240 ملیۆن دانیشتووەوە گەورەترین وڵاتی بە ئاین موسوڵمانە، یەکێکە لە وڵاتە گەشتیارییەکانی جیهانیش، دیمەنی سەرنجڕاکێشی ئەو دەیان هەزار دوورگەیەی ئیندۆنیزیا پێکدێنن، ساڵانە نزیکەی 15 ملیۆن گەشتیار لە سەرانسەری جیهانەوە ڕادەکێشن.

### گەندەڵی لە ئیندۆنیزیا

گەندەڵی لە دامودەزگاکانی حکومەت، دەردێکە کە ئیندۆنیزییەکان پێوەی دەناڵێنن، لوقمان قادر کە موسوڵمانێکی دانیشتووی جاکارتایە، دەڵێت "لە وڵاتەکەم گەندەڵی بەشێوەیەکی بەربڵاو لە گەشەدایە، لە میدیاکانەوە دەست پێدەکات تاوەکوو دەزگاکانی حکومەت".

لە نێو وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئیندۆنیزیا یەکێکە لە ئابوورییە بەهێزەکانی ناوچەکە، بەڵام وەک لوکی یوسف دەڵێت، هەمووان تامی ئەو ئابوورییە بەهێزە ناکەن. لوکی کە چالاکڤانێکی سەر بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسییە لە جاکارتا، دەڵێت "گەندەڵی لە ئیندۆنیزیا بڵاوە، بەتایبەتی لە جاکارتا کە هەموو کەس دەزانێت بەدەست گەندەڵییەوە گیرۆدە بووە، بە تایبەتی لە دابەشکردنی زەویدا گەندەڵییەکی زۆر هەیە، لە دوو مانگی ڕابردوودا، زۆربەی بەرپرسەکان زەوی گرانبەهایان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد".

مانگی ڕابردوو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ئیندۆنیزیا بەڕێوەچوو، ئەنیس باسویدان بە حاکمی نوێی جاکارتا هەڵبژێردرا، باسویدان کە بەڵێنی دژایەتی گەندەڵی بە خەڵکی جاکارتا دا، 55%ی دەنگەکانی هێنا.

باسویدان پلانەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "پێویستە سیستەمی مووچە ڕێکبخەینەوە، تاوەکو هەموو کەس بە قەد ماندووبوونی پارەی پێبدرێت، ئەوکاتە کەمترین گوشار لەسەر بودجەی گشتی دروست دەبێت، پێویستە یاسایەکی توند بۆ بەهەدەردانی پارە دەربکەین، نابێ چاوپۆشی لەوانە بکەین کە گەندەڵی دەکەن".

### گەشتیار.. سەرچاوەیەکی پڕ داهات

خەزێنەی ئیندۆنیزیا لە چوار سەرچاوەی جیاوازەوە پارەی بۆ دێت، پیشەسازی، کشتوکاڵ، وزە و گەشتیاری. بەڵام کەرتی گەشتیاری لە هەمووان زیاتر پارە دێنێتە وڵات.

ساڵانە چەندین ملیۆن گەشتیار لە سەرانسەری دونیاوە سەردانی دوورگە سەرنجڕاکێشەکانی ئیندۆنیزیا دەکەن، دوورگەی بالی ژمارە یەکی ناوچە گەشتیارییەکانی ئیندۆنیزیایە، هەم لەڕووی جوانی و سەرنجڕاکێشیی سروشتەکەیەوە، هەم لەڕووی ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی دەکەن.

ڕووبەری دوورگەی بالی نزیکەی شەش هەزار کیلۆمەتر دووجایە و لە 8 پارێزگا پێکهاتووە. ژمارەی دانیشتووانەکەشی نزیکەی 5 ملیۆنە.

### وڵاتی ئاینە جیاوازەکان

نزیکەی 87%ی دانیشتووانی ئیندۆنیزیا موسوڵمانن، ئەوەش کردوویەتیە گەورەترین وڵاتی دنیا کە زۆرترین موسوڵمانی تێدا دەژی، بەڵام ئەوە وای نەکردووە ئایینەکانی دیکە قەدەغەکراو بن، بوزی و هیندۆسی و مەسیحیش لە ئیندۆنیزیا پەرستگای خۆیان هەیە و بە ئازادی سرووتە ئایینییەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، هەمووان پێکەوە و لە جوگرافیای ئیندۆنیزیادا بە ئاشتی بێ کێشە دەژین.

ناوچەی کوتا لە باشووری بالی، هاوشێوەی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئیندۆنیزیا لە تێکەڵەیەکی ئاینی پێکهاتووە، بەڵام زۆرینەیان هیندۆسن کە 75%ی دانیشتووانی دوورگەکە پێکدەهێنن و موسڵمانان 10% و مەسیحییەکان 10% و بوزییەکانیش 5%ی دانیشتووانی بالی پێکدێنن.

ئاین بەشێکی گرنگی ژیانی بالییەکان پێکدێنێ، زۆربەی ماڵە هیندۆسەکان پەیکەرێکیان بە خانووەکانیانەوە هەڵواسیوە کە بە خودای خۆیانی دەزانن. لەگەڵ خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا لێی دەپاڕێنەوە و داوای ڕزق و ڕۆزی ڕۆژی لێدەکەن.

هەموو ناوچەکانی دوورگەی بالی بە تۆڕێک لە شەقامە قیرکراوەکان بەستراونەتەوە و بەنێو دارستان و سەوزاییدا کێشراون. سەوزاییەک کە هەرگیز گەڵاوەرین بەخۆوە نابینێ، چونکە ئەم ناوچەیە کەمەرەییە و کەشوهەوایەکی نیمچە جێگیری هەیە.

لەساڵی 2002 و دواتر لە ساڵی 2005، دوورگەی بالی ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆرستان بووەوە و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار کوژران. بەڵام ئەو تەقینەوانە کاریگەریان لەسەر کەمبوونەوەی گەشتیاران نەبووە و ساڵ بەساڵ ژمارەی گەشتیاران بۆ دوورگەکانی ئیندۆنیزیا زیاد دەکات.

پێشبینی دەکرێت ژمارەی گەشتیاران بۆ ساڵی 2017 بگاتە 15 ملیۆن کەس کە 40%ی ئەو ژمارەیە ڕوو لە دوورگەی بالی دەکەن.



# پڕۆژەی دەنگدانی ئەلیکترۆنی دەدرێتە حکومەت

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

پڕۆژەیەک لەبارەی دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی دەدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، شارەزایەکی بواری ئاسایشی زانیاریش دەڵێ "دەتوانین لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە گشتپرسی بکەین".

د.عەبدولڕەحمان میرانی، کە ئەزموونی زیاتر لە 15 ساڵ کارکردنی لە بەڕێوەبەرایەتی و ڕاوێژکاریی ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری و تۆڕی ئینتەرنێتدا هەیە، پڕۆژەیەکی داوەتە حکومەت بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی. میرانی بە (ڕووداو)ی گوت "پڕۆژەکەی ئێمە دروستکردنی سیستەمی بایۆمەتری ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەییە کە تێیدا سەرجەم زانیارییە کەسییەکان، وێنەی، گرووپی خوێن، DNA و سیفەتی هاووڵاتیانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان داخڵ دەکرێت و ڕاستەوخۆ بە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆوە دەبەسترێتەوە بە ئاگاداری ئاژانسەکانی دیکەی ئەمنی وەکو ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان".

بەپێی پڕۆژەکەی میرانی، هەر هاووڵاتییەک کە لە بایۆمەتری تۆمار دەکرێت ژمارەیەکی نەتەوەیی دەدرێتێ کە بەهۆیەوە لە هاووڵاتییەکی دیکە جیادەکرێتەوە.

پڕۆژەکە 5 تا 10 ملیۆن دۆلاری دەوێت

د.عەبدولڕەحمان میرانی باسی سوودەکانی ئەو سیستەمە دەکات و دەڵێت بۆ زانین و ئاگاداربوونی حکومەتە لە جموجۆڵی خەڵک و بەکارهێنانی لە بواری پاراستنی ئاسایش و بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن و پرۆسەکانی گشتپرسی و دەڵێ: "ڕاستە بەشێک لە ئازادیی تاکەکان کەم دەکاتەوە، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایش گرنگە".

بەبۆچوونی ئەو شارەزایە، ئەم پڕۆژەیە 3 تاوەکوو 5 ساڵ کاتی پێویستە و نزیکەی 10 ملیۆن دۆلاریش تێچووەکەیەتی.

بایۆمەتری هاوکاریی پرۆسەکە دەکات

میرانی دکتۆرای لە بواری "Cyber Security" لە زانکۆی نوتینگهام لە بەریتانیا وەرگرتووە. وەک ئەو دەڵێت: "بەو سیستەمە ئێمە دەگەینە دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی، بۆیە دەتوانی بۆ هەڵبژاردن و گشتپرسی سوودی لێوەربگرن، سیستەمەکە خێرایە و دەستکاری ناکرێت و مەترسی هاککردنیشی لەسەر نییە".

بەپێی قسەی سەرکردە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بێت، لە پایزی ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان گشتپرسی بەڕێوەدەچێت، بە بۆچوونی د.عەبدولڕەحمان میرانی، پرۆسەی بایۆمەتری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، هاوکاریی پرۆسەکەی ئەوان دەکات. ئەو گوتی "ئەگەر ئێمە ژوورێکی عەمەلیات دروستبکەین، نزیکەی هەزار کەس کاری تێدا بکات لە 3 تاوەکو 6 مانگ دەتوانین زانیاری تەواو لەسەر هەموو ئەو کەسانە کۆبکەینەوە کە مافی دەنگدانیان هەیە، چونکە ئەوانەی کە ماون لە سیستەمی بایۆمەتری فەرمانبەران کەمن و دەتوانین سوود لەو بایۆمەترییە وەربگرین. ئەو خەڵکانەی بایۆمەترییان کردووە پێویست ناکات دووبارەی بکەنەوە".

میرانی ساڵی 1991 چووەتە سوێد و لە ساڵی 2001ەوە لە بەریتانیا نیشتەجێیە، بڕوانامەی ماستەری بە پلەی شەرەف لە ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری IT Security لە زانکۆی وێستمینستەر لە لەندەن بەدەستهێناوە. لەبارەی گشتپرسییەوە زیاتر قسە دەکات و دەڵێ "پرۆسەی دەنگدان بە ئەلیکرۆنی دەبێت، هەر کەسێک پەنجەمۆری خۆی دەبێت، ئەم پرۆسەیە مافی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات یاخود بەرەی بەڵێ و نەخێر دەپارێزێت، چونکە دەتوانین سیستەمێک بهێنین، کە لێزەرێکە ژێر پێستی پەنجەی ئەو کەسانە بخوێنێتەوە کە دەنگ دەدەن، بوونی ژمارە یان کۆدەکەش گرێنتی ڕێگرتنە لە تەزویر".

ئەو شارەزایە ڕەخنە لە دانانی کەسانی بیانی لە پێگەکانی بڕیاردان لە سیستەمی ئەلیکترۆنی لە کوردستان دەگرێت و دەڵێت "کەسانی بیانی دەبێت تەنیا ڕاوێژیان پێ بکرێت نەک بڕیار لەسەر سیستەمی ئەلیکرۆنیی کوردستان بدەن، چونکە ئەم سیستەمە مەترسی دزەپێکردنی زانیاری هەیە، ئەوانەی لە کوردستان بوونەتە بڕیار بەدەست لە سیستەمی ئەلیکترۆنی، لایەنگری ئەم وڵاتە نین، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە".

د.عەبدولڕەحمان میرانی دامەزرێنەر و سەرۆکی سەنتەری میللیی کوردە بۆ لێکۆڵینەوە و ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری KNCIS لە لەندەن کە لە ساڵی 2007 دامەزراوە، ئەو ڕەخنە لە فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت کە نەیتوانی حکومەتی ئەلیکترۆنی دروست بکات. میرانی دەڵێ: "پارەی زۆر لە بواری حکومەتی ئەلیکترۆنی خەرج کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا 30%ی بەرهەمەکەی نەبووە، چونکە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە کاری تێدا نەکراوە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 457 ) – دووشەممە 2017/5/15



## 99%ی پرۆسەی بایۆمەتری مووچەخۆرانی مەدەنی تەواوبووە

**ڕووداو– هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە 99%ی مووچەخۆرانی مەدەنی ناوی خۆیان تۆمارکردووە و کەرتی سەربازیش لە قۆناخی کۆتایی دایە. رۆژی 2017/5/14 بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. قوباد تاڵەبانی، پوختەیەکی دەربارەی هەنگاو و قۆناخەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی سیستەمی بایۆمەتری پێشکەشکرد گوتی :" 99%ی مووچەخۆرانی مەدەنی ناوی خۆیان تۆمارکردووە".



### پێشبینی دەکەن نرخی بەرز ببێتەوە

# جووتیارانی کوردستان روو دەکەنە چاندنی جۆ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دەڵێت بەهۆی دواکەوتنی پارەی گەنمی جووتیاران و دابەزینی نرخی گەنم و خواست لەسەر جۆ، ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارانی کوردستان روویان لە چاندنی جۆ کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە چوار ساڵی رابردوودا بەرهەمی جۆ لە هەڵکشاندا بووە و لە 145 هەزار تۆنەوە بۆ 209 هەزار تۆن زیادی کردووە، بەڵام ئەم زیادبوونە لەگەڵ خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمی جۆ کە ساڵانە نزیکەی 600 هەزار تۆنە، یەکناگرێتەوە، بۆیە ساڵانە نزیکەی 400 هەزار تۆن لە دەرەوە دەهێنرێ.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "بەهۆی دابەزاندنی نرخی وەرگرتنی گەنم لە 792 هەزارەوە بۆ 560 هەزار و وەرنەگرتنی تەواوی بەرهەمی جووتیاران، هەروەها دابەشکردنی پارەکەی بەشێوەی پچڕ پچڕ، ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران روویان لەچاندنی جۆ کردووە، پێشبینی دەکەین ئەمساڵ بەرهەمی جۆ روو لە هەڵکشان بکات".

پێشتر وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە چوارچێوەی بەبازاڕکردنی گەنم، ساڵانە بڕێک لە جۆی جووتیارانی دەکڕییەوە، بەڵام لە ساڵی 2014 بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران کڕینەوە و بەبازاڕکردنی جۆی جووتیاران خرایە ئەستۆی وەزارەتی کشتوکاڵ. ساڵی 2014 وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کڕینەوەی جۆی جووتیارانی بە نرخی پاڵپشت دایە کۆمپانیای (مابین النهرين) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەتە، لە بەرامبەر کڕینەوەی هەر تۆنێک 17%ی پارەی کڕینەوەکەی دەدایە کۆمپانیاکە، واتە ئەگەر 100 تۆن جۆ بکڕێتەوە، پارەی 17 تۆنی بۆ کۆمپانیاکە دەبێت. بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بەو مەرجەی حکومەتی عێراق رازی نەبوون، بۆیە لەساڵی 2014 خۆیان نزیکەی 23 هەزار و 300 تۆن جۆیان لە جووتیاران بەهەمان نرخی بەغدا کە 572 هەزار دینار بوو کڕییەوە، دواتریش جۆیەکە بە پاڵپشتی 50% بەسەر ئاژەڵداراندا دابەشکرا.

بڕیار بوو ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی کشتوکاڵ جۆی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بە نرخی پاڵپشت ناکڕێتەوە.

فاروق عەلی دەڵێت: "بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی کڕینەوە، ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵی رابردوو هیچ پلانێکمان بۆ کڕینەوەی جۆ نییە، بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی خواستی زۆر لەسەری، نرخی زۆر دانەبەزیوە".

جۆ بەروبوومێکی زستانەیە و بە یەکێک لە گرنگترین بەروبوومە ئالیکی و دانەوێڵەییەکان دادەنرێت. لەجیهاندا بەشێوەیەکی چڕ لە ناوچە نیمچەکەمەرەیی و مامناوەندەکان دەچێنرێت، لەکۆندا وەک خۆراکی مرۆڤیش بەکاردەهات، بەڵام ئێستا زۆرتر بۆ ئاژەڵ بەکاردێت.

عوسمان هەمزە، جووتیارێکی گوندی پالانیانی سنووری ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێرە. پێشتر تەنیا گەنمی دەچاند، بەڵام ئەمساڵ زۆربەی زەوییەکەی کردووە بە جۆ. عوسمان دەڵێت "دوو ساڵە حکومەتی عێراق جگە لەوەی تەواوی بەرهەمەکەمان لێ ناکڕێتەوە، پارەکەیشمان بە پچڕپچڕی دەداتێ، بۆیە ئەمساڵ بڕیارمدا لە جیاتی گەنم، جۆ بچێنم".

عوسمان بەری رەنجی ئەمساڵی دووریوەتەوە و دەڵێت "200 دۆنم زەویم کرد بە جۆ، نزیکەی 80 تۆن بەرهەمی هەبوو".

عوسمان و ئەو جووتیارانەی لە هەرێمی کوردستان ئەمساڵ جۆیان چاندووە، ناچارن بەنرخی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمەکەیان بفرۆشن، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ بودجەی بۆ کڕینەوەی جۆ دابین نەکردووە، حکومەتی عێراقیش، ئامادە نییە جۆی جووتیارانی کوردستان بکڕێتەوە.



هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 600 هەزار تۆن جۆیە و 400 هەزار تۆنی هاوردە دەکات

مانگی رابردوو حکومەت عێراق نرخی کڕینەوەی جۆی جووتیارانی عێراقی ئاشکرا کرد، بۆ هەر تۆنێک 420 هەزار دیناری داناوە، ئەو نرخەش بەراورد بەو نرخەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، نزیکەی 100 بۆ 120 هەزار دینار زیاترە.

عوسمان کە هێشتا زیاتر لە 30 ملیۆن دینار پارەی گەنمی دوو ساڵی رابردووی لەلای حکومەتی عێراق ماوە، دەڵێت "راستە گەنم پارەی باشتر دەکات، بەڵام پارەکەی دەبێت بە قەرز، بۆیە ئەگەر جۆیەکەم بەنیوەی نرخی گەنم بفرۆشم، هێشتا پێمباشترە، چونکە راستەخۆ پارەکەی دێتە گیرفانم".

ساڵانە لەگەڵ دروێنەی جۆ و گەنم، نووسینگەکانی کڕینەوەی دانەوێڵە دەکەونە جموجۆڵ بۆ کڕینەوەی جۆ و گەنمی جووتیاران. بەگوێری خواست و ئەو کێبڕکێیەی لەنێوانیاندا هەیە، نرخی کڕینەوەی دانەوێڵە دیاری دەکرێت.

حاجی عوسمان مەولود، خاوەنی نووسینگەی لادێ بۆ فرۆشتنی گەنم و جۆ و عەلەف لەشاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت: "نرخی کڕینەوەی جۆی ئەمساڵ بەگوێرەی قەڵەوی و کوالیتییەکەی لەنێوان 300 تاوەکو 320 هەزار دینارە، جۆی ئەمساڵی ناوچەی قەراج لەجۆی هەموو ناوچەکانی دیکە باشترە، بۆیە هەر تۆنێکمان بە نزیکەی 320 هەزار دینار کڕیوەتەوە".

حاجی عوسمان ساڵانە لە وەرزی دروێنەدا نزیکەی 500 تاوەکو 750 تۆن جۆ لە جووتیاران دەکڕێتەوە و پاشان بە ئاژەڵدارانی دەفرۆشێ.

ئەو دەڵێت "بەراورد بەساڵانی رابردوو، ئەمساڵ جۆ زیاتر چێندراوە، بەڵام پێشبینی دەکەم لەدوای رزگارکردنی ناوچەکانی مووسڵ نرخی تۆنێک جۆ بۆ نزیکەی 400 هەزار دینار بەرز ببێتەوە، چونکە شاری مووسڵ و دەوروبەری ئاژەڵداری زۆرە، ئەمساڵیش بەهۆی شەڕی داعشەوە جۆیان نەچاندووە".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، پارێزگای سلێمانی لەرووی بەرهەمی جۆ لەپێشەوەی پارێزگانی دیکەیە. ساڵانە زیاتر لە 90 هەزار تۆن جۆ لەو پارێزگایە بەرهەم دێت.

رزگار محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمساڵ پێشبینی دەکەین لە سنووری پارێزگای سلێمانی 256 هەزار دۆنم زەوی بەجۆ چێنرابێت".

سەبارەت بە زیادبوونی بەرهەمی جۆش گوتی "هەرچەندە ئەمساڵ زۆربەی ئاژەڵداران ئەوانەی زەوییان هەیە، جۆیان چاندووە و چاندنی جۆ کەمێک زیاد بووە، بەڵام بەگوێرەی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، چاندنی جۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەراورد ناکرێت بەچاندنی گەنم، چونکە ئەمساڵیش زیاتر لە 900 هەزار دۆنم زەوی لە سلێمانی بەگەنم چێنراوە".

| جۆر | پارێزگا | 2016 | 2015 | 2014 | 2013 |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆ | هەولێر | 71.688 | 105.000 | 84.643 | 86.500 |
| | سلێمانی | 39.057 | 51.708 | 96.890 | 92.080 |
| | دهۆک | 26.682 | 12.929 | 9.235 | 12.600 |
| | گەرمیان | 7.777 | 25.000 | 13.990 | 18.500 |
| | هەرێم | 145.204 | 194.637 | 204.758 | 209.680 |

### هیچ کارگەیەکی دروستکردنی لە کوردستان نییە

# هەرێمی کوردستان ساڵانە 20 ملیۆن پێڵاو دەدڕێنێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بازرگانێکی هاوردەکردنی پێڵاو دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشی پێڵاو لەچاو جاران بۆ نیوە کەمی کردووە. بازرگانان لە کێبڕکێیەکی توندان بۆ دانەبەزینی ئاستی فرۆش، بۆیە پەنایان بۆ گۆڕینی مۆدیل و دیزاینی پێڵاو بردووە.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016دا پێنج ملیۆن و 614 هەزار کەس بووە، ئەگەر ساڵانە هەر تاکێک تەنیا دوو جووت پێڵاو بەکاربهێنێت، ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بەهاوردەکردنی 11 ملیۆن و 228 هەزار جووت پێڵاوە.

حاجی موشیر نادر، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای دالین بۆ بازرگانیی گشتی و گواستنەوە کە پێڵاوی تورکی و چینی هاوردە دەکات، دەڵێت بەر لە قەیرانی دارایی کۆمپانیاکان ساڵانە 25 تاوەکو 30 ملیۆن جووت پێڵاویان لە هەموو جۆرەکان هاوردە دەکرد، زۆربەشی لەناوخۆ بەکاردەهات و بەشێکیشی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی بێ بازاڕییەوە ساڵانە هەر نزیکەی 20 ملیۆن جووت دەهێنرێ.

بەگوتەی حاجی موشیر، قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر توانای دارایی خەڵک هەبووە. ئێستا کەمتر لەجاران پێڵاو دەگۆڕن "بۆیە فرۆشی پێڵاو بەڕێژەی 50% کەمی کردووە".

حاجی موشیر دەڵێت: "پێشتر لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکان ساڵانە 3 تاوەکو 4 جار دەچووینە چین و 10 رۆژ جارێکیش ترێلەیەک پێڵاومان لە تورکیاوە بۆ دەهات، ساڵانە 55 کۆنتێنەرمان دەفرۆشت، ئێستا بەهۆی ئەو قەیرانەوە نزیکەی 30 کۆنتێنەر دەفرۆشین".

ئەو پێڵاوانەی ئێستا حاجی موشیر دەیانفرۆشێ لە نێوان 5 — 40 دۆلارە، بەڵام پێش قەیرانی دارایی نرخەکانیان دوو بەرامبەر بوو.

بە گوتەی حاجی موشیر، ئێستا کێبڕکێیەکی توند لەنێو بازرگانانی پێڵاو هەیە، جگە لە هەرزانکردنی نرخ، زوو زووش مۆدێلی تازە دەهێننە کوردستان.

حاجی موشیر دەڵێت: "ئێستا خەڵک وەکو جاران ناتوانن پێڵاوی گرانبەها بکڕن، زۆرتر بەدوای پێڵاوی جوان و هەرزاندا دەگەڕێن. ئێمەش بۆ ئەوەی فرۆشمان بەردەوام بێت و خواستی خەڵک دابین بکەین، گۆڕانکارییەکی زۆرمان لەکاری خۆمان کردووە، ئەو مۆدێلانەی پێشتر لە چەرمی ئاژەڵ لە تورکیا دروستمان دەکرد، ئێستا بەچەرمی دەستکرد دروستیان دەکەین و بەنرخی هەرزان دەیانفرۆشین، بۆیە ئێستا 70 تاوەکو 80%ی پێڵاوەکانمان چەرمی دەستکردە".

گوتیشی "ئێستا زۆرتر خواست لەسەر ئەو پێڵاوانەیە کە نرخیان لە خوار 15 دۆلارە".

فەهمی جەعفەر خاوەنی پێشەنگای یارا بۆ فرۆشتنی پێڵاوی ژنان و منداڵان دەڵێت "پێشتر ژنان بەپێی مۆدێل و بۆ رەنگی هەر جلێک پێڵاویان دەکڕی، ژنی وا هەبوو مانگانە 4 جووت پێڵاوی دەکڕی، بەڵام ئێستا جگە لەوەی مامەڵەی زۆر دەکەن و کڕینی پێڵاویان کەم کردووەتەوە، زیاتر رەنگی رەش دەکڕن تا لەگەڵ هەموو جلەکانیان بگونجێ".



"ئێستا زۆرتر خواست لەسەر ئەو پێڵاوانەیە کە نرخیان لە خوار 15 دۆلارە" (فۆتۆ: ڕووداو)

### مارکەکان بازاڕیان هەر ماوە

جگە لە پێشانگاکانی فرۆشتنی پێڵاوی تورکی و چینی لە بازاڕە گشتی و میللییەکاندا، لەنێو مۆڵەکانیش چەند براندێکی پێڵاو هەن. مارکەی ecco کە لەسەر ئاستی جیهان لەڕووی کوالیتی و فرۆشەوە لەپلەی یازدەهەم دێت، چەند ساڵێکە لقی فرۆشتنی بەرهەمەکانی لە کوردستان کردووەتەوە.

جوانڕۆ عەباس، یاریدەدەری بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێشانگای ecco لە ماجدی مۆڵی شاری هەولێر، دەڵێت "پێڵاوەکانمان دروستکراوی مارکەی ئیکۆی دانیمارکین و نرخەکانیشمان نرخی جیهانییە، لە 80 دۆلارەوە دەست پێدەکات تاوەکو 400 دۆلار".

جوانڕۆ دەڵێت سەرەڕای قەیرانی دارایی، فرۆشیان باشە "مانگانە لە هەر لقێکمان بایی 50 — 60 ملیۆن دینار دەفرۆشین، فرۆشمان کەمی نەکردووە، تەنیا لە پێڵاوی منداڵان نەبێ کە هەندێ دابەزیبوو، بۆیە ئێستا پێڵاوی منداڵان هاوردە ناکەین".

بەر لە پرۆسەی ئازادیی عێراق، چەند کارگەیەکی بچووکی دروستکردنی پێڵاو لە کوردستان هەبوون، بەڵام ئەو کارگانە بەرگەی بەلێشاو هاوردەکردنی پێڵاویان نەگرت و داخران.

حاجی موشیر نادر، یەکێکە لەوانەی لە ساڵانی 1996 تاوەکو 2001 کارگەی دروستکردنی پێڵاوی لە هەولێر هەبووە، دەڵێت "دەستی کار بەراورد بە چین و تورکیا لێرە گرانە، کەرەستەی خاویشمان لە دەرەوە دەهێنا، بۆیە نەمانتوانی کێبڕکێی پێڵاوی چینی و تورکی و سووری بکەین و کارگەکەمان داخست". گوتیشی "هەر کارگەیەک دابمەزرێنی و بە هەر نرخێک پێڵاو بفرۆشی، ناتوانی کێبڕکێی پێڵاوی چینی و تورکی بکەی، چونکە ئەوان حکومەتەکانیان پاڵپشتییان دەکەن".

بەهۆی داخرانی کارگەکانی ناوخۆ، ئێستا بازرگانانی هەرێمی کوردستان پێڵاو لە تورکیا، چین، تایلەند و ئیماراتەوە دەهێنن، لە بەرامبەریشدا پێستەی خۆشکراوی هەرێمی کوردستان بەنرخێکی زۆر هەرزان هەناردەی ئێران و تورکیا دەکرێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە چوار ساڵ و پێنج مانگی رابردوودا نزیکەی 85 هەزار تۆن پێستە هەناردەی تورکیا و ئێران کراوە، پێشتر بە پشتبەستن بە یاساکان، وەزارەتی بازرگانی تەنیا رێگەی بە هەناردەکردنی پێستەی خۆشکراو دەدا، بەڵام ئێستا پێستەی خاویش هەناردە دەکرێت.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر زۆربەی پێستەی ئاژەڵ لە نێوخۆدا بەکاردەهات، داواکاری زۆرمان بۆ هات کە ئەگەر رێگە بە هەناردەکردنی پێستەی خۆشنەکراو نەدرێ، بەهۆی کەمیی کارگە بەشی زۆری تێکدەچێت و دەبێت فرێ بدرێت، بۆیە لەسەرەتای ئەمساڵەوە دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، رێگەمان دا پێستەی خۆشنەکراویش هەناردە بکەن".

سەبارەت بە دۆزینەوەی بازاڕێکی ناوخۆ بۆ پێستە، نەوزاد ئەدهەم گوتی "زۆر هانی وەبەرهێنەران دەدەین کە کارگەیەکی دروستکردنی پێڵاو دابنێن، بەڵام هیچ وەبەرهێنەرێک ئامادە نییە ئەو کارە بکات، بۆیە پێستەی کوردستان لە دەرەوە هەرزانفرۆش دەکرێ و پێڵاوێکی زۆریش هاوردە دەکرێ".



# نەوتی لیتەیی و هەڕەشەکانی لە باری دارایی هەرێمی کوردستان



عومەر ئەحمەد

دوای ئەوەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان ئەندامانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە جێبەجێ کرا، نرخی نەوتی برێنت سنووری 58 دۆلاری تێپەڕاند و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەناسەیەکی هەڵکێشا. نرخی ناوەندیی نەوتی برێنت لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی 54 دۆلار بووە. هەر ئەوەش مایەی دڵخۆشیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە لێرەو لەوێ رایدەگەیاند ئەمساڵ ساڵێکی باشتر دەبێت و لەبەر بەرزبوونەوەی داهاتە نەوتییەکانی، ڕێگەی بە خەرجکردنی هەندێ لە پارەی بەڵێندەران دا و مژدەی نوێبوونەوەی ئابووری و وەبەرهێنانی ڕاگەیاند.

بەڵام بازاڕی نەوت هەفتەی ڕابردوو لەبەر بەرزبوونەوەی نەوتی یەدەگکراوی ئەمریکا داڕما و نرخی نەوتی برێنت دابەزی بۆ خوار 50 دۆلار، ئەمەش زەنگی مەترسی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لێدا کە نەکات لە چەند مانگی داهاتوودا نرخی نەوت بەرەو دابەزینی زیاتر هەنگاو بنێت و هەموو حیسابەکانی بۆ ئەمساڵ لێ تێکبچێت.

ڕاستییەکەی نرخی نەوت لەم چەند مانگەی کە ماوەتەوە لە 2017، بەندە بە کۆبوونەوەکەی 25ی ئەم مانگەی بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئۆپێک کە دەبێت بڕیار لەوە بدەن ڕێککەوتنەکەیان درێژ بکەنەوە یان کۆتایی پێ بهێنن. ئەندامانی ئۆپێک بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ڕێککەوتنەکەیان چووە بواری جێبەجێکردنەوە، خۆشحاڵ بوون بە ڕەوشی بازاڕ و تەنانەت سەرەتا سعودیە و ڕووسیا دەیانگوت ڕەنگە پێویست بە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە نەکات و دوای ئەو ماوەیە لەبەر نزیکبوونەوەی خواست و خستنەڕووی نەوت، بازاڕی نەوت خۆڕسک هاوسەنگ دەبێت. بەڵام هەرچەندە 10 ڕۆژ ماوە بۆ کۆبوونەوەکەی ئۆپێک لە ڤییەنا، هەر لە ئێستاوە ئەندامانی ئۆپێک شڵەژاون و خۆیان یەکلاکردووەتەوە کە ڕێککەوتنەکە لانیکەم بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە درێژ دەکەنەوە، کەچی نرخی نەوت بە ئەستەم توانی لە 50 دۆلار دوور بکەوێتەوە و بەرزتر ببێتەوە.

چی وای لە ئۆپێک کردووە بەو دەردە بڕوات و دەسەڵاتی بەسەر بازاڕی نەوتدا هێندە لاواز بێت؟ عیللەتەکە لە نەوتی Shale یان نەوتی لیتەیی ئەمریکایە. ولایەتە یەکگرتووەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و تێکەڵکردنی پرۆسەی هەڵکۆڵینی بیری ئاسۆیی لەگەڵ پرۆسەی تێکشکاندنی هایدرۆلیکی، توانیویانە نەوتی قەتیسماو و بەربڵاو لەژێر زەوی دەربهێنن. ئەمە جیاوازە لەو نەوتە ئاساییەی کە هەم لەناوخۆی ئەمریکا و هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دیکە بەرهەمدێت. ئەوەی کە لە پیشەسازیی نەوتی لیتەیی ڕۆڵی گرینگ دەبینێت، خودی نرخی نەوتە. لەبەرئەوەی پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی ئاڵۆزە و پارەی زیاتری تێدەچێت، ئەگەر نرخی نەوت لە ئاستێکی کەمدا بێت قازانجی نابێت بەراورد بەو تێچووەی پێویستە بۆ دەرهێنانی. بەڵام هەر کات نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی 40-50 دۆلار، ئەوا قازاج دەکات و کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش هەڵەکە دەقۆزنەوە و ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان زیاد دەکەن.

ئەمە ئەو کێشەیەیە کە یەخەی ئۆپێک بەرنادات. دوای یەک ساڵ دانوستاندنی چڕ و تێروتەسەل، 13 بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێک و 11 بەرهەمهێنەری دەرەوەی ڕێکخراوەکە لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆژانە 1.2 ملیۆن بەرمیل لەلایەن ئۆپێک و 600 هەزار بەرمیل لەلایەن بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ. هەرچەندە هەموو ئەو وڵاتانە سەدا سەد پابەندی بەڵێنەکانیان نەبوون، بەڵام بەپێی دوایین داتاکان، ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێژەی 104% و دەرەوەی ئۆپێک بە ڕێژەی 66% پابەند بوون. ئۆپێک لەم پێنج مانگەدا توانی ڕۆژانە پشکی 1.2 ملیۆن بەرمیلی خۆی کەم بکاتەوە، بەڵام کێشە ئەوەیە هەر لەو ماوەیەدا بەرهەمی نەوتی لیتەیی ئەمریکا ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل، واتا نیوەی کەمکردنەکەی ئۆپێک، زیادی کردووە. کەس باوەڕی نەدەکرد نەوتی لیتەیی ئەمریکا لەو ماوە کورتەدا ئەو ڕیسەی ئۆپێک بکاتەوە بە خوری!

دوایین ڕاپۆرتی مانگانەی ئۆپێکیش کە ڕۆژی پێنجشەممە دەرچوو، دەڵێت پێشبینییەکانیان ڕاست دەرنەچوون و ئاستی بەرهەمی نەوتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە بە ڕێژەی 64% بەرزبووەتەوە کە بەزۆری لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەوتی لیتەیی ئەمریکا بووە. تا ئێستا ڕێکخراوی ئۆپێک نەیتوانیوە بەو خێراییەی کە نەوتی لیتەیی ئەمریکا زیاد دەکات، ئاستی بەرهەمهێنانی کەم بکاتەوە. هەر کارێکیش بکات بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، وەک درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە، یان تەنانەت بڕی کەمکردنەوەکەش زیاد بکات، لەولاوە بە قازانجی نەوتی لیتەیی ئەمریکا دەشکێتەوە، چونکە هەر کە نرخی نەوت زیاد بکات، کۆمپانیا ئەمریکییەکان سەکۆی نەوتی زیاتر دەخەنەکار و بۆ بەدەستهێنانی قازانج، نەوتی زیاتر بەرهەمدەهێنن. بەوجۆرەش لە کاریگەریی ڕێککەوتنی ئۆپێک کەمدەکەنەوە. کێشەکە ئەوەیە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیین، نە تەنیا بە ئاسانی دەتوانن بە نرخی نەوتی 40 دۆلاریش لە بەرهەمهێنان بەردەوام بن، بەڵکو هەندێکیان دەتوان بە 20 دۆلاریش نەوت بەرهەمبهێنن و قازانجیش بکەن. ئەوان بەردەوامن لە داهێنان و بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتر خەرجییەکانی دەرهێنانی نەوت کەم دەکەنەوە.

پێشبینی کراوە ساڵی 2018 ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا تەنانەت زیاتر بێت لە ئاستی بەرهەمهێنانی پێش ساڵی 2014 کە نرخی نەوت 100 دۆلار بوو، ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی شەڕی توندی نێوان ئۆپێک و ڕووسیا و ئەمریکا. کەواتە بازاڕی نەوت لەوە بەدواوە زۆر ئاڵۆز و ناجێگیر دەبێت.

داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەندە بە نرخی نەوت کە لە دەستی خۆیدا نییە. حکومەتی هەرێمی کوردستان نازانێ مانگانە چەندی دەستدەکەوێ و کەی دەستی دەکەوێت. هەر لەبەر ئەوەشە ڕەوشی دارایی حکومەت لە دوای ساڵی 2014 وە لەرزۆک و ناجێگیرە.

تەنیا چارەسەر لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی ڕەوشی دارایی و ئابووریی خۆی بەردەوامبوونە لە چاکسازییە بنەڕەتییەکان. نرخی نەوتی 60 دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نرخێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە پاشەکەوتی مووچە کەم بکاتەوە و دەست بە وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری بکاتەوە، بەڵام ڕەنگە بازاڕی نەوت بەم نزیکانە ئەو نرخە بەخۆیەوە نەبینێت. هەر بۆیە لەپاڵ جێبەجێکردنی پلانی چاکسازییە ئابوورییەکان، دەبێت لە هەموو سەرچاوە و هەلێکی دەرەکیش کەڵک وەربگیرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و خۆی لە مایەپووچبوون بەدوور بگرێ.

> تەنیا چارەسەر لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ باشترکردنی ڕەوشی دارایی و ئابووریی خۆی، بەردەوامبوونە لە چاکسازی



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

# نەوتی ئەمریکا بەرە لەژێر پێی ئۆپێک دەردێنێ



کاردۆ کەمال

> لە باشترین دۆخدا بۆ ئەمساڵ نرخی نەوت لەنێوان 45 تاوەکو 60 دۆلار دەبێت

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کە نرخی نەوت بەڕێژەی 5% دابەزی، بەشێک لە شرۆڤەکارانی بازاڕی وزە هۆکارەکەیان بۆ ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک گەڕاندەوە کە لەسەرەتای ئەمساڵدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی کێشە لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا نییە، چونکە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، بووە هۆکارێک بۆئەوەی بەشێک لە دامەزراوە داراییەکان و سندوقەکانی خۆپارێزی کە بە (سندوقەکانی تەحەوت) ناسراوە، یەدەگەکانیان لە نەوتی خاو کەمبکەنەوە بەشێوەیەکی خێراتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، بۆیە پێشتر پێشبینیمان کردبوو کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئاستی نەوتی کۆگاکراوی کەم بکاتەوە. بەپێی ئامارەکانیش لەماوەی هەفتەی ئەولاتردا نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا بەبڕی 5.3 ملیۆن بەرمیل کەمبوونەوەی تۆمار کرد کە بووە هۆکاری دووبارە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

لەلایەکی دیکەوە، پێشتر پێشبینی دەکرا کە ڕێککەوتننامەکەی نێوان ئۆپێک و وڵاتانی بەرهەمهێنەری دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە ببێتە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، گەشەکردنەکە ڕوویدا، بەڵام بەو خێراییە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئەمریکا توانی هەڵکۆڵین لەو بیرە نەوتییانەی کە پێشتر وازی لێهێنابوون تەواو بکات، ئێستاش بەرهەمهێنان لە ناوچەکانی نەوتی لیتەیی قازانجبەخشتر بووە، ئەم بازدانە لە بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی کاریگەریی نەرێنی لەسەر بازاڕی وزە دانا، ئێستا توانای پیشەسازیی نەوتی لیتەیی لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان زیاترە لە توانای پیشەسازیی نەوتی تەقلیدی، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا پیشەسازی نەوتی لیتەیی ڕووبەڕووی زیادبوونی تێچووی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی نەوت دەبێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە بۆ بازرگانانی نەوت ڕەچاوی بکەن، بڕی بەنزینی کۆگاکراوە، لە ساڵانی ڕابردوودا لەم وەرزەدا خواست لەسەر بەنزین و گازوایل زیادی دەکرد، بەهۆی دەستپێکردنی وەرزی گەشتەوە، بەڵام ئەمساڵ ئەو زیادبوونەمان لە خواست نەبینی لەسەر بەنزین. بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە چارەگی دووەمی دارایی ئەمساڵدا بەراورد بە چارەگی دووەمی دارایی 2016 ، ڕۆژانە خواست لەسەر بەنزین بە بڕی 250 هەزار بەرمیل کەمیکردووە.

لەدوای دابەزینی نرخی نەوت بەڕێژەی 5%، نرخی بەنزینیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابەزی، پێشبینی دەکەین لە چەند مانگی داهاتوودا شۆفێرانی ئەمریکا لە ڕێگەی زۆربوونی خواستیان لەسەر بەنزین، بەهۆی دەستپێکردنی گەشتی هاوینانیان نرخی بەنزین دووبارە بەرزبکەنەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر نەیانتوانی نرخی بەنزین بەرز بکەنەوە ئەوا دووبارە زیادبوونێکمان دەبێت لە بڕی بەنزینی کۆگاکراودا کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر نرخی نەوت دروست دەکات.

ئەو دابەزینەی کە لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لە نرخی نەوتدا بینیمان، بەشێکی زۆری بۆ ئەو ترسە دەگەڕایەوە کە بازرگانان هەیانبوو لە بازاڕدا.

بەپێی ئامارەکانی بازاڕی نەوت، تەنیا لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوودا 520 ملیۆن بەرمیل نەوت لەلایەن بازرگانانەوە لە بۆرسەدا مامەڵەی پێوەکراوە کە ئەم قەبارەیە ڕوو لە زیادبوون دەکات، هەر بۆیە ترسێک لە بازاڕی وزەدا دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ نرخەکان بە قەبارەیەکی گەورەتر لە قەبارەی ترسەکە دادەبەزن.

پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە لە چەند مانگی داهاتوودا بازاڕەکان چاوەڕوانی چی دەبن؟ گرنگترین ڕووداوەکان کۆبوونەوەکەی 25ی ئەم مانگەی ئۆپێکە بۆ قسەکردن لەسەر درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی سعودیە ڕایگەیاند کە ئەوان پاڵپشتی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەکەن تەنانەت بۆ دوای ساڵی 2017ش. ئەمەش تارادەیەک توانی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێنێتەوە و کەمێک قەرەبووی ئەو زیانانە بکات کە لەهەفتەی ئەولاتردا بەریکەوت.

شانبەشانی کۆبوونەوەکەی ئۆپێک، بازاڕەکان چاوەڕوانی ئاشکراکردنی ئامارەکانی ڕێژەی خواستن لەسەر بەنزین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها زۆربوونی بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن وڵاتانی کەنداو لە وەرزی هاویندا کە خواست لەسەر نەوت زیاد دەکات.

لەلایەکی دیکەوە زیادبوونی تێچووی نەوتی بەردینی ئەمریکا و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لەلایەن مەکسیک و بەرازیل و ڤەنزوێلا بەهۆی ئەو کێشە جیۆسیاسیانەی هەیانە، خاڵێکی دیکەی گرنگە کە بازاڕەکان لە چەند مانگی داهاتوودا چاوەڕوانی دەبن. کەواتە دەبێ بپرسین ئایا بۆ کۆتایی ساڵی 2017 هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت دەگەڕێتەوە؟

درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێک نابێتە بزوێنەری گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت، چونکە نەوتی بەردینی ئەمریکا بڕیار لە گەڕانەوەی هاوسەنگی یان نەگەڕانەوەی دەدات.

بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی وزە، ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر خێرا ڕووی لە زیادبوون کردووە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا، تەنیا لە ماوەی ئەمساڵدا 390 سەکۆی تازە دانراون کە هەرگیز مێژووی نەوتی ئەمریکا ئەمەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

بەپێی ئامارەکانی مۆرگان ستانلیش، ئۆپێک پشکەکانی خۆی لە بازاڕدا لەدەستداوە و ئێستا زۆرترین پشکەکانی بازاڕی نەوت بەدەست ئەمریکاوەیە، ئۆپێک خاوەنی 32 ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئەمریکا خاوەنی 36 ملیۆن بەرمیلە، بەو شێوەیەش ئەمریکا توانیویەتی سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی بازاڕ لە ئۆپێک وەربگرێت.

هەر 10 سەکۆی نەوتی ئەمریکا ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل نەوت دەخەنە بازاڕەوە، بەو شێوەیەش پێشبینی دەکرێت لەماوەی ساڵی داهاتوودا ئەمریکا بتوانێت ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیلی دیکەی زیادە بخاتە بازاڕەوە. لەدوای ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێکیش، ئۆپێک و ڕووسیا دووبارە 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوت دەخەنە بازاڕەوە و بەو شێوەیەش 3.5 ملیۆن بەرمیل زیادبوون لە خستنەڕوودا دەبێت.

لێرەدا پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئایا لەساڵی 2018 بازاڕی نەوت هاوسەنگی لەدەست دەدات؟

ئەگەر تەماشای سیاسەتی مامەڵەکردنی دامەزراوە داراییەکان و سندوقەکانی وەبەرهێنان بکەین، دەبینین کە زۆربەی گرێبەستە نەوتییەکانیان تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵی 2017یە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە هێشتا بازاڕی نەوت بەهۆی سیاسەتەکانی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئۆپێک و نەوتی بەردینی ئەمریکا دیار نییە. ناڕوونییەکی زۆر لە بازاڕدایە، بۆیە لە باشترین ئەگەرەکاندا بۆ ئەمساڵ نرخی نەوت لەنێوان 45$ – 60$ بۆ هەر بەرمیلێک جێگیر دەبێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە، دەبێت چاوەڕوانی کۆتایی ئەمساڵ بین بۆ ئەوەی بزانین بۆ ساڵی داهاتوو بازاڕ بەرەو کوێ ئاراستە دەگرێت.



ئۆپێک خاوەنی 32 ملیۆن بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئەمریکا خاوەنی 36 ملیۆن بەرمیلە

## هەولێر لە ڕەمەزاندا بێ شانۆگەری نابێت

**هیوا سەلاح / ڕوودلو- هەولێر**



بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بە درێژایی مانگی ڕەمەزان شانۆگەری پێشکەش دەکەن. هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە مانگێکە سەرقاڵی پرۆڤەین، ئێمە وەکو هونەرمەندانی هەولێر نامانەوێت شەوانی مانگی ڕەمەزان لە هەولێر بێ شانۆگەری بێت، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک لە شانۆکارانی دێرین و گەنجی هەولێر شەوانە لە هۆڵی میدیا شانۆگەری نمایش دەکەین". هیوا سوعاد باسی ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکەی کرد و گوتی "شانۆگەرییەکە بەناوی (لە مردن گەڕایەوە) یە کە لە نووسینی ڤیکتۆر ئەڤیمیتۆیە و لە وەرگێڕانی کەمال سابیرە، خۆشم دەرهێنەری شانۆگەرییەکەم و چەند ئەکتەرێکی ناوداری هەولێر ڕۆڵی تێدا دەبینن. گوتیشی، شانۆگەرییەکە بەشێوازی کۆمیدی باس لە گەندەڵی و کێشە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان دەکات". هیوا سوعاد هەروەها گوتی "بەنیازین دوای مانگی ڕەمەزانیش ئەم شانۆگەرییە نمایش بکەینەوە، جگە لە هەولێر لە چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستانیش نمایشی بکەین، ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نمایشی بکەین".

### مەلەک کۆچتۆبین، خانمە گۆرانیبێژ و ژەنیاری توونسی بۆ (ڕووداو):

# مەقام و بەستەی کوردی دڵهەژێنن



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

مەلەک کۆچتۆبین (Malek Cochtoben)، میوزیکژەن و گۆرانیبێژی توونسی، خۆی و ئامێری قانوونەکەی لە شاری هەولێر بوون، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە گەشتیارانی کوردستان بۆ وڵاتەکەی ڕابکێشێ، بەڵام پاش ئەوەی هەولێری بینی، بڕیاری دا جارێکی دیکەش سەردانی بکاتەوە.

مەلەک بەهۆی ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لەسەر عێراق لەبارەی شەڕ و تەقینەوەکان بڵاودەبنەوە، سەرەتا لەو سەفەرەی دوودڵ بووە، بەڵام دواتر بڕیاری داوە بێت و تەنانەت بەڵێنی دا کە جارێکی دیکەش بێتەوە.

مەلەک کە ماستەری لە میوزیک هەیە و ئێستا لە زانکۆی تونس وانەی میوزیک دەڵێتەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی کە زانیاری لە بارەی گۆرانی و میوزیکی کوردی هەیە. تەنانەت گوتی کە گوێ لە دەنگی عەبدولقادر زاخۆیی دەگرێ.

هەفتەی ڕابردوو پێشانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەشتیاری لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. هەر کە دەچوویتە نێو هۆڵی پێشانگاکە، دوو کچ کە یەکێکیان مەلەک بوو، بە جلوبەرگە تەقلیدییەکانیانەوە سەرنجیان ڕادەکێشای. ئەوان میوزیکێکی ئیندۆنیزییان دەژەنی، بەڵام بە جلوبەرگی توونسییەوە کە سەرنجی زۆر کەسیان ڕاکێشابوو، بۆیە وێنەیان لەگەڵ دەگرتن.

مەلەک کە لەوێ ئامێری قانوونی دەژەند، دواتر بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە دەزانین کە میوزیک زمانێکی جیهانییە، ئەگەر لە وشەکانیشمان تێنەگەن، دەتوانین لە ڕێگەی میوزیکەوە پەیامی خۆمان بگەیەنین، هاتووین هونەری توونسی نیشانی خەڵکی کوردستان بدەین. ئێستا لە هەموو کات زیاتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئاشتییە، تەنیا میوزیکیش دەتوانێ ئەو کارە بکات".

هەمیشە دەگوترێت ئەگەر سیاسییەکان نەیانتوانی گەلان لەیەک نزیک بکەنەوە، هونەرمەندان دەتوانن ئەو کارە بکەن. مەلەک لەوبارەوە دەڵێت "ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگای موزیک و هونەرەوە پەیامی خۆشەویستی بە مرۆڤایەتی بگەیەنین، چونکە موزیک پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی هەڵدەگرێت. دیارە زۆربەی گەلان لە ڕێگای هونەرەوە یەکتر دەناسن، هەر بۆیەش ئێمە لە ڕێگای هونەرەوە زیاتر میللەتی کوردمان ناسی".

### شەیدای دەنگی عەبدولقەهار زاخۆییم

ئەو سەبارەت بە ئامێری قانوون دەڵێت: "ئەورووپییەکان ئامێری پیانۆیان هەیە کە وەک پاشای ئامێرەکان ناودەبرێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لەنێو عەرەبدا ئامێری قانوون شای ئامێرە میوزیکییەکانە، قانوون ئامێرێکی زۆر کۆنە، بەڵام ئێستا لە شێواز و ژەنینی ئامێرەکە نوێگەری کراوە، بێ ئەوەی ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات".

مەلەک ئاوێتەی ئامێرەکە ببوو، هێندە ڕۆچووبووە نێو ئامێرەکە لەگەڵ هەر نۆتەیەک هەموو لەشی دەکەوتە جووڵە. مەلەک چیرۆکی خۆی و قانوونەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "چیرۆکی من و قانوون درێژە، من پێشتر ئامێری عودم دەژەنی، بەڵام کاتێک قانوونم ژەنی هەستم کرد زۆر لەگەڵ یەک دەگونجێین، هەرچەندە قانوون ئامێرێکی سەخت و دژوارە بۆ فێربوون، چونکە ژێیەکانی یەکجار زۆرە و کۆکردنەی ئاسان نییە و ژەنینی تەکنیکێکی زۆر دەوێت، بەڵام زۆر لە ڕۆحی من نزیکە، من پێیوایە ئامێری قانوون زۆر لە من دەچێت".

### زۆر حەزم لە میوزیکی کوردییە

مەلەک لەبارەی میوزیکی کوردییەوە دەڵێت: "من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کە زۆر شەیدای میوزیکی تورکیم، هەروەها حەزم لە میوزیکی کوردیشە کە لە میوزیکی تورکییەوە نزیکە، مەقام و بەستەی کوردی زۆر دڵهەژێن و بەسۆزە، پێموایە دەبێ گەلی عەرەب زیاتر لەبارەی میوزیکی کوردییەوە بزانن".

مەلەک هەندێک لە گۆرانیبێژانی کورد دەناسێ و سەرسامە پێیان. ئەو دەڵێت "بەڕاستی دەمێکە شەیدای دەنگی عەبدولقەهار زاخۆییم کە هونەرمەندێکی کوردە، من زۆر زۆر حەز لە دەنگی ئەو دەکەم، هەرچەندە هیچ لە وشەکانی تێناگەم، بەڵام ئەداکردن و شیرینیی دەنگی عەبدولقەهار سەرنجی هەموو خەڵک ڕادەکێشێت. زۆر بە تام و چێژ گۆرانی دەڵێت".

ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک سەرنجی مەلەکی ڕاکێشاوە، میواندۆستیی کوردە. مەلەک گوتی "گەلی کورد، گەلێکی میهرەبان و سادە و میواندۆستن، بەڕاستی لە هەولێر پێشوازییەکی زۆر باشیان لێکردین، کوردستان چووەتە نێو

### بە توونسییەکان دەڵێم سەردانی کوردستان بکەن

دڵم و هەولێریشم زۆر خۆشدەوێت، هەروەها لێرە ئارامی و ئاسایش هەیە بەپێچەوانەی ئەوەی لە میدیاکانەوە باس دەکرێ".

مەلەک بەڵێنی داوە کە گەڕایەوە توونس کوردستان لەبیر نەکات "لە توونس باس لە میهرەبانیی گەلی کورد دەکەم، لەگەڵ ڕۆشنبیرانی توونس باسی کوردستان دەکەم و ئاگاداریان دەکەمەوە کە کوردستان شوێنێکی خۆشی گەشتیارییە و دەتوانن پشووی خۆیان لێرە بەسەر ببەن".

# ریم بۆ کۆنسێرتێک دەگەڕێتەوە کوردستان



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ریم بلهادی خانمە ژەنیاری توونسی دەڵێت زۆر عاشقی هونەری کوردی بووە، گوتیشی کە بڕیاری داوە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکی توونسی لە هەولێر سازبکات.

ریم کە ئێستا قوتابی دکتۆرایە لە میوزیک و ئامێری کەمان دەژەنێ، یەکێک بوو لە بەشداربووانی فێستیڤاڵی گەشتیاری کە لە هەولێر بەڕێوەچوو. ریم بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە ڕێگەی میوزیکەوە گەلی کوردمان ناسی، بەڕاستی ئەگەر میوزیک نەبووایە ئێستا ئێمە لە کوردستان نەبووین. کورد لە میوزیک دەوڵەمەندن".

ریم دەشڵێت "هاتووینەتە هەولێر بۆ ئەوەی لە ڕێگەی میوزیکەوە سەرنجی گەشتیاران بۆ توونس ڕابکێشین، چونکە ئێمە پێمانوایە فەرهەنگ و کولتوورێکی دەوڵەمەندمان هەیە، دەکرێت ئەم کولتوور و فەرهەنگە بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتیاری بەکاربهێنین، هەروەها بەڵێن دەدەین بە گرووپێکی گەورەی توونسییەوە لە ماوەیەکی نزیکدا بگەڕێینەوە هەولێر و کۆنسێرتێکی گەورە ساز بکەین".

# ناتاشا شەیدای قەڵاتی هەولێرە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ناتاشا، مۆدێل و نمایشکاری ئەڵمانی کە لەگەڵ فۆتۆگرافەرێکی کورد لە ئەڵمانیا کار دەکات، لە ڕێگەی فۆتۆوە شەیدای قەڵای هەولێر دەبێت و دەیەوێت سەردانی کوردستان بکات.

ناتاشا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە پرۆژەی فۆتۆگرافەرێکی گەنج بە ناوی ڕەوەند جەواد بەشداربووم، ئەو ماوەیەکە وەک کۆچبەر لە ئەڵمانیا دەژیت، لە ڕێگەی ئەوەوە زانیاریم لەسەر کورد پەیدا کرد، ئەو وێنەی قەڵای هەولێری نیشاندام کە زۆر سەرنجڕاکێشە، بۆیە حەزدەکەم سەردانی کوردستان بکەم".

ناتاشا لە باوکێکی خەڵکی کۆسۆڤۆ و دایکێکی ئەڵمانی لەدایک بووە و هەشت ساڵە وەک مۆدێل کار دەکات، ئەو دەڵێت کارکردن لەگەڵ گەنجێکی کورد تاموچێژێکی تایبەتی هەبووە "ڕەوەند، زۆر زیرەک و لێهاتووانە کاردەکات، بەڕاستی من لەگەڵ زۆر فۆتۆگرافەر کارم کردووە، بەڵام کارکردن لەگەڵ ڕەوەند چێژێکی دیکەی هەیە".

ڕەوەند جەواد لەبارەی نوێترین پرۆژەی خۆی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی لە ئەڵمانیا بوومە ئەندامی فۆتۆگرافەرانی fotostammtisch، نوێترین کارم لەگەڵ نمایشکارو مۆدێلی ئەڵمانی ناتاشایە، چەندین وێنەمان گرتووە، بڕیاریشە پرۆژەیەکی فۆتۆیی بە جلی کوردی پێشکەش بکەین، ئەو ئێستا فێری چەند وشەیەکی کوردیش بووە، زۆر سەرسامە بە ژنی کورد، بەتایبەتی شەڕڤانان، بۆیە دەیەوێت بە جلی شەڕڤانەوە پرۆژەیەکی فۆتۆیی جێبەجێ بکەین".

# سلێمانی میوانداری شانۆی ڕۆژهەڵات دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی بەهاوکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی میوانداری گروپی شانۆی "تەجربی" ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات.

تریفە کەریمیان شانۆکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ماوەی چوارڕۆژدا لە شاری سلێمانی گرووپەکەمان چەند شانۆگەرییەک نمایش دەکا یەکێک لە کارەکان شانۆی میوزیکی دراماتیکییە بەناوی (لێ لێ) کە من خۆم ئامادەم کردووە، هاوکات شانۆگەری خانووی سێیەم هەر لە نووسینی منە و نمایش دەکرێت".

تریفە دەشڵێت "یەکەمین شانۆگەری بەناوی ئەژدیهاک نمایش دەکرێت، ڕۆژی دووەمیش شانۆگەری خانووی سێیەم و ڕۆژی سێیەمیش شانۆی میوزیکی دراماتیکی لێ لێ نمایش دەکرێت، لە دوایین ڕۆژیشدا سەمایەک بەناوی خەونی لە دایکبوون پێشکەش دەکرێ".

چالاکییەکانی ئەو گروپە ڕۆژی 2017/5/16 دەستپێدەکات و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێ. شانۆگەرییەکانیش کاژێر پێنجی ئێوارە لە هۆڵی بەدیعە دارتاش لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی نمایش دەکرێن.

ڕووداو

ژمارە ( 457 ) - دووشەممە 2017/5/15



## کۆچبەران ڕێژەی بێکاری لە سوێد بەرزدەکەنەوە

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

بەگوێرەی نوێترین ئاماری دەزگای کاردیتنەوە ژمارەی بێکاران بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە. هۆکاری سەرەکی ئەو زیادبوونەش هاتنی ئەو پەناخوازانە کە لە پایزی 2015 ڕوویان لە سوید کرد و پاش وەرگرتنی ئیقامە و هاتنە ناو پرۆگرامی دامەزراندن، ئێستا وەک بێکار ئەژمار دەکرێن. بەپێی هەمان ئامار لە مانگی چوار ئەمساڵ ژمارەی بێکاران گەیشتۆتە 364 هەزار، ئەو ژمارەیە ٤٠٠٠ کەس زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەمان مانگ لە ساڵی ڕابردوودا. چاوەڕوان دەکرێ ڕێژەی بێکاران لە ساڵی ٢٠١٧ دا بەرزتریش ببێتەوە.

# کوردی سوێد

# ئەم هاوینە ناگەڕێنەوە کوردستان



بەهۆی نەمانی گەشتی ڕاستەوخۆی نێوان سوێد و هەرێمی کوردستان گەشتکردنی کوردی سوێد زەحمەت بووە

### خاوەنی کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی:

### ساڵی پار ئەم کاتە 1500 تکتم فرۆشتبوو، ئەمساڵ 50 تکتم نەفرۆشتووە

ڕووداو- هێلسنکی، ستۆکهۆڵم

ساڵانی ڕابردوو لەو کاتەدا نووسینگەکانی فڕۆکەوانی لە سوێد جمەیان دەهات لەو کوردانەی دەیانویست تکتی گەشتی ئاسمانی بۆ کوردستان دەستبخەن، بەڵام ئەمساڵ ژمارەیەکی کەمی ئەو کوردانەی لە باکووری ئەورووپا نیشتەجێن، پشووی هاوینەیان لە کوردستان بەسەردەبەن.

چەند ڕۆژێکی دیکە وادەی پشووی ساڵانەیە کە بەپێی جۆری کار دەگۆڕێت و بەگشتیی لە وڵاتێکی وەکو سوێد نزیکەی دوو مانگ دەخایەنێ. پێشتر زۆر لە خێزانە کوردەکان لەم کاتەدا دەگەڕانەوە، بەڵام ئەمساڵ کەمترین کوردی وڵاتانی سکەندەناڤی دەگەڕێنەوە. هۆکارەکەشی بەشێکی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە و بەشێکیشی بە نەمانی گەشتی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردستان و سوێد.

کاردۆ کە زیاتر لە 25 ساڵە لە سوێد دەژی، دەڵێت ڕەوش لە کوردستان ئەوەندە ناخۆشە، لە بێزاربوون زیاتر هیچت بۆ نامێنێتەوە "ساڵان کە دەهاتینەوە هەم جەوێکمان دەگۆڕی، هەم دەبووینە جێی خۆشحاڵیی کەسوکار، بەڵام ئێستا دەبینە زەحمەت بۆ خزم و کەسوکار".

کاردۆ بەکر لەگەڵ ئەوەی زۆری پێناخۆشە بەو شێوەیە باسی هاتنەوەی بۆ کوردستان بکات، بەڵام دەڵێت: "ئێمە بۆ خۆشی گەشت دەکەین، کە ئێستا پێچەوانەیە و لە عەزاب زیاتر هیچی دیکە نییە".

گوتیشی: "ئێمە ساڵانە دەتوانین تەنیا یەک گەشت بکەین. بەداخەوە هاتنەوەمان وەک نەوەتەکانی لێ هاتووە، کات و پارەی زۆری دەوێت".

زیاد کەریمی، دانیشتووی فینلاند و خەڵکی مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانە دەگەڕایەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کەسوکارەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن و چەند ڕۆژێکی خۆشیان پێکەوە بەسەر دەبرد، ئەو دەڵێت "ئەو سەفەرە جاران بۆ من وەکو سەفەری دوو وڵات وابوو، ئێستا دەبێتە سێ چوار وڵات".

کەریمی بە کەشتی لە هێلسینکییەوە دەچووە ستۆکهۆڵم و لەوێشەوە بە فڕۆکە بۆ کوردستان، بەڵام ئێستا گەشتەکەی بووەتە ترانزێت. کەریمی دەڵێت "جاران خەرجیی گەڕانەوەم نزیکەی 800 دۆلار بوو، بەڵام ئێستا ئەگەر تەنیا خۆشم بم بووەتە سێ قات، زیاتر لە 2000 دۆلار خەرجیمە. جیا لە خەرجیی هاتنی کەسوکارم، جاری وا هەیە چوار وڵات دەکەم تا دەگەمەوە کوردستان".

ئالان حەمە ڕەشید، کارمەندی کۆمپانیایەکی گواستنەوە دەڵێت "گەشتی کەسێک لە وڵاتانی سکەندەناڤییەوە بۆ کوردستان چەند هێندەی جاران گران و قورس بووە. فەوتانی شتومەکیش بەهۆی زۆریی گۆڕینی فڕۆکەکان زۆر زیادی کردووە".

بەهۆی ئەو کێشانەوە، کوردی ئەورووپا، بە تایبەتی ئەوانەی لە وڵاتانی سکەندەناڤین، ئێستا کەمتر لە جاران بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە. ئالان نموونە بە فرۆشی کۆمپانیاکەیان دێنێتەوە و دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو لەو کاتەدا نزیکەی 1500 تکتمان فرۆشتبوو، ئەمساڵ نەگەیشتووەتە 50 تکت".

ئالان کە پێشتر خۆی کۆمپانیایەکی هەبووە و وەکیلی دووەم و سێیەمی چەند گەورە کۆمپانیایەکیش بووە، ئێستا کۆمپانیاکەی خۆی داخستووە و کارەکەشی گۆڕیوە، ئەو گوتی: "سێ کۆمپانیامان کرد بە یەک کۆمپانیا، ئێستا خۆم کارمەندی کۆمپانیایەکم، هەموو ئەوەش بەهۆی کەمبوونەوەی گەشتیارانی کوردەوە بوو".

بەڕای ئەو خاوەنکارە، هۆکاری دیکەش: "ژیانی خەڵکی کورد لێرە زەحمەتە، ئینسان ساڵانە ناتوانێ لە گەشتێک زیاتر بکات، ماوەیەک بەر لە ئێستا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ژمارەی گەڕانەوە بۆ کوردستان زیادی کرد، دواتر زانیمان بەهۆی بایۆمەترییەوە بووە. زۆربەیان ئەو پارەیەی بۆ گەشتی هاوینەیان کۆکردبووەوە، لە گەڕانەوەی بایۆمەتری خەرجیان کرد".

### کاریگەری لەسەر بازاڕی سوێدیش هەبووە

لە سوێد و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە، دەوڵەت ساڵانە گەنجانی تازە پێگەیشتوو دەخاتە سەر کار و خۆی مووچەیان دەداتێ، کۆمپانیا کوردییەکان ئەو هەلەیان دەقۆستەوە و داوای کارمەندیان لە فەرمانگەی کار دەکرد.

ئالان دەڵێت "ساڵانە دەچووینە فەرمانگەی کار و نۆرەمان دەگرت بۆ وەرگرتنی ئەو گەنجانە، چونکە زۆر پێویستمان بە خەڵک بوو، لەلایەک بۆ وەڵامدانەوەی خەڵک، لەلایەکی دیکەش بۆ بەڕێکردنی کارەکان، بەڵام ئێستا بە زۆریش ئەو گەنجانەمان بۆ دەنێرن، ئێمە ئیزنیان دەدەین، چونکە هیچ بوارێکی کارمان نییە".

گوتیشی :"ئەو کارەی جاران زیاتر لە سێ کەسی دەویست، ئێستا بە کەسێک بەڕێوەدەچێت، چونکە کەس تکت ناکڕێت".

خالید ڕەسوڵ کارمەند لە فەرمانگەی دۆزینەوەی کار، زانیارییەکانی ئالانی پشتڕاست کردەوە و گوتی :"ساڵانە تەنیا لە ڕێگەی نووسینگە و کۆمپانیا کوردییەکانەوە سەدان گەنجمان دەخستە سەر کار، بەڵام ئەمساڵ ئەوەندەی بزانم تا ئێستا هیچ داواکارییەک لە کۆمپانیاکانەوە نەهاتووە".

#### خاوەنی کۆمپانیاکان بەدوای کاردا دەگەڕێن

کەمبوونەوەی گەشتی کوردی سوێد بۆ کوردستان، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆمپانیاکانی گەشتیاری و گواستنەوە هەبووە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تەنیا لە شارێکی وەکو ستۆکهۆڵم شەش نووسینگەی بواری فڕۆکەوانی و گەشتی ئاسمانی داخراون کە هەر یەکێکیان 3 بۆ 5 کارمەندی هەبووە. خالید ڕەسوڵ کە کارمەندێکی کوردی فەرمانگەی کارە لە ستۆکهۆڵم، گوتی "ئێستا ئەو کارمەندانە و خودی خاوەنی کۆمپانیاکان وەک بێکار لای ئێمە تۆمار کراون".

## سوێد گۆڕانکاری لە ڕێساکانی کۆچدا دەکات

# بخوێنە و ئیقامەی کاتی وەربگرە



مافی مانەوەی کاتی بەوانە دەدرێتە ئەو کۆچبەرە گەنجانەی توانای خوێندنیان لە ئامادەیی هەیە.

### یەکێتیی مامۆستایانی سوێد: نابێ بابەتی کۆچ تێکەڵ بە خوێندن بکرێ

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

مایا خۆشحاڵە بە بڕیارێکی تازەی پەرلەمانی سوێد کە سەرەتای مانگی داهاتوو جێبەجێ دەکرێت، ئەویش بەخشینی مافی مانەوەی کاتییە بەو گەنجانەی توانای خوێندنی ئامادەییان هەیە. مایا زۆر نائومێد بوو، خەریک بوو خۆی بپێچێتەوە و بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام ئێستا بڕیاری داوە بخوێنێ.

مایا نەجیب، تەمەن 19 ساڵ، کە ئەوەندەی نەمابوو لەگەڵ خوشکەکەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئێستا لەگەڵ ڕەنای خوشکی، لەدوای پشووی ئەمساڵ دەست بە خوێندن دەکەن و ئەم ماوەیەش بۆیان هەیە کار بکەن.

بە گوتەی پارێزەرێک، سەتان گەنجی کورد، سوودمەند دەبن لە بڕیارێکی تازەی پەرلەمانی سوێد کە دەڵێت ئەو کۆچبەرانەی لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنن، مافی مانەوەی کاتییان دەدرێتێ.

ئەو دوو خوشکە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن و لە کۆی شەش ئەندامی بنەماڵەکەیان، سوێد تەنیا مافی مانەوەی ئەو دووەی ڕەتکردبووەوە بە بیانووی ئەوەی باوکیان لە هەرێمی کوردستان کار دەکات و هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان نییە، لە کاتێکدا ئەوان خەڵکی شاری حەلەبی سووریان.

مایا دەڵێت "نازانم چۆن جیاکاری لە ئەندامانی خێزانێک دەکرێت، مافی مانەوە بە نیوەیان دەدرێت چونکە ژیانیان لە مەترسیدا بووە و نیوەکەی دیکەش ڕەتدەکرێنەوە؟".

ئێستا ئیدی کێشەی مایا و ڕەنای خوشکی کۆتایی هاتووە و ئیدی بۆیان هەیە بمێننەوە و هیوای ئەوەشیان هەیە ببنە خاوەنی مافی مانەوەی هەمیشەیی. ئەوان زەحمەتیی زۆریان لە ڕێگەی کۆچ بینیوە، مایا دەڵێت بەلەمەکەیان لە دەریا نقوم بوو، بەڕێکەوت ڕزگاریان بوو، دوو جاریش لە بارهەڵگر بەربووەتەوە. مایا گوتی "لەگەڵ ڕەنا وەک بڵێی قەدەرەکەمان وابێت، زۆر ناخۆشیمان بینی تاوەکو گەیشتینە نەمسا. بەڵام دەرکردنمان لە خوێندن و لە کار لە سوێد زۆر لە ناخۆشییەکانی ڕێگا کاریگەرتر بوو".

زۆر کەسی دیکە وەکو مایا و ڕەنا لەلایەن دەزگای کۆچی سوێدەوە مافی مانەوەیان ڕەتکرابووەوە، بەڵام بڕیارە تازەکەی پەرلەمانی سوێد خۆشحاڵی کردن.

زنار ئادەمی کە وەکو پارێزەرێکی خۆبەخش کاری بۆ چەندین کۆچبەر کردووە، دەڵێت :" زیاتر لە 120 کەیسی لەو شێوەیەی مایا و خوشکەکەی شک دەبەم". زنار گوتیشی "بەشێک لەو منداڵانەی بەشێوەی نایاسایی و لە ترسی دیپۆرت سوێدیان جێهێشتبوو، دەگەڕێنەوە. چونکە بڕیارەکەی پەرلەمان شمولی ئەو کەسانەش دەکات کە بڕیاری دەرکردنیان هەبوو".

لە دوای ڕووداوەکەی شەقامی درۆتنینگ لە ڕۆژی حەوتی نیسانی ڕابردوو کە کۆچبەرێک بە بارهەڵگرێکەوە خۆی کرد بەنێو بازاڕدا و پێنج کەسی کوشت، پۆلیسی سوێد ڕێوشوێنی توندی بەرامبەر کۆچبەران گرتەبەر، چاوەڕوان دەکرا کاردانەوەی پۆلیس و دەزگای کۆچی سوێد بەرامبەر ئەو کۆچبەرانەی بڕیاری دەرکردنیان هەیە، توندتر بێ، بەڵام ئێستا پەرلەمان چانسێکی تازەی مانەوە دەداتە کۆچبەران.

### تێبینی لەسەر بڕیارەکە هەیە

زۆر لە پارتەکانی سوێد و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی بواری خوێندنیش، ڕەخنەیان لەم بڕیارە نوێیە هەیە و دەڵێن نابێت بابەتی خوێندن ببەسترێتەوە بە پرسی کۆچ و بڕیاری مانەوە و نەمانەوە و دەرکردن.

لیس یۆهانسن شارەزا لە پرسی پەنابەران و لایەنگری پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە دژی بڕیارەکەن، دەڵێت "لە دەرەوەی لۆژیک و بەشێوەیەکی عاتفی بڕیارەکە دراوە".

یۆهانسن گومانی لە تەمەنی زۆر لەو کۆچبەرانە هەیە کە بڕیارەکەی پەرلەمان دەیانگرێتەوە و دەڵێت "زۆر لەوانەی بەناوی گەنج و منداڵەوە هاتوون، تەمەنەکەیان ڕاستیی نییە، دەبێت جەخت لە ئاشکراکردنی ڕاستیی تەمەن بکرێ و پشکنینیان بۆ بکرێ".

هەروەها یۆهانا ئۆستراند کە بەرپرسی یەکێتی مامۆستایانی سوێدە، دەڵێت شتێکی شیاو نییە بابەتەکانی خوێندن و کۆچبەری بەیەکەوە ببەسترێنەوە. یۆهانا بە (ڕادیۆی سوێد)ی گوتووە :"نابێت بابەتی غیاب و دەرەجە و ئاستی دەرچوون، ببەسترێتەوە بە بڕیارەکانی ئیقامەوە".

بەپێی ڕێسای تازەی سوێد کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە پەرلەمانی سوێد بڕیاری لەسەردرا و یەکی مانگی داهاتوو دەچێتە بواری جێبەجێکردن، مافی مانەوەی کاتی بەوانە دەدرێت کە توانای خوێندنیان لە ئامادەیی هەیە. ئەگەر لە ماوەی شەش مانگی دوای تەواوبوونی خوێندنیش بتوانن کار بەدەست بهێنن، ئەوا دەبنە خاوەنی مافی مانەوەی هەمیشەیی.

#### کۆچبەرێک یان 70 هەزار دۆلار

بڕیاری تازەی سوێد لەبارەی بەخشینی مافی مانەوە بە گەنجان لە کاتێکدایە کە وەزیری کاروباری کۆچی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندبوو، پاشەکشە لە هەندێک لە ڕێساکانی کۆچ دەکەن، بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر یەکێتیی ئەورووپا. مۆرگان یۆهانسن وەزیری کۆچ بە میدیاکانی سوێدی گوتبوو: "دەبێت یەکێتیی ئەورووپا ڕێسایەکی گشتگیر بۆ پرسی کۆچ دەربکات و هەمووان پێوەی پابەندبن". یەکێتیی ئەورووپا داوای لە وڵاتانی نێو یەکێتییەکە کردووە ئەو ژمارەیە لە کۆچبەران وەربگرن کە بۆیان دیاری دەکرێ، ئەگەرنا لەبەرامبەر وەرنەگرتنی هەر کۆچبەرێک بڕی 70 هەزار دۆلار بدەنە یەکێتییەکە.



## ژنیک خۆی دەخنکێنێ

رووداو- چوارقوڕنە

ڕۆژی 2017/5/14 لە گەڕەکی کۆلین سیتی لە ناحیەی چوارقوڕنە، ژنێکی تەمەن 18 بەناوی (د.س) لە ماڵی خۆیان بە پەت خۆی خنکاند.ڕائید شۆرش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕیوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی دوای ئەوەی لەپزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی ڕانیە تویکاری بۆتەرمەکەی کرا دەرکەوت ئەو ژنە خۆی خنکاندووە. سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش ناوبراو گوتی لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتاییدایە و هێشتا ڕوون نییە بۆچی خۆی خنکاندووە، کەسوکارەکەی دەڵێت هیچ کێشەیەکی نەبووە، نەخۆشیش نەبووە، بۆیە نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە.

# قوربانی، لە بن پێی جێبەجێکاری یاسادا!



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

ڕۆژی پێنجشەممە 2017\4\27، ژن و مێردێکی ئاوارەی عفرینی، کە شەش مانگ زیاتر بەسەر پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیاندا تێپەڕنەببوو، بەدەستی دراوسێیەکی خۆیان لە هەولێر، لەناو ماڵی خۆیاندا و بە نیوەشەو، خڵتانی خوێن کران و کوژران. هێڤیدار ئەحمەد، پەیامنێری ڕووداو کە ڕیپۆرتاژێکی لەسەر ئەو کارەساتە ئامادەکردبوو، لە وتەی کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا، گوتی؛"هەندێ لە خەڵکی هەولێر گوتیان، کوشتنی سەیدۆ و هاوژینەکەی دووجار تاوانە، جارێک کە کوژراون، جارێکیش میوانی [خەڵکی] ڕۆژئاوای کوردستانن". ئەوەی کە لە شارێکی غەریبەنەوازی وەک هەولێر تاوانی ئاوا ڕوویدا، بەدڵنیاییەوە جێی داخە. بەڵام بەباوەڕی من، ئەو دوو قوربانییە نەک دووجار بەڵکو سێ جار غەدریان لێ کرا؛ جاری سێهەم لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە!

با پێشەکی ئەوە بڵێم، سەرەڕای سروشتی ناوازەی هێندێک لە تاوانەکانی مرۆڤکوژی لە کوردستان، بۆ وێنە ڕقهەڵگرتن لە مەلایەک تا ئاستی کوشتنی لەسەر تاکە جنێوێک، یاخود کوشتنی بێبەزەییانەی گەنجێک تەنیا لەسەر لایتێکی سەیارە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، زەبروزەنگی بێبەزەییانە و تاوانکاریی سەرسوڕهێنەر، تەنانەت لە وڵاتە هەرەپێشکەوتووەکانی دنیاش ڕوودەدەن و تەنیا تایبەتمەندیی وڵاتی ئێمە نین. ئەوەی جیاوازە و، کەلێنی گەورە دەخاتە نێوان ئێمە و گەلانی پێشکەوتووەوە، کولتووری مامەڵە لەگەڵ تاوانە، کولتوورێک کە هەمیشە پشت بە یاسا نابەستێ، بگرە بەپێچەوانەوە؛ یاساش دەخاتە پاوانی خۆیەوە! با نموونەیەک بێنمەوە:

چەند ساڵ پێش ئێستا "یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی" لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا. ئەو یاسایە ڕەنگە پێشکەوتووترین یاسای لەو چەشنە، لەسەر ئاستی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین بێت، کەچی ئەوسا و ئێستاش گازندەی زۆر لەسەر شێوەی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە هەبووە و هەیە. سەرچاوەی کێشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە بەشێک لە دادوەرەکان، کە دەبێ جێبەجێکاری ئەو یاسایە بن، بۆخۆیان بڕوایان بە یاساکە نییە. مووچەخۆرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، زۆرجار وشیارانە یان ناوشیارانە، دەسەڵاتی یاساپێدراویان بەشێوەیەک بەکاردەهێنن، لەگەڵ ڕۆحی ئەو یاسایانە ناتەبایە کە مووچەی پارێزگاریلێکردنی وەردەگرن! بەتایبەتی لەو پرسە کۆمەڵایەتییانەدا کە ڕەهەندی جێندەرییان هەیە، لەنگەرگرتنی بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی میری، لەسەرهێڵی خۆڵەمێشیی نێوان یاسا و کولتوور، ئەو دیاردە باوەیە کە ڕێ لە چەسپاندنی بنەماکانی "حکومەتی یاسا"، دەبەستێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان لە بێلایەنی و مامەڵەی یاسامەندانەی کاربەدەستان دڵنیا نەبن. لەناو توێژە کەمدەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەدا، ژنان قوربانیی گەورەی ئەم دیاردەیەن.

شێوەی مامەڵەی پۆلیس لەگەڵ کەیسی ئەو دوو قوربانییەی تاوانکاری کە لە دەسپێکی ئەم وتارەدا ئاماژەی پێکرا، نموونەیەکی زەقە بۆ بەرچاوخستنی ڕەهەندی نیوەنادیاری توندوتیژییەکی ساختاری لەگەڵ ژن کە بەناو بیناقاقای کۆمەڵگەی کوردی و دامودەزگاکانیدا ڕۆچووە. دوابەدوای ئاشکرابوونی تاوانی کوشتنی ئەو ژن و مێردە ئاوارەیە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، گەرماوگەرم، لەبەرچاوی کامێراکاندا، ئاوا بۆ میدیاکان هاتەگۆ: " لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا وا دەردەکەوێت، کە هاوکاربوونە لە گەیاندنی ئەو کوڕە بۆ ئەو ماڵە، بەپێی گوتەکان و ئەوەی وەرگیراوە، ئافرەتەکە هۆکار بووە بۆ گەیشتنی ئەو کوڕە بۆ ئەو ماڵە".

سەرنج بدەن چ تۆمەتێکی قورس دەخرێتە پاڵ قوربانیی تاوانەکە! ئەمە قسەی خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نییە. ئەمە واتەواتی خەڵکانێکی بێکاری لاوەکی نییە. ئەمە قسەی "پارێزەری یاسا و سەر و ماڵ و کەرامەتی هاووڵاتیانە"، ئەویش پشتبەستوو بە "لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان"! ئەوە لە کاتێکدا "لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان" وەک لەناوەکەیڕا دیارە، لێکۆڵینەوەی سەرەتایین. سەرەتاییش نەبن، هیچ لە نەفسی تاوانە سەرەکییەکە ناگۆڕن؛ گەورەترین تاوان، واتە کوشتن، بەرامبەر دوو مرۆڤ کراوە و هەموو شتێکی دیکە، دەکەونە پەراوێزی ئەو پرسەوە. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ، لەکاتێکدا کە هێشتا تەرمی قوربانییەکانی تاوانێک، خوێنی لەبەردەڕوا، چ هۆکارێک "پارێزەری یاسا" هان دەدات بچێتە ناو باسێکی لاوەکیی ئاواوە؟ ئایا وتەیەکی کەسی گومانبار، ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ میسداقیەتێکی یاسایی وەرگرتبێ، هی ئەوەیە پۆلیس بیکات بە بنەمای تۆمەتێکی ئاوا قورس لەدژی قوربانیی تاوانەکە؟! ئایا ئەوەی پۆلیس هان دەدا بۆ ئەم تەرزە لە هەڵوێستوەرگرتن و ڕوونکردنەوە بۆ هاووڵاتیان، "بەجێگەیاندنی وشیارانەی ئەرکێکی یاسایی"یە یان ڕەفتارکردنێکی ناوشیارانە و نەستەکی، بە گوێرەی شۆڤێنیزمێکی پیاوانە؟!

شۆڤینیزم بەمانا قامووسییەکەی بریتییە لە کرداری یەکلایەنە ودەمارگرژانە لە ئاست کەس یان تاقمێکی نەخوازراو یان ئەندامانی ئەو تاقمە. شۆڤینیزمی پیاوانە، بریتییە لە بەرجەستەکردنەوە و هەڵخڕاندنی هەستی ڕق و کینە لە ئاستی زایەندی بەرامبەر، لەسەر بنەمای ئەقڵیەتێکی پیاوانە و، بۆچەسپاندنەوەی پێوەندییە نابەرامبەرە جێندەرییەکانی ناو کۆمەڵگا. مەکینەی شۆڤینیزم ئەوکاتە دەکەوێتە گەڕ کە گرووپێک وەک دوژمن یان هەڕەشە لەقەڵەم دەدرێ. شۆڤینیزمی پیاوانەش، نەیار و "ژنی نەخوازراو" بە ڕەبەی پیاوسالاری دیاری دەکا و، لەسەربنەمای ئەخلاقیاتی پیاوانەی ناو کۆمەڵ، مەشروعیەتی بوونی کەرامەتمەندانەی ئەو لە ناو جڤاکدا دەباتە ژێرپرسیار.

وردبوونەوەیەکی دووبارە لە پێکهاتەی ئەو "ڕوونکردنەوە"یەی بەڕێز بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، زۆر شتمان لەسەر ڕەهەندی کولتووریی ئەودیو شێوەی ڕەفتاری پۆلیس -وەک بوونەوەرێکی لەنگەرگرتوو لە نێوان یاسا و کولتووردا- بۆ دەردەخا. بەڕێوەبەری پۆلیس، سەرەتا بە نیوە ڕستەیەکی لێڵوپێڵ دەستپێدەکا: "هاوکاربوونە لە گەیاندنی ئەو کوڕە بۆ ئەو ماڵە". فۆڕمی ئەم ڕستەیە لە فەرهەنگی ئاخاوتنی ڕۆژهەڵاتیانەی ئێمەدا زۆر ئاشنایە. کێ هاوکار بووە؟ چۆن هاوکار بووە؟ لەپێناوی چیدا؟ ئەم ڕستە ناڕوونە زەمینەیەکی زەینی بۆ چەکەرەکردنی گومانێک لای بەرۆیژ یان موخاتەبی خۆی دەڕەخسێنێ، کە زەمینەی ئەوەی تێدایە هەر کەس بە شێوەیەک بەدەمیەوە بدا و بۆی بستێنێتەوە. ئەمەش ڕێک ئەو دۆخە و ئەو مێکانیزمەیە کە دەنگۆ و واتەوات بەرهەم دەهێنێ. دەنگۆ یان واتەوات، بەگوێرەی پێناسە، بریتییە لە "ڕاستییەکی پشتڕاستنەکراوەی دابەشکراو". نیوەڕستەکەی پۆلیس، پڕاوپڕی ڕاستییەکی پشتڕاستنەکراوەی دابەشکراوە! خۆ پێویست بە وەبیرهێنانەوەش ناکا، چەنێک کچ و ژنی وڵاتی ئێمە، هەر لەسەر "ڕاستییەکی پشتڕاستنەکراوەی دابەشکراو" خوێنیان کراوەتە کاسە و دەستی کەسوکار چۆتە گیانیانەوە!

پۆلیس لە کاتێکدا کە لە یەکەم ڕۆژی ئاشکرابوونی تاوانەکەدا، هەموو زانیارییەکانی پشت بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەبەستێ، کەچی خۆی پێ ڕاناگیرێ و قسەی دڵی ئاشکرا دەکا. پۆلیس دەڵێ "بەپێی گوتەکان و ئەوەی وەرگیراوە، ئافرەتەکە هۆکاربووە بۆ گەیشتنی ئەو کوڕە بۆ ئەو ماڵە". مەبەست لە ئافرەتەکە ئەو قوربانییە کوژراوەیە کە تازە دەستی لە ئەرز و ئاسمان دابڕاوە و هیچ ڕێگەیەکی نییە تا لە بەرامبەر ئەو تۆمەتە گەورەیەدا، بەرگری لە کەرامەتی خۆی بکات. لەم پێوەندییەدا دەبێ سێ خاڵ لەبەرچاو بگرین:

**یەکەم:** گومانباری کوشتنی ئەو ژن و مێردە، کە تاوانێکی ئەوەندە گەورەی ئەنجام دابێت، بەدڵنیاییەوە هەموو قسەیەکیش دەکات بۆ ئەوەی خۆی بێتاوان نیشان بدا، یان هیچ نەبێ شەریکە تاوانێک بۆ خۆی دەستنیشان بکات. لە کوێی دنیا قسەی ئەنجامدەری تاوانێکی ئاوا وەک دەسکەوتی "لێکۆڵینەوە"، گەرماوگەرم، بڵاو دەکرێتەوە؟!

**دووهەم:** وێنە بڵاوکراوەکانی ژووری خەوی قوربانییەکانی ئەو تاوانە، دەریدەخا کە ئاستی ژیانی ئەو خێزانە، لە هی ئاوارەیەکی کەمپنشین بەرزتر بووە. ئەی کێ ناڵێ ئەو گومانبارە بۆ دزی چووەتە ئەو ماڵە؟! جا گریمان بۆ خۆی دان بەشتی وادا بنێ یان نەینێ! ئەوەی کە چۆن و بۆچی چۆتە ئەو ماڵە، چ شتێک لە دەرکەوتنی تاوانەکە دەگۆڕێت؟ چ ڕێسا و یاسایەک ڕێ بە پۆلیس دەدا، خەمساردانە و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی مەحکەمە پەسند، وێنای ڕوونی تاوانکار و قوربانی بشێوێنێت؟!

**سێهەم:** کاتێک بەڕێوەبەری پۆلیس، خەمساردانە دێت و پشتبەستوو بە زانیاریی پشتڕاستنەکراوە، ژنێکی قوربانیی خەڵتانی خوێنکراو دەکاتە شەریکە تاوانی بکوژەکەی خۆی، بەشدارییەکی کارا لە درێژبوونەوەی زنجیرەی تاواندا دەکا. ڕەنگە بەڕێوەبەری بەڕێزی پۆلیس لە هەموومان باشتر بزانێ، کاتێک لە کۆمەڵگەی پیاوسالار و ڕقئەستووری ئێمەدا، گومانی دەرگاخستنەسەرپشت بۆ پیاوێکی غەریبە، دەخرێتە پاڵ ژنێکی هاوسەردار، ئیتر بێ هیچ لام و جیمێک، دەرگای دۆزەخی نەفرەتێکی کوێر و بێبەزەییانە، بۆ ئەو ژنە سیابەختە دەخرێتە سەرپشت. خۆ زۆر لەو تۆمەتەش کەمتر بەسە بۆ ئەوەی ژنێک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەرامەتی تێک بشکێندرێ و، ئەگەر بەجەستە نەماوە تا بەرگری لەخۆی بکا، ئەوا لە باری کۆمەڵایەتییشەوە سەری بەرزی پێ نەوی بکرێ و توورهەڵبدرێتە ناو دڕکودالی چۆڵەوانییەکانی نەفرەت و حاشالێکردنەوە.

من نازانم چی بەسەر کەسوکاری ئاوارە و جەرگسووتاوی ئەو ژن و مێردە خۆشی لەخۆنەدیوە جوانەمەرگە عفرینییەدا هاتووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر ئەو وتە گومانخوڵقێنەی بەڕێوەبەری پۆلیس بەسە بۆ ئەوەی لە کەیسێکی لەم چەشنەدا، فیتنەیەکی گەورە لە نێوان کەسوکاری دوو قوربانییەکەدا بخوڵقێ و، تەنانەت ببێتە هۆی ڕشتنی خوێنی زیاتر و، درێژبوونەوەی زنجیرەی تاوان و تاوانکاری.

لە ژینگەیەکدا کە "پیاوانی جێبەجێکاری یاسا" بەم کولتوور و ئەقڵیەتەوە مامەڵە لە گەڵ تاوان و تاوانکاری بکەن، سەیر نییە ئەگەر، قوربانییە زیندووەکان بەلایەک، قوربانییە مردووەکانیش نەتوانن بە ئاسانی (و بە یەکسانی) سەر بنێنەوە!



(فۆتۆ: ڕووداو)

# ترێ کوژرا یان خۆی کوشت؟



عومەر چاوشین
رووداو — دووکان

ترێ، دوای نوێژی هەینی کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی خەوتبوون، لە گەرماوی ماڵەکەیاندا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی هات. دوای ڕووداوەکە، هاوژینەکەی و دوو کەسی دیکە دەستگیرکران.

ڕۆژی 2017/5/5 ئافرەتێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (ترێ.ع.ب) کە دایکی منداڵێکی تەمەن حەوت مانگ بوو، لە گەرماوی ماڵەکەیاندا لە ناحیەی خدرانی سەر بە قەزای دووکان، بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی هات. ماڵی باوکی ترێ دەڵێن کچەکەیان کوژراوە، بەڵام ماڵە خەزووانی دەڵێن خۆی کوشتووە.

خدر کە مامی گەورەی ترێیە، باسی چۆنیەتی بەشوودانی برازاکەی دەکات و دەڵێت کاتێک هاتنە خوازبێنی ترێ، ڕازی نەبوون ترێ شوو بکات، چونکە منداڵ بوو، بەڵام لایەنی بەرامبەریان زۆر پێداگیرییان کرد کە ئەو کچەیان بدەنێ، بۆیە ڕازی بوون.

خدر دەڵێت "پێمانگوتن ترێ منداڵە و دەبێ زۆر ئاگاداری بن، تاوەکو دەبێت بە ئافرەتێکی کامڵ، بەڵام ئەوان کوشتیان".

## پۆلیس: پێدەچێ ترێ کوژرابێ

بە گوتەی خدر، بنەماڵەی هەردوولا هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە، دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە خەزووری ترێ لەگەڵ باوکی ترێ چوونەتە ئێران بۆ چارەسەری نەخۆشیی خەزووری ترێ.

خدر کە قسەی لەگەڵ باوکی ترێ کردووە و پرسیاری پەیوەندی نێوان ئەو ژن و مێردەی لێکردوون، ئەو پێیگوتووە کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبووە، ماوەیەک لەمەوبەر ترێ داوای ماڵی جیای کردبوو، بەڵام لەگەڵ باوکی ترێ دانیشتوون و پێکەوە قسەیان کردووە و قەناعەتیان بە ترێ و هاوژینەکەی کردووە کە ماڵی خۆیان نەکەن، چونکە ڕەنگە توانای خۆبەڕێوەبردنیان نەبێ، بۆیە ئەوانیش پەشیمان بوونەتەوە.

خدر هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە، بەڵام دەڵێت دڵنیایە برازاکەی لەلایەن ماڵە خەزوورانییەوە کوژراوە. ئەو دەڵێت سکاڵایان لەسەر هاوژینی ترێ و دوو کەسی دیکە تۆمار کردووە و هەرسێکیان دەستگیرکراون.

خدر گوتی "ئێمە دەزانین ترێ کوژراوە، هۆکارەکەشی هەر ئەوە بووە کە داوای ماڵی جیای کردووە، بەو هۆیەوە دەمەقاڵێ دروستبووە. ئەوان ئەگەر کچەکەمان کێشەی هەبوو دەبوایە بینێرنەوە ماڵی باوکی، نەوەک بیکوژن".

سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکەی ترێش کە تەمەنی تەنیا حەوت مانگە، خدر گوتی "منداڵەکەمان ناردووەتەوە بۆ ئەوان دەبێ ئەوان پەروەردەی بکەن".

بەڵام فەرهاد کە ژنبرای ترێیە، ڕەتیکردەوە ترێ کوژرابێ و گوتی "براکەم شوانە، ئەوانە سێ ساڵە پێکەوەن، هیچ کێشەیەکیان نەبووە، زۆر تەبابوون بەیەکەوە، ساڵێک لەمەوبەر دەمەقاڵەیەک لەسەر ماڵکردن لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام خەزووری براکەم هات و کێشەکەی چارەسەرکرد و ماڵ جیاکردنەوەیان دواخست".

فەرهاد باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "براژنەکەم هیچ کێشەی نەبوو، هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، بەڵام نازانین ئەو ڕۆژە براژنم بۆچی وای بەسەرخۆی هێناوە، دوای نانخواردن و نوێژی هەینی بوو کە ئەوە ڕوویداوە، دەمانچەکە هی باوکمە، چووەتە حەمام و گوللەیەکی لە سینگی خۆی داوە".

گوتیشی "لەکاتی ڕووداوەکەدا براکەم لە ماڵ نەبووە و لەلای ئاژەڵەکانی بووە".

هێشتا بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە ئەو ئافرەتە خۆی کوشتووە یان کوژراوە. فەرمان عەزیز، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی ناحیەی خدران بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ژنە گوللەیەکی دەمانچەی بەرکەوتووە، گوللەکە بە سینگی کەوتووە و لە پشتی دەرچووە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، ئەو ئەفسەرەی پۆلیس گوتی "تاوەکوو ئێستا هۆکارەکەی دیار نییە، بەڵام گومان لەڕووداوەکە هەیە، فیشەکەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەریکەوتووە، پێمانوایە ڕووداوەکە کوشتنە نەوەک خۆکوشتن، هەر بەو تۆمەتەش هاوژینی ئافرەتەکە و دوو کەسی دیکە بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (457) - دووشەممە 2017/5/15



## لە سلێمانی ڕاهێنەرێک دەکوژرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/5/13 دیار بەکر ڕاهێنەری یانەی تازەپێگەیشتووانی بازیان لە یاری نێوان یانەکەی و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کوژرا. زانیار تۆفیق، سەرۆکی یانەی بازیان بە (ڕووداو)ی گوت "ناوبژیوانی یارییەکە سێ یاریزانی ئێمەی بە کارتی سوور دەردەکات، دەمەقاڵێ لەنێوان تیمی ناوبژیوانی یارییەکە و چەند یاریزانێکی بازیان دروستبووە. پاشان کەسێک بەناوی (م-ح) لەگەڵ چەند یاریزانێکی بازیان دەبێتە دەمەقاڵیان، دوای چەند خولەکێک پەلاماری چەک دەدات و بەرەورووی یاریزانەکانی بازیان دێت، دیار بەکر ڕاهێنەری بازیان بەرەورووی دەڕوات تاوەکو ڕێگری بکات و نەهێڵێت تەقە بکات، لەو کاتەدا سێ فیشەک دەنێت بە دیار بەکرەوە".

## نە گورچیلەی ما و نە پارەی بینی

# گەنجێکی حەڤدە ساڵان چیرۆکی خۆی لەگەڵ باندێکی ساختەکار دەگێڕێتەوە



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(س.ف)ـی تەمەن 17 ساڵان پاش ئەوەی هاوڕێکەی لە دانیشتنێکی مەی خواردنەوە پێشنیازی بۆ دەکات وەکو ئەو گورچیلەی بفرۆشێ و بێ هیچ کێشەیەک ببێتە خاوەنی 25 ملیۆن دینار، چاو لە هاوڕێکەی دەکات و بڕیار دەدات گورچیلەی بفرۆشێ، شەوێک پێش ئەوەی نەشتەرگەریی دەرهێنانی گورچیلەکەی بۆ بکرێ پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێت هەڵبێت، بەڵام هاوڕێکەی بە هەڕەشەکردن ڕێگریی لێدەکات و سەرئەنجام گورچیلەی دەفرۆشێ.

### بۆچی گورچیلەی فرۆشت؟

(س.ف) خەڵکی گوندێکی سەر بە قەزای بەردەڕەشە، باوکی نەماوە و خاوەنی دایکێکی بە تەمەن و پێنج برا و دوو خوشکە. ئەو دەڵێت "لەدوای مردنی باوکم ڕووم کردە مەی خواردنەوە و جگەرەکێشان".

(س) ماوەی سێ ساڵە هاوڕێیەتی گەنجێکی تەمەن 26 ساڵانی خێزاندار دەکات و بەگوتەی خۆی نەیزانیوە ئەو گەنجە "مافیایە و بازرگانی بە جەستەی مرۆڤ دەکات".

(س) گوتی "شەوێک لەگەڵ دوو هاوڕێم دانیشتبووین و خەریکی مەیخواردنەوە بووین، ئەو هاوڕێیەم گوتی لەو کارەی دەیکەی پارەیەکی کەمت دەستدەکەوێت، تەنانەت تاوەکوو ئێستا ئۆتۆمبێلێکت پێ ناکڕدرێت، ئەوەتا من ئۆتۆمبێل و ماڵ و هەموو شتێکم هەیە، ئەوەشم بەبێ ماندووبوون کردووە، ئەگەر تۆش بتەوێت دەتوانیت هیچ نەبێت ببیتە خاوەنی ئۆتۆمبێلێک".

کاتێک (س) لە هاوڕێکەی دەپرسێ کە بە چ ڕێگەیەک وا بە ئاسانی بووەتە خاوەنی هەموو شتێک؟ هاوڕێکەی دەڵێت "تەنیا بە فرۆشتنی یەک گورچیلە". لەو کاتەدا شوێنی نەشتەرگەرییەکەی خۆی نیشان دەدات کە تەنیا خەتێکی کاڵ دیار بووە. هاوڕێکەی دەڵێت "من گورچیلەم فرۆشتووە و دوای دەرهێنانی گورچیلەکەشم، نەشتەرگەری جوانکاریم بۆ کردووە، بۆ ئەوەی دیار نەبێت".

### گورچیلەیەک به 45 ملیۆن دینار

(س) ڕازی دەبێت گورچیلەی خۆی بە 25 ملیۆن دینار بفرۆشێت. دەڵێت "گوتم من هێشتا نەبوومەتە 18 ساڵ، چۆن دەتوانم گورچیلەم بفرۆشم، هاوڕێکەم گوتی خەمت نەبێت خەڵک هەیە کاری فرۆشتنی گورچیلە ڕێکدەخات و بە 45 ملیۆن دینار گورچیلەکەت دەفرۆشێت، 20 ملیۆن دینار بۆ خۆی و شتێکیش دەدات بە من، ئەو 25 ملیۆن دینارەی دەشمێنێتەوە دەیدات بە تۆ".

دوای ڕازیبوونی بە فرۆشتنی گورچیلەکەی، ئامادەکاری بۆ فرۆشتنی گورچیلەی (س) دەستپێکرد، وەک خۆی دەڵێت "لە ماوەی 10 ڕۆژدا هەموو ئامادەکارییە یاساییەکان و پشکنینە تەندروستییەکانیان بۆ تەواو کردم، هاوڕێکەم بە ساختە دوو کەسی ڕێکخستبوو، یەکێکیانی کردبوو بە باوکم، ئەوەی دیکەی کردبوو بە من، ناسنامەی بۆ هەردووکیان ئامادەکردبوو، ئەو کەسەی لە جیاتی من کارەکانی پێکردبوو خەڵکی شەنگال بوو".

### پەشیمان دەبێتەوە

شەوێک پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دەرهێنانی گورچیلەکەی، (س) تەلەفۆن بۆ هاوڕێیەکی خۆی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە "هاوڕێیەکم ئاگادار کردەوە کە سبەی کارێکی وا دەکەم، بەڵام ئەو زۆر تووڕە بوو، گوتی ژیانی مرۆڤ لە پارە گرنگترە و دواتر پەشیمان دەبیتەوە، هەر لەو کاتەدا هەستم کرد کە هەڵە دەکەم، بۆیە پەشیمان بوومەوە".

(س) دەچێتە لای ئەو هاوڕێیەی کە پێشنیازی فرۆشتنی گورچیلەکەی بۆ کردبوو بۆ ئەوەی پێی بڵێ پەشیمان بووەتەوە. (س) گوتی "چوومە لای هاوڕێکەم و بینیم لەگەڵ سێ کەسی دیکە دانیشتوون و خەریکی مەی و حەب خواردنن، پێمگوت پەشیمان بوومەتەوە لە فرۆشتنی گورچیلەکەم، بەڵام ئەو هەڕەشەی لێکردم و گوتی کارەکانمان هەمووی ڕێکخستووە و پاشگەزبوونەوە لەو کارە بە مردنت کۆتایی دێت، بڕۆ بۆ هەر جێگایەک دەتدۆزمەوە و دەتکوژم، ئەوکات زانیم کەوتوومەتە داوەکەوە و ئەمانە خۆیان بازرگانی بە جەستەی مرۆڤەوە دەکەن".

> "نزیکەی مانگێکە لە ئاسایشی بەردەڕەش سکالاّم تۆمار کردووە، بەڵام بێ وەڵامە"

### مامەڵە بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ

بەگوتەی (س) ئەو شەوە هاوڕێکەی لەگەڵ سێ کەسەکەی دیکە مامەڵەی فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤیان کردووە "لەگەڵیان دانیشتم، ئەوان قسەیان لەسەر کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ دەکرد بەدەم مەی و حەبخواردنەوە، گوێم لێبوو کەسێک داوای پەردەی گوێی بۆ نابیستێک لێکردن، ئەوانیش گوتیان بە 30 هەزار دۆلار بۆت پەیدا دەکەین".

وەک (س) دەیگێڕێتەوە، هەر لەو دانیشتنەدا هاوڕێکانی باسیان لە نرخەکانی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ دەکرد "باسی کلاّوەی ئەژنۆیان دەکرد، بە 32 ملیۆن دەیانکڕی، پەردەی گوێ بە 30 هەزار دۆلار دەکڕن، ئینجا نازانم دەبێت بە چەند بیفرۆشنەوە، هەموو ئەندامانی جەستەی مرۆڤیش بە 320 هەزار دۆلار دەفرۆشن".

(س) دەشڵێت "دوو کەس لە شاری سلێمانییەوە هاتن، پیاوێک کە تەمەنی گەورە بوو، گوتی زۆر هەژارم و قەرزارم، ڕێککەوت لەگەڵیان کە گورچیلەیەکی بە 9 ملیۆن دینار لێبکڕن".

(س) بەبێ ئاگاداری ماڵەوە گورچیلەکەی دەفرۆشێت، ئەو دەڵێت "کەسوکارم ئاگادار نەبوون، چونکە من نووسەر بووم لە نووسینگەیەکی گواستنەوە لە نێوان هەولێر و دهۆک، بە مانگ نەدەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، بۆیە کەس ئاگادار نەبوو".

### هاوڕێکەم فێڵی لێکردم

(س) مانگی ئاداری ڕابردوو گورچیلەکەی فرۆشت، بەڵام دوای دەرهێنانی گورچیلەی، زانی کە هاوڕێکەی فێڵی لێکردووە "بەیانییەکەی چووین بۆ نەخۆشخانە لە هەولێر، تا گورچیلەکەم بە پیرەمێردێکی عەرەبی خەڵکی نەجەف بفرۆشم، کە چووینە نەخۆشخانەکە، سەرەتا ڕازی نەبوون، چونکە ئەو ناسنامەیەی دروستی کردبوو وێنەی ئەو کەسەی لەسەر بوو کە خۆی کردبوو بە من و گوتیان ئەمە تۆ نیت، منیش کەسێکم لەگەڵ بوو کە شەریکی هاوڕێکەم بوو، تێلی بۆ کرد و هاوڕێکەشم تێلی بۆ نەخۆشخانەکە کرد، نازانم چۆن ڕازیکردن تاوەکوو نەشتەرگەرییەکە بکەین، بۆیە ڕێگەیان پێداین".

(س) دەڵێت دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە و بەئاگاهاتنەوەی زانیویەتی فێڵی لێکراوە "کاتێک بەئاگاهاتمەوە و چاوم کردەوە، ئەو کەسەی لەگەڵم بوو، پێیگوتم ئەو فێڵی لێکردووی و ڕۆیشتووە بۆ تورکیا، تەنیا شەش ملیۆن دیناری بۆ بەجێهێشتووی و 39 ملیۆن دینارەکەی دیکە بۆ خۆی بردووە".

### دووبارە فێڵی لێدەکرێتەوە

ئەو کەسەی لە نەخۆشخانە لەلای (س) بووە، شەریکی هاوڕێکەی بووە، بەڵام ئەو نەیزانیوە تا ئەویش فێڵی لێکردووە "دوای یەک ڕۆژ لە نەشتەرگەرییەکە و هەر لە نەخۆشخانە ئەو کەسەی لەگەڵم بوو گوتی ئەو پارەیەی هاوڕێکەت بۆی بەجێهێشتووی با بەخۆڕایی نەڕوات و بیدە بە ئۆتۆمبێلێک، منیش ڕازی بووم، خۆی ڕۆیشت ئۆتۆمبێلێکی جۆری بی ئێم دەبلیوی بە 4300 دۆلار بۆ کڕیم، بەڵام دوای 12 ڕۆژ، ئەو کەسە کە بەردەوام لەگەڵم بوو لەلای دەمامەوە، گوتی ئێستا بڕۆیتەوە براکانت پێتدەڵێن بە چی ئۆتۆمبێلت کڕیوە و تووشی کێشە دەبیت، وەرە با بەو پارەیە خۆشییەکت پیشان بدەم کە بە خەیاڵیش نەتبینیبێت".

(س) ئۆتۆمبێلەکەی بە 3300 دۆلار دەفرۆشێ. پاشان لەگەڵ هاوڕێکەی بە چوار ڕۆژ هەموو پارەکە خەرج دەکات. (س) دەڵێت "ئەو کوڕە منی برد بۆ خانوویەکی زۆر خۆش لە یەکێک لە کۆمەڵگاکانی شاری هەولێر و پێیگوتم کرێی ئەو خانووە شەوی 200 دۆلارە، دوو ژنی لەشفرۆشی هێنا، ئەوانیش هەریەکەیان ڕۆژی بە 200 دۆلار، ڕۆژانەش 200 دۆلارمان بۆ خواردن و خواردنەوە خەرج دەکرد، واتە بۆ شەو و ڕۆژێک 800 دۆلارم خەرج دەکرد، چوار شەو و چوار ڕۆژ لەو ماڵە مابنەوە، خواردنی تایبەت و خواردنەوە و خەوتن لەگەڵ ئەو لەشفرۆشانە کە ڕۆژانە دەیگۆڕین، واتە هەر ڕۆژە دوو ئافرەتی جیاواز دەهاتنە لامان، دوای تەواوبوونی پارەکەم، ئەو کوڕە لێم بوو بە دوژمن و دەریکردم، گوتی جارێکی دیکە نەیەیتەوە، ئیشی ئێمە تا ئێرە بوو و تەواو".

### چۆن ئاشکرا بوو؟

ئێستا (س) نە گورچیلەی ماوە و نە ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی گورچیلەکەی دەستیکەوت "کاتێک ئەو کەسەش دەریکردم، من شێت بووم، تەنانەت پارەم پێنەبوو تەقەڵەکانم دەربهێنمەوە، بۆیە ناچار بووم ڕووداوەکەم بۆ ماڵەوە باسکرد، ئەوان سەریان سوڕما و زۆر پێیان ناخۆش بوو، تازە کار لەکار ترازابوو، هیچمان پێنەدەکرا، چونکە ئەو کەسەی گورچیلەی من و چەندانی وەکو منی فرۆشتبوو ڕۆیشتبوو، ڕۆژێک لە هەولێر و مانگێک لە تورکیایە، منیش ژیانم یەکپارچە گۆڕا و گورچیلەم لەدەستدا، خەمی من لەدەستچوونی پارەکە نییە، بەڵکو فریودانم و نەمانی گورچیلەکەمە".

(س) داوا دەکات حکومەت بەدواداچوونی ورد بکات، چونکە ڕۆژانە بەدەیان کەس فریودەدرێن و ئەو کەسانەش کە فریویان دەدەن بە ئازادی دێن و دەچن "ئەو کەسانە ڕۆژانە لە گەرمەی مامەڵەکردندان بە جەستەی مرۆڤ، بە ناسنامەی ساختە دەیکەن، دواتر دەچن لەسەر حیسابی ئەم خەڵکە لە تورکیا ڕادەبوێرن، بۆیە داوادەکەم بەرپرسان وەڵاممان بدەنەوە، چونکە نزیکەی مانگێکە لە ئاسایشی بەردەڕەش سکالاّم تۆمار کردووە، بەڵام بێ وەڵامە".

### بە خۆبەخش خۆی ناساندووە

بەڵام بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئەو نەخۆشخانەیەی کە نەشتەرگەرییەکەی تێدا کراوە، قسەیەکی جیاواز لەبارەی ڕێکارەکانی پێش نەشتەرگەری دەکات. ئەو کەسە کە ناوی لای ڕووداو پارێزراوە، گوتی: "دەرهێنانی گورچیلەی (س) بە ڕەزامەندی و پەنجەمۆری خۆی بووە، ئێمە نازانین لەپێش هاتنی بۆ نەخۆشخانە پلانی چی بووە، ئەوەندە دەزانین وەک خۆبەخشێک هاتووە. ڕێکارە یاسایی و تەندروستییەکانی لەلایەن لێژنەیەکەوە کە لە پزیشک و پارێزەر و ئەفسەری پۆلیس و ئاسایش پێکهاتوون، بۆ کراوە و هیچ بەرپرسیارێتییەک لەسەر ئێمە نییە، چونکە ڕۆژێک پێشتر لە نەخۆشخانە بووە و بەبێ هیچ گوشارێک ڕەزامەندیی داوە، هیچ کەسێک لە نەخۆشخانەکەمان پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، مەسەلەی ساختەکاریش لە ناسنامە، ئەوە لەلای ئاسایش و پۆلیسە نەک ئێمە".

هەر لەبارەی بازرگانیکردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دەرهێنانی گورچیلە لە هەندێک نەخۆشخانە، دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو قسانە تەنیا لە میدیا کراون و دەبێت کەسەکە سکالاّ تۆمار بکات، ئەوکات پێویست بە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکات، چونکە نەخۆشخانەکەش قسەی خۆیان هەیە و دەبێت گوێ لە هەموو لایەکان بگرین، ئەوکات بڕیار بدرێت".



**موقەدەمی مافپەروەر**
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## ئەم جۆرە تەڵانەش هەن

مەرج نییە هەر کاتێک ڕەگەزی بەرامبەر نیگایەکی بۆ کردی، یەکسەر دڵی خۆتی پێشکەش بکەی، چونکە ڕەنگە ئەو نیگایە تەڵەیەک بێ بۆ تۆ دانرابێتەوە و دواجار کار و پیشە و ماڵ و منداڵیشت لەدەست بدەی، وەکو ئەو پیاوەی کە لەو گۆشەیەدا باسی دەکەین.

پیاوێک پەیوەندی پێوەکردین و گوتی فریام بکەون و لە هەڕەشەی ئەو کچە ڕزگارم بکەن، ئیشەکەم لەدەست دا، ماڵ و منداڵم بەهۆی ئەوەوە لەدەست دا و کەچی هێشتا هەڕەشە دەکات و واز ناهێنێ.

ئەو پیاوە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی لە هیچم کەم نەبوو، ئیشێکی باشم هەبوو، ژن و ماڵ و منداڵی خۆم هەبوو، هەندێکجار هەر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن دەچوومە کافتریایەک، لەوێ کچێکم ناسی کە لە کافتریاکە کاری دەکرد، کچەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، پەیوەندی لە نێوانمان دروستبوو، بەڵام من زوو لێی دوورکەوتمەوە، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کچێکی فێڵباز و قۆڵبڕە. ڕۆژێکیان برادەرێکم منی بینی لەگەڵ کچەکە دانیشتووم، دوایی هاتە لام و پێیگوتم تۆ چۆن مەرحەبایی ئەو کچە دەکەی، ئەوە تووشی بەڵایەکت دەکات، تاوەکو ئێستا کێشەی بۆ دوو کەسی دیکە دروستکردووە و پارەی لێسەندوون، من سەرەتا گومانم لە قسەی ئەو برادەرە هەبوو، بەڵام دواتر قسەکانی ڕاست دەرچوون.

ئەو پیاوە نەیتوانیوە خۆی لە تەڵەی ئەو کچە ڕزگار بکات و ڕۆژێک کچەکە پێیگوتووە ئەگەر وازی لێ بهێنێ ئەوا دەچێتە لای هاوژینەکەی و پێیدەڵێت پەیوەندی لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەیە. هەروەها پێیگوتبوو شوێنی کارەکەشت پێدەزانم و دێم لەبەرچاوی هاوکارەکانت و بەڕێوەبەرەکەت ئابڕووت دەبەم.

پیاوەکە سەرەتا زۆر گوێی بە هەڕەشەکانی کچەکە نەداوە، بەڵام دواتر کە بینیویەتی سوورە لەسەر هەڕەشەکانی، لەبەرامبەر پێدانی بڕە پارەیەک بێدەنگی کردووە. کەچی ئەو کچە هەر وازی نەهێناوە و زوو زوو هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر پارەی دیکەی نەداتێ، دەچێتە لای هاوژینەکەی و پێیدەڵێت لەو پیاوە دووگیانە.

ئەو پیاوە داماوە سێ جار پارەی داوەتە ئەو کچە، بەڵام کچەکە هێشتا وازی نەهێناوە. بڕیار دەدات چیدی پارە نەداتە کچەکە و بێمنەتی دەکات، بەڵام کچەکە هەڕەشەکەی دەباتە سەر و دەچێتە شوێنی کارەکەی و هەموو شتێک لەلای بەڕێوەبەرەکەی باس دەکات، ئیدی پیاوەکە بەهۆیەوە لە کارەکەی دەردەکرێ. کچەکە هەر بەوەندە وازناهێنێ، ماڵەکەشی دەدۆزێتەوە و دەچێتە لای هاوژینی پیاوەکە و ورد و درشتی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوە باس دەکات و دەڵێت ئێستا لەو پیاوە دووگیانە، بۆیە هاوژینی پیاوەکە یەکسەر دەستی منداڵەکانی دەگرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی.

ئەو پیاوە ڕەتیکردەوە کە لەگەڵ ئەو ژنە خەوتبێ و دەیگوت تەنیا پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوانیان هەبووە و چەند وێنەیەکیشیان گۆڕیوەتەوە. بە پیاوەکە گوترا ئەگەر پەیوەندییەکە هەر ئەوەیە، با کەسوکاری خۆی و هاوژینەکەی ئاگادار بکاتەوە، کچەکە ببەن ئەگەر ڕاست دەکات سکی هەیە با پشکنینی DNA بۆ کۆرپەلەکە بکرێ، ئەوکات دەردەکەوێ منداڵەکە لە تۆیە یان لە کەسێکی دیکە. هەروەها دەتوانی سکاڵا لەسەر ئەو کچە تۆمار بکەی کە بوختانی پێکردووی، ئەوکات متمانەت بۆ دەگەڕێتەوە و ڕەنگە هاوژینەکەت ڕاستگۆیی تۆی بۆ دەربکەوێت و بگەڕێتەوە لات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

ڕابردوویان و ئێستای سیاسییان زۆر لەوەی هەرێمی کوردستان دەچێ، ئامادەبوون لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی سۆماڵ بە ئاشتی بژین، بەڵام نەک بە ئاشتی نەژیان، بەڵکو لەسەر دەستی سوپای ئەو وڵاتە کۆمەڵکوژ کران. ئەوان کە تاوەکو شەستەکانیش سەربەخۆ بوون، خۆیان کردەوە بە بەشێک لە سۆماڵ، بەڵام پەشیمانن و ئێستا بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە نیمچە سەربەخۆییەکەیان دەکەن. سۆماڵیلاند 25 ساڵە ڕێگەی جیابوونەوەی لە سۆماڵ هەڵبژاردووە، بەڵام هیچ وڵاتێک ئامادە نییە دانی پێدابنێ و هەموویان چاویان لە دەمی سۆماڵە. ئەستەمیشە سۆماڵ ئامادە بێ دان بە دەوڵەتێکدا بنێ کە تاوەکو ئێستاش بە بەشێک لە خۆی دەزانێ. سەعد عەلی شێرە، وەزیری دەرەوەی سۆماڵیلاند لەناو ئۆفیسەکەی خۆی لە هارجیسای پایتەختی سۆماڵیلاند، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو)، باسی هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی دەکات.

**هەڤپەیڤین: ئەیوب نووری**
**ڕووداو - هارجیسا**



> بۆ سۆماڵیش وا باشە کە ئێمە جیاببینەوە

> سۆماڵیلاند دەوڵەتێکی نوێ نییە و 73 ساڵ لەسەر نەخشە بوو

## سەعد عەلی شێرە، وەزیری دەرەوەی سۆماڵیلاند بۆ (ڕووداو):

# هیچ شتێک ئێمە بە سۆماڵەوە نابەستێتەوە

**ڕووداو: من ئاگادارم کە 25 ساڵە سۆماڵیلاند هەوڵ دەدات دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەستبێنێ. هۆکار چییە جیهان ئامادە نییە دانتان پێدا بنێ؟**

**سەعد عەلی شێرە:** سەرەتا پێمخۆشە بەخێرهاتنت بکەم بۆ سۆماڵیلاند و بۆ وەزارەتی دەرەوە. مایەی خۆشحاڵیمانە تۆ لێرەی. سەرەتا پێمخۆشە باکگراوندێکی مێژوویی سۆماڵیلاندت بۆ باس بکەم. سۆماڵیلاند لەساڵی 1887ەوە هەتا مانگی حوزەیرانی 1960 لەژێر پاراستنی بەریتانیا بوو. کەواتە سۆماڵیلاند بۆ ماوەی 73 ساڵ لەسەر نەخشە بووە و وڵاتێکی نوێ نییە. ساڵی 1960 کاتێ سەربەخۆییمان وەرگرت، حکومەتمان دروستکرد و ئەنجوومەنی یاسادانانیشمان هەبوو، بەڵام ئەو کاتە هەستێکی زۆری دژە داگیرکەر هەبوو لەناو کۆمەڵگای ئێمە. ناسیونالیزمی ئەفریقی بەهێز بوو. هەروەها خەونی ئەوە هەبوو کە هەموو خەڵکانی سۆماڵیزمان یەکبگرن. لەئەنجامی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا بەپەلە خۆمان کرد بە بەشێک لە سۆماڵ. هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە ئەم یەکگرتنە لەژێر پرسیاردا بوو، چونکە بڕیار وابوو کە پەرلەمانی هەردوولا یاسای یەکگرتن دەربکەن، ئینجا هەردوو وڵات یەکبگرن، لەدوای ئەوەی هەردوولا ئیمزای دەکەن. بەڵام وا نەکرا، ئەو یاسایەی سۆماڵ دەریکرد هەر خۆیان بەتەواوی پشتگوێیان خست. کەواتە ئێمە ڕێککەوتنێکی لەوشێوەیەمان هەرگیز ئیمزا نەکرد. تەنانەت دواتر یاساکەی سۆماڵ کەوتە بەر دەنگدان و لێرە بەتەواوی ڕەتکرایەوە. پێمانوابوو دەستووریی نییە. لەڕاستیدا ئەوەی لەنێوانماندا هەبوو یەکگرتن نەبوو، تەنها ئارەزوویەک بوو بۆ یەکگرتن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا 31 ساڵ بەیەکەوە بووین، لەو ماوەیەدا خەڵکی سۆماڵیلاند پەراوێزخران و زۆر نەهامەتییان بینی، بەتایبەت لە 10 ساڵی دوایینی حوکمی سیاد بەڕێ. لەنێوان ساڵانی 1981 بۆ 1991 نزیکەی 100 هەزار کەسمان لەدەستدا.

**ڕووداو: چۆن؟ لە زینداندا، بە لەسێدارەدان، بە چ شێوازێک؟**

**سەعد عەلی شێرە:** لەدوایین ساڵانی 1980 هەڵمەتێکی جینۆساید هەبوو لەدژی خەڵکی ئێمە. هەتا ئەم ساتە 243 گۆڕی بەکۆمەڵمان دۆزیوەتەوە. هەموو وڵاتەکەشمان پڕ کرا لە مین. یەک ملیۆن مین لێرە چێنرا. تا ئێستا نزیکەی هەزار کێڵگەی مینمان دەستنیشان کردووە.

**ڕووداو: ئەمانە هەموو لەلایەن ئەو ڕژێمەوە ئەنجامدران کە بڕیاربوو حکومەتی هەمووان بێ.**

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ، حکومەت خۆی ئەم کارانەی کرد. ئەم شارەش، هارجیسا، بەتەواوی تەخت کرا بە تۆپ و بۆردومانی ئاسمانی.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە بۆ ماوەی 30 ساڵ چانسێکتان دا بە سۆماڵ کە پێکەوە لەگەڵیان لە وڵاتێکی دیموکراسیدا وەک بەشداری ڕاستەقینە بژین، بەڵام ئەوەی لەبەرامبەردا وەرتانگرت چی بوو؟ بۆمباران و کوشتن.**

> لەبەر ناسیۆنالیزمی ئەفریقی بووینەوە بە بەشێک لە سۆماڵ

> لەگەڵ سۆماڵ یەکمان نەگرتەوە، ئارەزووی یەکگرتنەوەمان هەبوو

> سۆماڵ 100 هەزار کەسی لێکوشتووین

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ، ئێمە کراینە قوربانی. دواتر لەساڵی 1991 حکومەتی سۆماڵ هەرەسی هێنا. ئێمە 10 ساڵ بوو لەدژی حکومەت دەجەنگاین. هەر کە حکومەت لەوێ هەرەسی هێنا، خەڵکی ئێمە بڕیاری دا لە سۆماڵ جیاببنەوە. چونکە ئەو یەکبوونە خزمەتی هیچ ئامانجێکی نەدەکرد. تاکە ئەنجامی ئەو یەکبوونەمان ئاوارەیی و وێرانکاری بوو. خەڵکی ئێمەش هەموو گوتیان ئیتر بەسە. دەبێ سەربەخۆیی خۆمان وەربگرینەوە. ئەوەبوو 25 ساڵ لەمەوبەر سەربەخۆییمان ڕاگەیاند. لەو کاتەوە وڵاتێکی سەربەخۆین، پەرلەمان و سەرۆک و ئەنجوومەنی هەڵبژێردراویشمان هەیە. سوپا و پۆلیس و ئاڵا و دراوی خۆمان هەیە.

**ڕووداو: کەواتە هەر کە سۆماڵیلاند دەستی کرد بەوەی خۆی حوکمی خۆی بکات، شتەکان بەرەو باشتر چوون. ڕێک پێچەوانەی سەردەمی سیاد بەڕێ؟**

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ، لەڕاستیدا ئەوەی ئێمە لە 25 ساڵی ڕابردوودا بەدەستمان هێناوە، بەهیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەوەی 30 ساڵ پێش ئێستا. بۆ نموونە لە ساڵی 1991 تەنانەت یەک زانکۆش لێرە نەبوو، بەڵام ئێستا زیاتر لە 30 زانکۆمان هەیە لە سەرتاسەری وڵات.

**ڕووداو: باشە. ئێوە لێرە دیموکراسیتان هەیە، لەگەڵ پەرلەمانێکی کارا و سەرۆکی هەڵبژێردراو. هەروەها سەقامگیریشتان هەیە. لەهەمانکاتدا دەبینن سۆماڵ لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەوە چی بەسەر هاتووە. ئەی بۆچی جیهان ئەمە نابینێ و دانتان پێدا نانێ؟ ئایا لەبەر خاتری سۆماڵە یان چی؟**

**سەعد عەلی شێرە:** بەهەموو شێوەیەک سۆماڵیلاند دەوڵەتە، چونکە هەموو مەرجەکانی دەوڵەتی تێدایە. سنووری دیاریکراوی هەیە. دانیشتووانی خۆی هەیە. حکومەتێک لەسەر حوکمە کە لەتوانایدا هەیە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیای بیانی بکات. کەواتە جۆرێک لە دانپێدانانمان بەدەستهێناوە، بەڵام پێویستمان بە دانپێدانان هەیە بە سەروەریی سۆماڵیلاند.

**ڕووداو: خۆ دەبووایە ئەو کارە ئاسان بێ. بۆ نموونە جیاوازیتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئێوە سەربەخۆییتان ڕاگەیاندووە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هێشتا هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییە و بە فەرمی سەربەخۆیی ڕانەگەیاندووە. ئێوە هەنگاوێک لەپێشترن. کەواتە هۆکار چییە دانتان پێدا نانێن. ئایا دەیانەوێ سۆماڵ چاک بکەنەوە. پێتوایە سۆماڵ جارێکی دیکە بتوانێ بکەوێتەوە سەرپێی خۆی؟**

**سەعد عەلی شێرە:** ڕەنگە دوو هۆکاری سەرەکی هەبن. یەکەم پەیوەندی بە سۆماڵەوە هەیە. بۆ نموونە، بۆچوونێک دەڵێ با جارێ سۆماڵ چارەسەر بکەین پێش ئەوەی باسی مەسەلەی سۆماڵیلاند بکەین. ئێمە ساڵی 2012 دانوستاندنمان دەستپێکرد لەگەڵ سۆماڵ و ئێستا هەندێ دەڵێن با ڕاوەستین و چاوەڕێی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بکەین.

ئەوە یەک لە هۆیەکانە. بێگومان سۆماڵ ئێستاش سۆماڵیلاند بەهی خۆی دەزانێ، هەرچەندە لەم کاتەدا هیچ شتێک ئێمە بەوانەوە نابەستێتەوە. ئەوروپییەکانیش دەڵێن ئەوە مەسەلەیەکی ئەفریقییە و لەگەڵ یەکێتیی ئەفریقا قسە بکەن و دانپێدانانی ئەوان بەدەستبێنن پێش ئەوەی ئێمە دانتان پێدا بنێین. بەڵام ئەوە ڕەوا نییە. پێش هەموو شتێک، ئێمە کەیسێکی یاساییمان هەیە کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانمان پێدا بنرێ. هەروەها مەسەلەیەکی ئەخلاقییشە، ئەگەر هەموو ئەو نەهامەتییانە لەبەرچاو بگری کە بەسەر خەڵکی ئێمەدا هاتوون لە ماوەی 30 ساڵ پێکەوەبوونمان لەگەڵ سۆماڵ. ئێمە لەڕووی یاسایی و لەڕووی مرۆییشەوە دەبێ لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بناسێنرێین. بەڵام ئێمە هەر گەشبینین.

**ڕووداو: من لێرەو لەوێ بیستوومە دەڵێن ئەگەر سۆماڵ دانتان پێدا بنێ، جیهانی دەرەوەش دانتان پێدا دەنێ. پێتوایە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان سۆماڵ بڵێ باشە ئێوە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەناسم؟**

**سەعد عەلی شێرە:** هیوادارم وابێ. من باوەڕم وایە ناساندنی سۆماڵیلاند بە فەرمی لەلایەن هەموانەوە، پێش هەموو شتێ سوود بە خودی سۆماڵ دەگەیەنێ. بۆ هەردوولامان وا باشترە کە دوو دراوسێ و برای یەکتر بین و لەسەر هەموو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان هەماهەنگی بکەین.

**ڕووداو: هەندێ لایەن دەڵێن، ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لەناوچەکە، بەڵام سەرکردەکانی کورد دەڵێن نەخێر، دەبێتە هۆی سەقامگیریی زیاتر. ئایا دەربارەی سۆماڵیلاندیش هەمان شت دەگوترێ؟**

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ، هەمان شت دەڵێن. تەنانەت هەندێ دەڵێن سەربەخۆیی

> 100 هەزار کێڵگەی مین لە سۆماڵیلاند هەن

سۆماڵیلاند دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو لایەک داوای جیابوونەوە بکەن. ساڵی 2005 کۆمیسیۆنێک لە ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقا هات بۆ ئێرە و دواتر ڕاپۆرتێکی زۆر پۆزەتیف و باشیان نووسی. گوتیان ئەو مەسەلەیە

> تاوەکو ئێستا 243 گۆڕی بە کۆمەڵمان دۆزیوەتەوە

> یەک ملیۆن مین لە سۆماڵیلاند چێندراون

سۆماڵیلاند ناگرێتەوە، چونکە لە مێژووی ئەفریقادا کەیسێکی دیکەی هاوشێوەی سۆماڵیلاند نییە. لەگەڵ هیچ ناوچەیەکی دیکەی ئەفریقا بەراورد ناکرێ.

**ڕووداو: بەتایبەتی کە ئێوە بەخواستی خۆتان بوون بە بەشێک لە سۆماڵ. مەسەلەکە ئەوە نییە ئێستا لێیان جیا ببنەوە.**

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ وایە. ئێمە خۆویستانە بووین بە بەشێک لە سۆماڵ. کەس زۆری لێ نەکردین. هەر خۆویستانەش ئەو یەکێتییەمان بەجێهێشت. ئەمەش یەکەمجار نییە لە ئەفریقا شتی وا ڕوودەدات. بۆ نموونە، سەنیگال و گامبیا وەک دوو وڵاتی سەربەخۆ یەکیانگرت و دواتریش جیابوونەوە. وەک دەزانی، یەکگرتنیش لەنێوان میسر و سووریا ڕوویدا کە دواتر بەئاشتیانە لێکجیابوونەوە. هەروها کەیسی سوودانیش هەیە کە یەک وڵات بوو، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشتیانە بوو بە دوو وڵات. ڕاستە ساڵانێک شەڕیان کرد، بەڵام جیابوونەوەکەیان بە دانوستاندن بوو.

**ڕووداو: وەک وەزیری دەرەوە، دەتوانی پێمان بڵێی سیاسەتی دەرەوەی سۆماڵیلاند لەسەر چ بنەمایەکە؟ چونکە هەندێ دەڵێن کە سۆماڵیلاندێکی سەربەخۆ، یان کوردستانێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر دراوسێکانی. چ جۆرە سیاسەتێکی دەرەوە پەیڕەو دەکەن لێرە؟**

**سەعد عەلی شێرە:** ئێمە لە سیاسەتی دەرەوەمان پەیڕەوی سێ ستراتیژی دەکەین. یەکەم ستراتیژی سیاسییە. پەیوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بونیاد بنێین و هەماهەنگییان لەگەڵ بکەین لەهەموو بوار و بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا. دووەم ئابوورییە. دەمانەوێ زۆرترین سەرمایە بۆ وڵاتەکەمان ڕابکێشین. دەمانەوێ بتوانین کۆمەک لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەربگرین. هەروەها ستراتیژی ئاسایشیشمان هەیە لەگەڵ هاوپەیمانانمان تاوەکو وڵاتەکەمان و ناوچەکە لە ئاشتی و سەقامگیریدا بژین.

**ڕووداو: هیچ وڵاتێک هەیە پێیگوتبن، ببوورن ناتوانین پەیوەندیتان لەگەڵ ساز بکەین، چونکە سۆماڵ نیگەران دەبێ؟**

**سەعد عەلی شێرە:** نەخێر. من ساڵی ڕابردوو چوومە 13 وڵات و ئەمساڵیش چوومەتە شەش وڵات. لەگەڵ دەیان وەزیر و بەرپرس کۆبوومەتەوە. تەنانەت یەکجاریش کەسێکم نەبینی بڵێ ئێوە شوێن کڵاوی بابردوو کەوتوون. هەموو لەگەڵمان هاوسۆزن و دەڵێن بەڕاستی پێویستە دانتان پێدا بنرێت. پێموایە ئێمە کەیسێکی زۆر بەهێزمان هەیە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە دانمان پێدا بنێ.

**ڕووداو: تائێستا چەند وڵات پێیگوتوون ئەگەر یەک وڵات دانتان پێدا بنێ ئێمە دووەم دەبین؟**

**سەعد عەلی شێرە:** زۆر وڵات وایان پێگوتووم. نامەوێ لەبەردەم کامێرا ناویان بهێنم، بەڵام لەدنیادا زۆر هاوسۆزی هەیە بۆ کەیسی سۆماڵیلاند.

> بەرهەمی یەکگرتنمان لەگەڵ سۆماڵ ئاوارەیی و وێرانکاری بوو

**ڕووداو: دوا پرسیارم ئەوەیە، ئایا پێتوایە کە دەبێ دنیای دەرەوە زیاتر دەربارەی سۆماڵیلاند بزانن؟**

**سەعد عەلی شێرە:** من هەست دەکەم دنیا ئەوەندە دەربارەی سۆماڵیلاند نازانن کە دەبوو بیانزانیایە. بێئاگاییش یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم دانپێدانانمان. ئێمەش ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین.

**ڕووداو: ئێوە ئاگاداری بارودۆخی هەرێمی کوردستانن؟ بۆچوونتان چییە دەربارەی کوردستان؟**

**سەعد عەلی شێرە:** بەڵێ، خەڵکی سۆماڵیلاند ئاگاداری بارودۆخی کوردستانن، چونکە زۆر لێکچوونمان هەیە. هەروەها هاوسۆزین لەگەڵ دۆزی کوردستان.

مەترسییەکانی هاتوچۆ نەتەوە یەکگرتووەکانی هێناوەتە سەرخەت

# لە کوردستان ڕووداوەکانی هاتوچۆ سێیەم هۆکاری مردنن

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی 8 تاوەکو 14ی ئەم مانگەی وەک هەفتەی سەلامەتیی هاتوچۆ ناساند کە سەدان چالاکی لە دەیان وڵاتدا بەڕێوەبرا، بەڵام هەرێمی کوردستان زۆر ئاگای لەو بۆنەیە نەبوو. پسپۆڕان دەڵێن کوردستان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی فراوان هەیە بە یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و پێدانی مۆڵەت بە شوفێران، تاوەکو لەو دۆخە دەربچێت کە تێیدا ڕووداوەکانی هاتوچۆ سێیەم هۆکاری مردنن!

هەڵمەتە شەش ڕۆژییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر دروشمی "خێراییت کەم بکەوە. ژیانی خەڵکی بپارێزە". بەڕێوەچوو. بەپێی ڕاگەیێندراوی ڕێکخراوەکە، لەو شەش ڕۆژەدا لە 100 وڵاتی جیهاندا 420 چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوەچوون، هەر لە کەمپەینی هێواشکردنەوەی هاژووتن، تاوەکوو چالاکیی قوتابخانەکان، هەڵمەتی پارلەمانتاران، کۆڕبەندی پسپۆڕان بۆ خەڵکی و ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی هاتوچۆ.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ ڕۆژانە لە سەرتاسەری جیهان 3400 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرن و ئەگەر پلانە ستراتیژییەکانی تایبەت بە سەلامەتیی هاتوچۆ جێبەجێ بکرێن، ئەوە لەسەر ئاستی جیهان گیانی ملیۆنان کەس دەپارێزرێ.

لە زانستی پزیشکیدا قوربانیانی هاتوچۆ لە ڕیزی (حاڵەت و نەخۆشییە نەگوازراوەکان) دیاریکراون. بۆیە هەر لە هەفتە ڕاگەیێندراوەکەدا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی بەشداریی هەرە کارای کرد. لە ڕاگەیێنداوێکدا ڕێکخراوە جیهانییەکە ئاشکرای کرد کە یەک ملیۆن و 250 هەزار کەس بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەمرن و سێیەکی ئەمەش بەهۆی خێرا لیخوڕینە. ڕێکخراوەکە دەڵێ نزیکەی 50%ی شۆفێران تیژڕەون کە زۆرترینیان پیاوە گەنجەکانن و بە گشتی 76%ی قوربانیانی هاتوچۆ لە ڕەگەزی نێرن، بە تایبەت کە لەژێر کاریگەریی کحولدا بن.

## پسپۆڕێک: لە کوردستان تەنیا پشکنینی چاو کراوەتە پێوەری تەندروستیی شۆفێران

دکتۆر مارگرێت چان، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی، بە ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەی گوتووە "ئەگەر وڵاتان بتوانن خێرایی شۆفێرەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، ئەوە هەرزوو بەرهەمی سەلامەتی هاتوچۆ دەچننەوە".

### کوردستان قوربانییەکی بێدەنگ

لەنێو ئەو سەدان چالاکییەی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی دەکات، هیچیان لە کوردستان نەکراون، بگرە لەو شەش ڕۆژەدا هیچ چالاکییەک بەو بۆنەیەوە لە کوردستان بەڕێوەنەچوو.

بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لەسەر ئاستی جیهان ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەیەم هۆکاری مردنن! بەڵام لە کوردستان ڕیزبەندییەکە زۆر جیاوازە و ڕووداوەکانی هاتوچۆ هۆکارێکی گەورەتری مردنی خەڵکین.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان 3 کەس بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە دەمرن و 28 کەسیش بریندار دەبن. ئەو ڕووداوانە سێیەم هۆکاری مردنن لە کوردستان.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو ڕۆژێک سێ کەس لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە دەمرن، 28 کەسیش بریندار دەبن، بەداخەوە هەندێکیشیان بەو هۆیەوە کەمئەندام دەبن". د.خالس هەروەها گوتی: "پاش نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە، ڕووداوەکانی هاتوچۆ سێیەم هۆکاری مردنن لە کوردستان".

### چاوی شۆفێر بەسە؟

پسپۆڕێک دەڵێ خەملاندنی باری تەندروستی جەستەیی و دەروونیی شۆفێر وەک مەرجێکی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری، بابەتێکی زۆر گرنگە کە لە کوردستان کاری لەسەر نەکراوە.

د.عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە و مامۆستای زانکۆیە، گوتی "لە کوردستان تەنیا بە پشکنینێکی چاو دڵنیایی لەبارەی لایەنی تەندروستیی شۆفێر دەکرێ! باشە ئەگەر شۆفێرێک نەخۆشی و حاڵەتێکی دەروونیی هەبێ، یان بۆ نموونە فێی لەگەڵ بێ و کۆنترۆڵ نەکرێ، یان دەرمانی درێژخایەنی ئەوتۆی هەبن کە کار لە توانای ئاگایی و تەرکیزی بکەن؟

هەورامی داوا دەکات جگە لە دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی تەندروستی جەستەیی و دەروونیی شۆفێر، بخرێنە خولی هۆشیاریی تەندروستی و ئاشنا بکرێن بەو گرفتانەی ڕەنگە وەک شۆفێرێک ڕووبەڕوویان ببێتەوە. ئەو داوا دەکات "بڕوانامەی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی و بڕوانامەی خولی هۆشیاریی تەندروستیی بکرێنە مەرجێک لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری".

### خەتای ڕێگاوبانە یان شۆفێر؟

لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا لەگەڵ شۆفێرێکی تاکسی کەوتینە گفتوگۆ لەبارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ئەو دەیگوت هۆکارەکە خراپیی ڕێگەوبانە "ئەو هەموو باج و سەرانەیەمان لێوەردەگرن و ئەوەش حاڵی شەقامەکانمانە، ئەگەر شەقامەکان باش بن، شۆفێر هێندە ناکەوێتە مەترسییەوە". شۆفێرەکە گومانی هەبوو ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەهێندرێنە کوردستان کواڵیتییان باش بێ "بە بچوکترین پێکدادان، ئەم ئۆتۆمبێلە نوێیانە تێکوپێکدەچن".

بەڵام پۆلیسی هاتوچۆ تەواو دژی ئەو بۆچوونەی شۆفێرانن. موقەددەم بەختیار عومەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی، گوتی کە ناکرێ هەریەک لای خۆیەوە هۆکار دیاری بکات، بەڵکوو دەبێ لەسەر بنەمای توێژینەوە و پیشەیی بێت "هۆکارەکان زۆربەیان مرۆیین و بە دەرەجەی یەک تیژڕەوییە، ئەمە هەر قسەی ئێمە نییە، بەڵکو قسەی ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییشە".

موقەددەم بەختیار کە 15 ساڵە لە بواری مێدیای هاتوچۆ کاردەکات، دەڵێ لەسەر هەمان ئەو شەقامانەی ناویان نراوە شەقامی مەرگ و بە هەمان ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەگوترێ بێ کواڵیتین، شۆفێر هەیە 30 ساڵە تاکسی لێدەخوڕێ و تووشی هیچ کێشەیەکیش نەبووە "تاوان لە ئۆتۆمبێلەکە و ڕێگەکەدا نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو کەسەی بەکاریان دەهێنێ، جا دەکرێ بکرێنە کەرەستە و ڕێگەی مەرگ یان هۆکار و ڕێگەی گەیاندن و خزمەت".

بەرپرسەکەی هاتوچۆ کە سێ کتێبی لە بواری ڕۆشنبیریی هاتوچۆ نووسیوە، دەڵێ ژمارەی کامێراکانی هاتوچۆ کەمن و دەبێ زیاد بکرێن "ئێستا شۆفێر کە تاکە کامێراکەی سەر ڕێگەکەی تێپەڕاند، ئیدی خێراییەکە زیاد دەکاتەوە، بۆیە دەبێ ژمارەی کامێراکان لەسەر ڕێگاکان زیاد بکرێن و بەردەوام خێرایی ئۆتۆمبێلەکان لەژێر چاودێریدا بن".

لە ڕاگەیێندراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا داوا کراوە نەک هەر کامێرای چاودێری بە چڕی لەسەر ڕێگاکان دابنرێن، بەڵکوو سیستمی تۆماری خێرایی لەنێو هەموو ئۆتۆمبێلەکان بچەسپێندرێن و هەموو کات و لە هەموو شوێنێک خێراییەکان تۆمار بکەن و چاودێرییان بکرێ. هەروەک داوا کراوە لەنێو ئۆتۆمبێلەکان سیستمی ئۆتۆماتیکیی کەمکردنەوەی خێرایی دابنرێ.



لە کوردستان ساڵانە زیاتر لە هەزار کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیان لەدەستدەدەن

# شووتی زۆر سوور بکڕن

ڕووداو- لایف ساینس

زۆربەی پێکهاتەی شووتی (92%)ی لە ئاو پێکهاتووە، بەڵام دەوڵەمەندیشە بە ڤیتامینەکانی A، B و C، هەندیک کانزای وەکو پۆتاسۆمیشی تێدایە. جگە لەوە بە دژە ئۆکسێنی (لایکۆپین) دەوڵەمەندە کە دەرکەوتووە سوودەکانی لە ژماردن نایەن.

هەرچی میوە و سەوزەی ڕەنگ سوورە ماددەی لایکۆپینیان تێدایە، بۆ نموونە تەماتە، سندی و شووتی.

لایکۆپین بۆ دڵ و بۆڕییەکانی خوێن ئێجگار گرنگە، ئێسک دەپارێزێ و دژی شێرپەنجەی پرۆستاتە. هەروەها دژی هەوکردنە و کاریگەرییەکانی هەوکردن لەسەر جەستە کەم دەکاتەوە.

## هەموو بەشەکانی پڕ سوودن

تاوەکوو ڕەنگی شووتییەکە سوورتر بێ، بڕی لایکۆپینی زۆرترە. تاوەکوو ڕەنگی سووری شووتییەکە تۆختر بێ، بڕی بێتاکارۆتینەکەی زۆرترە. بێتاکارۆتین دژە ئۆکسێنە و بۆ کۆئەندامی بەرگری، پێست و چاو گرنگە و پێشگیری لە شێرپەنجەش دەکات.

کەنارە سپییەکەی نێوانی ڕەنگە سوورەکە و سەوزەکە، بە ترشە ئەمینیی سیترۆلین دەوڵەمەندە کە ئەویش بۆ سووڕی خوێن و بۆ دڵ گرنگە.

جگە لەوانە، ناوکی شووتی پڕە لە پرۆتین، مەگنیسیۆم، چەورییە بەسوودەکان و ڤیتامین B.

## شووتی و دڵ

شووتی گوشاری خوێن دادەبەزێنێ و دڵ دەپارێزێ، دەگوترێ بەشی زۆری ئەم سوودە بۆ ماددەی لایکۆپین دەگەڕێتەوە. توێژینەوە دەریخستووە ئەو ژنانەی دەگەنە تەمەنی نائومێدی و شووتی دەخۆن، کەمتر تووشی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان دەبن کە زۆرتر بەهۆی سیترۆلین و ئارجینینی نێو شووتییەوەیە. سیترۆلین و ئارجینین دژی کەڵەکەبوونی چەورین لەسەر نێوپۆشی بۆڕییەکانی خوێن.

## شووتی دژی هەوکردنە

ماددەی لایکۆپین و کۆلین، دژی هەوکردنی درێژخایەنن لە جەستەدا. ڕۆژانە و شەوانە ئێمە ڕووبەڕوو دەبین لەگەڵ گوشاری دەروونی، دووکەڵی جگەرە، پیسبوونی هەوا، نەخۆشیی جۆراوجۆر و چەندینی دیکە کە هەموویان دەبنە هەوکردن لە جەستەدا. شووتی ئەو هەوکردنە سەرکوت دەکات.

## لە وشکبوونەوە دەمانپارێزێ

هاوینان جەستەمان بڕێکی زۆر ئاو و خوێیەکان لەدەست دەدات، ئاو بە تەنیا قەرەبووی ئەو زیانەمان بۆ ناکاتەوە، بەڵام شووتی بە چەندین خوێی بەسوود قەرەبووی کاریگەرییەکانی هەتاومان بۆ دەکاتەوە و دژی خۆربردنە.

## شووتی و هەرس

شووتی بە ریشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەندە کە هەرس ڕێکدەخات و تەندروستیی کۆئەندامی هەرس دەپارێزێ.

ڤیتامین ئەی بۆ پێست ئێجگار گرنگە. یەک کووپ ئاوی شووتی چواریەکی پێداویستی ڕۆژانەی جەستە بۆ ئەو ڤیتامینە دابین دەکات. ڤیتامین ئەی شێداریی پێست و مووەکان دەپارێزێ و دژی وشکبوونەوەیانە. هەروەها بۆ ریشاڵە کۆلاجینییەکان و نەرمونیانیی پێست گرنگە.

## شووتی و شێرپەنجە

ماددەی لایکۆپین دژی سەرهەڵدانی شێرپەنجەیە لە جەستەدا، بەتایبەت شێرپەنجەی پرۆستات.





# کەمخوێنیی منداڵ بەهۆی کەمیی ماددەی ئاسنەوە

د.پشدەر عەبدوڵڵا ئیسماعیل*

ئاسن لە خوێندا لەگەڵ هیمۆگلۆبین یەکدەگرێت و هێزی هەڵگرتنی ئۆکسجینی پێدەدات، بەڵام زۆرجار ئەو ماددەیە لە منداڵاندا کەمە و بەو هۆیەشەوە منداڵەکە تووشی کەمخوێنی دەبێ.

## نیشانەکانی کەمخوێنی بەهۆی کەمیی ماددەی ئاسنەوە:

1- ڕەنگی منداڵەکە زەرد هەڵدەگەڕێ.
2- منداڵەکە بێ تاقەت و کرۆزانەوەی زۆر دەبێت.
3- دڵی پەلە پەل دەکات، واتە خێراتر دەبێت لە ئاسایی.
4- کاریگەریی لەسەر زیرەکیی منداڵەکە دەبێت.
5- بێزوو دەکات بە خواردنی ئەو شتانەی کە خواردن نین، لەوانە: سەهۆڵ، گڵ و کاغەز.

## چ منداڵێک تووشی کەمیی ئاسن دەبێ؟

1- ئەو منداڵانەی کە بە ناکامی لەدایک دەبن (واتە پێش کاتی پێگەیشتن یان پێش ئەوەی کاتی خۆیان تەواو بکەن).
2- خواردنی شیری مانگا بەفرێشی، یان بە دەبە پێش تەمەنی یەک ساڵی، بە تایبەتی ئەگەر خواردنی سەرەکی بێت.
3- منداڵێک کە شیری دایکی بخوات و ئەگەر لەدوای شەش مانگییەوە خواردن نەدرێت بە منداڵەکە، بەتایبەتی ئەو خواردنانە یان سیریلاک کە ماددەی ئاسنیان تێدا زۆرە.
4- ئەگەر منداڵێک شیری قوتوو بخوات و شیرەکە ماددەی ئاسنی تێدا نەبێت.
–5 منداڵی تەمەن یەک ساڵ بۆ پێنج ساڵ ئەگەر زیاتر لە 24 ڕەقەم واتە 720 مللیلیتر شیری مانگا یان شیری بزن بخواتەوە.

باشترە هەموو منداڵێک لە تەمەنی یەک ساڵیدا شیکاری تاقیگەیی بۆ بکرێت بۆ کەمیی ماددەی ئاسن ، ئەگەر منداڵەکە لەو گرووپەی سەرەوە بوو کە زیاتر پێشبینی کراون بۆ تووشبوون، کەواتە دەبێ پێش ئەو تەمەنە ئەو شیکاری تاقیگەییەیان بۆ بکرێت.

چارەسەری ئەوە ماددەی ئاسنە کە بەشێوەی شرووب بۆ ماوەی سێ مانگ بە منداڵەکە دەدرێ، بڕی ڕۆژانەی شرووبەکە دەبێ بەپێی کێشی منداڵەکە بێت و لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی منداڵان دیاری بکرێ، بەڵام هەندێ منداڵ بەو چارەسەرەش باش نابن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە منداڵەکە باش هەڵنەکات لەگەڵ دەرمانەکە واتە باش نەیخوات. ڕەنگە بڕێکی کەمتر لەوەی کە پێویستە دەرمانەکەی پێ بدرێت. لەوانەیە کێشەی لە جۆری دەرمانەکە هەبێت. لەوانەشە کێشە لە هەڵمژینی دەرمانەکە هەبێت لە ڕیخۆڵەدا، یان خوێنبەربوونی شاراوە لە ڕێڕەوی هەرسدا هەبێت، یان هەوکردن لە شوێنێکی تری جەستەدا هەبێت کە بووەتە هۆی نەبوونی وەڵام بۆ چارەسەرەکە. ڕەنگە لەهەمان کاتدا کەمیی ماددەی دیکەی هەبێت وەک ڤیتامین B12 ، یان فۆلیک ئەسید کە ئەوانیش دەبنە هۆی کەمخوێنی. هەندێکجاریش وا ڕێکدەکەوێ کە دەستنیشانکردنی هۆکاری کەمخوێنیەکە هەڵە بێت.

*پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان

ستراتیژە نوێیەکەی ترەمپ:

# تیرۆر بە یەکجاری لەناوناچێ و نابێ بەتەنیا شەڕی ئەمریکاش بێت



ئەمریکا دەیەوێ بە کەمترین تێچوو لە خوێن و سامان ئۆپەراسیۆنەکان لە دژی گرووپە جیهادییەکان چڕبکاتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

ڕووداو- هەولێر

ستراتیژە نوێیەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەسەر دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی ڕادەوەستێ: هاوپەیمانەکانی واشنتن دەبێ بارێکی زیاتری ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامی توندئاژۆ بخەنە سەر شانیان و خۆیان لەگەڵ ئەو ڕاستییەش ڕابهێنن کە هەڕەشەی تیرۆر هەرگیز بە یەکجاری لەناوناچێ.. بەمانایەکی دیکە، ئەم جەنگە جیهانییە لەدژی تیرۆر، جەنگێکی کراوە و درێژخایەن، بگرە هەمیشەییش دەبێت.

ڕەشنووسی ستراتیژییەکە کە 11 لاپەڕەیە، داوا لە ولایەتە یەکگرتووەکان دەکات خۆی لە هەندێ پابەندێتیی سەربازی بەدوور بگرێ کە هەم کراوەن و هەم تێچوویەکی بەرزیان هەیە. ستراتیژییەکە کە لە چەند مانگی داهاتوودا دەخرێتەڕوو، کورت و پوخت دەڵێت: "پێویستمان بە چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانە لەدژی گرووپە جیهادییەکان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەمکردنەوەی تێچووەکانی ئەو شەڕە چ لە خوێن و چ لە سامانی ئەمریکا". هەروەها دەڵێت: "لە جەنگی دژی تیرۆردا، هەوڵ دەدەین ولایەتە یەکگرتووەکان بەدوور بگرین لەو دەستێوەردانە سەربازییانەی بەرفراوانن و تێچوویەکی زۆریان هەیە ، ئێمە لەمەودوا زۆرتر چاوەبڕینە هیممەتی هاوپەیمانەکانمان بۆ دابەشکردنی بەرپرسیارێتی و وەئەستۆگرتنی ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستەکان".

بەڵام هاوکات ددان بەوەشدا دەنێت کە "تیرۆر هەرگیز بەشێوەیەکی بنبڕ و یەکجارەکی لەناوناچێت".

مایکڵ ئەنتوان، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، لەبارەی ئەم ستراتیژییە دەڵێت: "لە چوارچێوەی میتۆدێکی گشتگیردا، ئیدارەی ئەمریکا دووبارە چاو بە سەرلەبەری ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیدا دەخشێنێتەوە، بە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریشەوە کە گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێ، بەوپێیەی ستراتیژییەکی لەمجۆرە لە 2011 بەدواوە ئامادە نەکراوە".

دەبێ ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە بەرەنگاربوونەوەی توندئاژۆیی ئیسلامی مەسەلەیەکی میحوەری بوو لە هەڵمەتی تیمەکەی ترەمپدا کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە کۆتایی 2016. بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئیدارەی ترەمپ چۆن دەتوانێ ئەم ئامانجە بپێکێ و هاوکاتیش خۆی لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی بپارێزێ، لە کاتێکدا سوپای ولایەتە یەکگرتووەکان هەر ئێستا بەردەوامە لە شەڕ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە هەریەک لە عێراق و سووریا و ئەفغانستان و یەمەن؟

لەجیاتی کەمکردنەوەی پێبەندییەکی ئەمریکا، ئیدارەی ترەمپ تا ئەم ساتەش هەر لەسەر پلانەکەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشوو دەڕوات کە خۆی لە چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی گرووپە توندئاژۆکان و دەسەڵاتدانی زیاتر بە وەزارەتی بەرگریدا دەبینێتەوە.

تەنانەت چاوەڕێ دەکرێ، ئیدارەی ترەمپ پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە ئەفغانستان ڕابگرێ کە ئۆباما بڕیاری لەسەر دابوو. هەندێ بەرپرسی ئەمریکی، لەوانەی ئێستا و ئەوانەی پێشتریش، دەڵێن ئیدارەی ترەمپ حاڵی حازر خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ناردنی هێزی زیاتر (لەنێوان سێ تاوەکو پێنج هەزار سەرباز) بۆ ئەفغانستان، بۆئەوەی بچنە پاڵ ئەو 8.400 سەربازەی شەڕ لە دژی بزووتنەوەی تاڵیبان دەکەن.

ئەم ستراتیژە نوێیە ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە "تیرۆر چ لەڕووی قەبارە و چ لەڕووی ناوچەی جوگرافی، بەرەو پەرەسەندن و هەمەجۆری چووە و تەواو جیاوازە لەوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر بەرەنگاری دەبووینەوە"، واتە لەچاو ساڵی 2011 کە ئۆباما دوایین ستراتیژی ئەمریکای بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تێدا ڕاگەیاند. ئەوکات هێشتا شتێک بەناوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەئارادا نەبوو.

بروس هۆفمان، بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوە ئەمنییەکانی سەر بە زانکۆی جۆرج تاون کە ڕەشنووسی بەڵگەنامەکەی بینیوە، دەڵێت ئەو ستراتیژییە "پێموایە زۆر بە وردی، وێنەیەکی ترسناکترمان دەربارەی هەڕەشەی تیرۆر بۆ دەکێشێ، وردتر لەوەی سەردەمی ئۆباما کە بە نەبرەی سەرکەوتوویەکی جەنگ نووسرابوو لەپاش کوژرانی ئوسامە بنلادن، سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە لەساڵی 2011دا.

وەکو دەردەکەوێ، ڕەشنووسی ئەم ستراتیژییە کە ئێستا لەژێر پاکنووسکردندایە وەکو بەرپرسە ئەمریکییەکان دەڵێن، بەرئەنجامی پرەنسیپە ناودارەکەی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپە: ئەمریکا پێش هەموو شتێک. هەمان ئەو سیاسەتەی کە داوا دەکات کۆمەکە دەرەکییەکانی ئەمریکا کەم بکرێنەوە و ئەرکەکە لەسەر هاوپەیمانان بەش بکرێ و هەمووان بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن.

ستراتیژییەکە هیچ وردەکارییەک بەدەستەوە نادات لەبارەی چۆنێتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی واشنتن لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا لەوکاتەی دەیەوێ شانی خۆی سووک بکات و هەندێک لە ئەرکەکان بخاتە ئەستۆی هاوپەیمانەکانی کە هەندێکیان پێداویستییەکانی ئەو جەنگەیان بەتەواوی لەبەردەست نییە. هیچیش لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی دیموکراسی و حوکمڕانیی دروست و گرتنەبەری "هێزی نەرم" ناڵێت کە ئیدارەکانی پێشوو لەبەرچاویان دەگرت وەکو هەنگاوێک بۆ ڕێگرتن لە ستەمکاری، لەوکاتەی زۆر کەس پێیانوایە، دیکتاتۆریەت و ستەمکاری هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر و توندوتیژی.

# پێکدادانی دیدگای جیاواز کۆشکی سپی بەرەو کوێ دەبات؟



ستیف بەنۆن، داڕێژەری ستراتیژی ئیدارەی کۆشکی سپی و ڕایمۆند مەکمەستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی

ڕووداو- هەولێر

بەگوێرەی بەرپرسانی کۆشکی سپی، ناکۆکییەکی توند لەنێوان ستیف بەنۆن، داڕێژەری ستراتیژی ئیدارەی کۆشکی سپی و ڕایمۆند مەکمەستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیدا سەریهەڵداوە. بەنۆن هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە مەکمەستەر هەڵبگێڕێتەوە، هۆکاری ناکۆکییەکەیش پلانی نوێی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان و تاڵیبانە کە بە "پلانی مەکمەستەر" ناوی دەرکردووە.

## دوو ستراتیژی جیاواز لە یەک ئیدارەدا

هەفتەی پێشوو، ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، ڕاوێژکارانی سەربازی و سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ پلانێکیان ئامادە کردووە کە تێیدا داوای گۆڕینی ستراتیژی ئەمریکا لەدژی تاڵیبان دەکەن. لە پلانەکەدا پێشنیاز کراوە ئەمریکا ڕۆڵێکی سەربازیی بەرفراوانتر بۆ لێدانی بزووتنەوەی تاڵیبان بگێڕێ، بۆ ئەوەی ئەو گرووپە ناچار بکرێ جارێکی دی بیر لە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستاندن بکاتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، بڕیاری ناردن و چۆنێتی ناردنی هێزی زیاتر خراوەتە ئەستۆی پێنتاگۆن نەک کۆشکی سپی.

هاوکات بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکیش، پلانە نوێیەکەی مەکمەستەر لەلایەن جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکاوە پشتگیریی دەکرێ. ژمارەیەک سەرچاوە کە لە نزیکەوە ئاگاداری پلانەکەن، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە، لە پلانەکەدا داوا دەکرێ 3 بۆ 5 هەزار سەربازی سوپای ئەمریکا و ناتۆ ڕەوانەی ئەفغانستان بکرێن. ساڵی پاریش باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو 8400 سەربازی ئەمریکی لە ئەفغانستان دەمێننەوە، لە کاتێکدا پێشتر بڕیار بوو ژمارەی سەربازانی ئەمریکا و ناتۆ لە ئەفغانستان بۆ 5500 کەس کەم بکرێنەوە.

ستیف بەنۆن پێش هاتنە نێو تیمی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی ترەمپ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ماڵپەڕی بەریتبارت بوو کە بە گوتەی خۆی "پلاتفۆرمی ڕاستڕەوەکانە". لەگەڵ ڕاستڕەوەکانی نێو کۆشکی سپی دژی بیرۆکەی بنیاتنانەوەی ئەو وڵاتانەن کە لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا بە زەبری هێزی سەربازی دەسەڵاتە سیاسییەکانیانی گۆڕیوە، لەوانەش عێراق و ئەفغانستان. بەبۆچوونی ئەوان، نابێ سیاسەتی دامەزراندنەوەی دەزگا ئیدارییەکانی ئەو وڵاتانە وەکوو بەشێکی سەرەکیی شەڕی دژی تیرۆر سەیر بکرێ. لەو ڕووەشەوە جیاوازیی بنەڕەتی لە تێڕوانینی بەنۆن لەگەڵ مەکمەستەر و مەتیسدا بەدی دەکرێ. زاڵبوونی هەرکام لەو بیرۆکانە، کاریگەری بەرچاو و ڕاستەوخۆ لەسەر ڕۆڵی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ.

مەکمەستەر و مەتیس، بە پێچەوانەی زۆربەی کەسانی دەوروبەری ترەمپ، ئەزموونێکی درێژیان لە دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکادا هەیە و هەردووکیان پشتگیری لە بەشداریی بەرفراوانتری ئەمریکا لە ناوچە کێشەسازەکانی جیهاندا دەکەن، لەوانەش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لای زۆربەی کەسانی دەوروبەری ترەمپ، لەسەرووی هەموویشیانەوە بەنۆن، کڕیاری نییە.

بەرپرسێکی باڵای دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بە (فۆرین پۆلسی) گوتووە کە لە بازنەکانی ئیدارەی کۆشکی سپیدا "مەکمەستەر هەموو کات وەکوو کەسێکی دەرەکی سەیرکراوە" لەبەرئەوەی بەنۆن و لایەنگرەکانی لە کۆشکی سپی دژی دامەزراوەی سیاسی و ئیداریی باوی ئەمریکین، بۆیەش بەرپرسەکەی هەواڵگری پێیوایە "مەکمەستەر لە ئیدارەی ترەمپدا خۆمانە نییە، بە کورتییەکەی ئەو لە جەماعەتی بەنۆن نییە و هەتا ئێستاش لەلایەن خەڵکانی نزیک لە مایکڵ فلین (ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ) گەمارۆ دراوە".

مەکمەستەر پاش لەسەرکارلادانی مایکڵ فلین، ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، دەستبەکار بوو. فلین بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە باڵیۆزی ڕووسیاوە بەر لەدەستبەکاربوونی ترەمپ، لەسەر کار لادرا. بەڵام ژمارەیەک لە کەسانی نزیک لە فلین هێشتا لە دەوروبەری مەکمەستەر ماون. کاربەدەستێکی کۆشکی سپی بە فۆرین پۆلسی ڕاگەیاندووە: "مەکمەستەر کۆمەڵێک خەڵکی بە دەورەوەیە کە ئاوات بە لەسەرکار لادانی دەخوازن".

## مەکمەستەر.. بەدیلێکی داسەپاو

مەکمەستەر، تەمەن 54 ساڵ، لە 20ی شوباتی ئەمساڵەوە بۆ ڕاوێژکاری باڵای ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمریکا دەستنیشان کرا. زۆربەی ڕەخنەگرانی ترەمپ پێیانوایە دەستنیشانکردنی مەکمەستەر بۆ ئەو پۆستە باڵایە لە دوای دەستنیشانکردنی مەتیس بۆ وەزیری بەرگری، باشترین بڕیاری ترەمپ بووە بۆ پێکهێنانی ئیدارەکەی، بەڵام وەکوو ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئاژانسی بلومبێرگ ئاشکرای دەکات، لە ماوەی نزیک چوار مانگی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی سەرۆک و ڕاوێژکارەکەی ئاسان نەبووە.

ڕەگوڕیشەی کێشەکەش بۆ مانگی شوبات دەگەڕێتەوە، کاتێک ترەمپ ناچار بوو فلین لەسەر کار لابدات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (بلومبێرگ)، مایک پێنس، جێگری ترەمپ و ڕاینس پریبس، بەرپرسی دیوانی کۆشکی سپی پشتگیرییان لە بیرۆکەی لادانی فلین کردبوو، لەبەر ئەوەی ڕاوێژکارەکەی پێشوو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خۆی و ڕووسەکان زانیاری هەڵەی بە ترەمپ و بەرپرسانی دیکەی کۆشکی سپی دابوو، بەڵام ترەمپ هەتا دوایین ڕۆژیش بە ئاشکرا بەرگری لە فلین کرد.

ترەمپ و فلین لە کاتی کەمپینەکانەوە پەیوەندییەکی قووڵیان هەبوو. بەگوێرەی (بلومبێرگ) پەیوەندییەکانی سەرۆک و ڕاوێژکارەکەی پێشووی هێندە قووڵ بوو کە "لایەنێکی تاکەکەسیشی تێکەوتبوو". بۆیە لای ترەمپ لادانی فلین بە مانای لەدەستدانی هاوپەیمان و هاوڕێیەک بوو لە کۆشکی سپی. دەستنیشانکردنی مەکمەستەریش بۆ شوێنی فلین لە ئاکامی گوشاری نێوخۆیی کۆشکی سپی و لەلایەکیشەوە لە ئاکامی گوشاری کۆمارییەکان بوو.

بەرپرسانی ئاگادار لە کێشە نێوخۆییەکانی کۆشکی سپی بە (بلومبێرگ)یان ڕاگەیاندووە، یەکەم گرژی نێوان ترەمپ و مەکمەستەر لە کاتی پێشکەشکردنی گوتاری سەرۆک بۆ کۆنگرێس بوو. مەکمەستەر داوای کردبوو لە گوتارەکەی سەرۆکدا دەستەواژەی "تیرۆریزمی ئیسلامی ڕادیکاڵ" لابدرێت، تەنانەت یاداشتێکی بۆ هەموو بەشەکانی حکومەت ناردبوو و ڕەخنەی لەو دەستەواژەیە گرتبوو، بەڵام دواجار لە گوتارەکەی ترەمپدا بەکارهێنرا.

بەشێکی دیکە لە کێشەکە پەیوەندی بە ستافی دەوروبەری مەکمەستەرەوە هەیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (فۆرین پۆلسی)، ترەمپ و بەنۆن گوشارێکی زۆریان لەسەر مەکمەستەر دروستکردووە بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە لایەنگرانی ئۆباما و کەسانی نزیک لە ئیدارەی پێشوو لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دووربخاتەوە. مەکمەستەر داواکەی سەرۆک و بەنۆنی ڕەتکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە ئەو دەسەڵاتی دانان و لادانی ستافی ئەو ئەنجوومەنەی هەیە.

بەڕواڵەت پەیوەندییەکانی نێوان دۆناڵد ترەمپ و ڕایمۆن مەکمەستەری ڕاوێژکاری لەوپەڕی باشیدایە. ترەمپ خۆیشی لە چەندین بۆنەدا ئەمەی ڕاگەیاندووە، بەڵام سێ مانگ لەمەوبەر ئیدارەی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە کێشەکەی مایکڵ فلین تەنیا هەڵە تێگەیشتنێکە و چارەسەر دەبێ، کەچی چەند کاژێرێک دوای ئەو لێدوانە، ترەمپ فلینی لەسەرکار لادا.

## سەنتەری کارنیگی لەبارەی حەشدی شەعبی و داهاتووی عێراق:

# بەهێزترین گرووپی حەشدی شەعبی ئەوانەن کە سەر بە خامنەیین


(فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

شەڕی دژی خەلافەتەکەی (داعش) لە عێراق گەیشتووەتە دوایین قۆناغەکانی خۆی و تەنیا چارەکێکی شاری مووسڵ ماوە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، بۆیە لە ئێستاوە حکومەتی عێراق دەبێ بڕیار بدات کێ فەرمانڕەوا و بڕیاردەری داهاتووی عێراق دەبێت؟ هێزەکانی حەشدی شەعبی و چارەنووسی ئەو هێزانە ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینن لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە و دیاریشی دەکەن، عێراق خاوەنی چ جۆرە داهاتوویەک دەبێ.

سەنتەری کارنیگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕاپۆرتێکیدا لەژێر ناونیشانی (حەشدی شەعبی و داهاتووی عێراق) باس لە پێکهاتەی ئەو گرووپە میلیشیاییە و کاریگەرییان لەسەر داهاتووی عێراق دەکات.

ڕاپۆرتەکە لەلایەن دوو توێژەری سەنتەرەکە: ڕێناد مەنسوور و فالح عەبدولجەبارەوە ئامادەکراوە.

### حەشد.. هێزی ئەمری واقیع

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، عێراق سیاسەتێکی یەکڕەنگی بەرامبەر هێزە میلیشیاییەکان نەبووە، واتە لە قۆناغێکدا دژیان بووە و لە قۆناغێکی دیکەشدا ڕێگەی داوە ئەو گرووپانە شانبەشانی سوپا کاربکەن. تاوەکوو ساڵی 2014 حیزبی دەعوە کە لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە حوکمی عێراق دەکات، بە پەیڕەوی لە ئایدیۆلۆژیای محەممەد باقر سەدر، دامەزرێنەری دەعوە، دژی دامەزراندنی گرووپی میلیشیایی لە دەرەوەی دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەت بوو، هەر بۆیە حیزبی دەعوەی ئیسلامی بە پێچەوانەی حزب و بزووتنەوە شیعییەکانی دیکەی عێراقەوە باڵی سەربازیی نەبوو.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت هۆکاری ئەوەی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیدا هەڵیکوتایە سەر میلیشیای سوپای مەهدی بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدرو، هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی ڕێکخراوی بەدر لەنێو هێزەکانی وەزارەتی نێوخۆ، لە سۆنگەی ئەو تێڕوانینەی حیزبی دەعوەوە بوو لە دژی دروستکردنی میلیشیا. ئەو کات سیاسەتی دەعوە دژی ڕوانگەی ئێران بۆ دروستکردنی هێزی میلیشیایی بوو، بەڵام هەر لەو قۆناغەدا ئیدی وردە وردە مالیکی ملی بۆ داخوازیی پێکهێنانی هێزی میلیشیا دا.

بەڵام لە ناوەڕاستی 2014 بەدواوە کە داعش دەرکەوت و زۆر بە خێرای سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی فراوان دەکرد، ئیدی هەموو شتێک گۆڕا. لەوکاتەدا مالیکی دەستیکرد بە پشتگیریکردنی حەوت میلیشیا کە بریتی بوون لە ڕێکخراوی بەدر، عەسایبی ئەهلی هەق، کەتایبی حیزبوڵڵا، کەتایبی سەید ئەلشوهەدا، حەرەکەتی حیزبوڵڵا ئەلنوجەبا، کەتایبی ئیمام عەلی و کەتایبی جوند ئەلئیمام.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆیی و ناوچەیی دەکات کە وایان کرد مالیکی و حیزبی دەعوە تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر دامەزراندنی هێزی میلیشیایی لە دەرەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی دەوڵەت بگۆڕن:

### هۆکارە نێوخۆییەکان

**یەکەم: شکستی هێزە ئەمنییەکان**

شکستی حکومەتەکەی مالیکی لە بواری ئەمنی کە لە هێرشی داعشدا بۆ سەر مووسڵ بەتەواوی دەرکەوت. بۆیە مالیکی لە حوزەیرانی 2014 فەرمانێکی بۆ دامەزراندنی کۆمیسیۆنی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەرکرد کە ئەوەش پێشێلکردنی پەرەگرافی دووەمی مادەی 9ی دەستووری عێراق بوو. ڕاپۆرتەکە دەڵێت مالیکی بەهۆی دەسەڵاتی بەسەر سیستەمی دادوەری و لاوازبوونی دەستوور، توانی ئەو فەرمانە "نادەستوورییە" جێبەجێ بکات.

**دووەم: فەتوای سیستانی و قۆستنەوەی لەلایەن مالیکییەوە**

هۆکاری دووەمی وەرگرتنی شەرعیەت لەلایەن حەشدەوە، فەتواکەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە حوزەیرانی 2014 بوو کە داوای لە "هەموو عێراقییەکان" (بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە تایفییەکان) کرد بێنە ناو "هێزە ئەمنییەکانەوە" (نەک حەوت میلیشیا شیعەکە). بە بۆچوونی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە، کێشەکە ئەوە بوو "سیستانی نەیدەتوانی یان نەیدەویست داوا بکات فەتواکەی وەکوو خۆی جێبەجێ بکرێ"، واتە خۆبەخشەکان ڕاستەوخۆ بچنە نێو هێزە ئەمنییە فەرمییەکان و لە ناونووسکردنەکەشدا ڕەچاوی جیاوازییە تایفییەکان نەکرێ.

ڕاپۆرتەکە لە زمانی کۆمەڵێک سەرچاوەی نێو ئۆفیسی سیستانی ئاماژەیان بەوە داوە کە "لە فەتواکەدا مەبەست ئەوە نەبوو خەڵک بنێرنە ناو میلیشیاکانەوە، بەڵکو ئامانج ئەوە بوو خۆبەخشەکان بچنە ناو هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە". هەر بۆیە نووسینگەی ئەو مەرجەعە شیعەیە لەوکاتەوە هەتا ئێستا لەبری دەستەواژەی "حەشدی شەعبی"، دەستەواژەی "خۆبەخشەکان"ی بەکارهێناوە.

**سێیەم: بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی مالیکی و ئێران**

بەپێی ڕاپۆرتەکە، مالیکی بەر لە دەعوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر میلیشیا شیعەکان گۆڕیبوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێران گوشاری بۆ سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق هێنابوو هاوکاری هێزە میلیشیاییەکان بکات. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە، نووری مالیکی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر نەیارەکانی (لەوانەش سەدرییەکان و سوپای مەهدی)، پێویستی بە هاوکاریی ئێران هەبوو، بەتایبەتیش دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە 2011.

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت کە مالیکی لەو قۆناغەدا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی گرووپی وەکوو کەتایبی حیزبوڵڵا و عەسایبی ئەهلی هەق پێویستن بۆ ئەوەی سوپای مەهدی لە دەرەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراقیشەوە ڕکابەریان هەبێت. جگە لەمەش مالیکی هاوکارییەکی زۆری لە ئێران وەرگرت بۆ ئەوەی لە سوپای مەهدی بدات کە بەشێوەیەکی ستراتیژی دژی فرانخوازییەکانی ئێران بوون لە عێراق. ئێران لە 2010شدا کاتێک کوتلەی مالیکی بە لیستی ئەلعێراقیە دۆڕابوو، یارمەتییەکی زۆری مالیکی دا بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەت پێکبهێنێ و پۆستی سەرۆکوەزیران لای خۆی بمێنێتەوە.

**چوارەم: دەستلەکارکێشانەوەی مالیکی**

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بایەخی حەشد بۆ مالیکی لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی سەرۆکوەزیران زیاتر ببوو. هەڵبەت مالیکی بەر لە وازهێنانی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، هەوڵی دابوو گەرەنتی ئەوە بکات هێزەکانی حەشد لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بن، نەک وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق. دوای وازهێنانیشی لە پۆستەکەی، هەوڵی دا پەیوەندیی نزیکی خۆی لەگەڵ بەهێزترین گرووپەکانی نێو حەشد بپارێزێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، مالیکی بە هاوکاریی ئێران یارمەتی دارایی، چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازیی دیکەی بۆ هێزە میلیشیاییە شیعەکان دابین کرد، جگە لەمەش دروشمەکانی مالیکی بۆ لایەنگری لە سیاسەتی شیعی لە عێراق پەیوەندیی ئایدیۆلۆژی سەرکردەکانی میلیشیاکان و مالیکی قووڵتر کردەوە.

وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، میلیشیاکانی حەشد بناغەیەکی بەهێزی دەسەڵات بە مالیکی دەدەن بۆ ئەوەی "لە کاتی خۆیدا بتوانێ حەیدەر عەبادی (سەرۆکوەزیرانی عێراق) لەسەرکار لابدات"، لە لاوازترین حاڵەتیشدا ئامرازێک دەبن بەدەست مالیکییەوە بۆ ئەوەی گوشاری سیاسی پێ دروست بکات.

> **میلیشیاکانی سەر بە سیستانی تاکە میلیشیان ئەگەری هەڵوەشانەوەیان هەیە**

> **حەشدی شەعبی دەبێتە ئامرازی گوشاری سیاسی بەدەستی مالیکییەوە**

### گرووپە پێکهێنەرەکانی حەشدی شەعبی:

کۆتایی ساڵی رابردوو، سەرکردەکانی حەشدی شەعبی باسی 140 هەزار چەکداریان دەکرد کە لە دەوری ئەو میلیشیایانە کۆبوونەتەوە، بەڵام پەرلەمانی عێراق لە کاتی پەسەندکردنی پڕۆژە بودجەی 2017دا تەنیا دانی بە 110 هەزار چەکداری ئەو هێزەدا نا. هێزەکانی حەشدی شەعبی لە نزیکەی 50 گرووپ پێکدێن کە هەندێکیان چەند سەت چەکدارێکیان هەیە و هەندێکیشیان ژمارەی چەکدارەکانیان هەتا دەیان هەزار دەچێ (بۆ نموونە سوپای بەدر).

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پێکهاتە ئاڵۆز و لێڵەکەی حەشدی شەعبی، ئەو هێزە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی بەسەر سێ گرووپی جیاوازدا دابەش دەکەن.

**یەکەم:** گرووپەکانی لایەنگری عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران

**دووەم:** گرووپەکانی لایەنگری عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق

**سێیەم:** گرووپەکانی سەر بە موقتەدا سەدر، سەرکردەی بزووتنەوەی سەدر

### گرووپەکانی لایەنگری خامنەیی

بەپێی ڕاپۆرتەکەی کارنیگی، بەهێزترین گرووپەکانی نێو حەشدی شەعبی ئەوانەن کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ تاران هەیە و لەڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە سەر بە خامنەیین. بەشێک لەو گرووپانە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە دروستکراون، بڕوایان بە چەمکی ویلایەتی فەقیە هەیە و ژمارەی چەکداریشیان کەمە: لەوانە سەرایای خوراسانی، کەتایبی حیزبوڵڵا و کەتایبی ئەبولفەزلی عەبباس. ئەو گرووپانە ڕاستەوخۆ سەر بە سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێرانن. ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئەم هێزانە کە لە بەسرە هەتا دیالە گرووپ و ئەندامیان هەیە، لەلایەکەوە یارمەتی ئێران دەدەن بۆ ئەوەی بتوانێ کۆریدۆری شیعە بە عێراقدا بەرێت و لەلایەکی دیکەشەوە پاسەوانی سنووری ئێرانن.

جۆری دووەمی گرووپەکانی لایەنگری خامنەیی ئەو گرووپانەن کە یان ئەوەتا حیزبی سیاسییان هەیە، یان بەرەو ئەوە دەچن باڵی سیاسی دامەزرێنن. بەناوبانگترین ئەو گرووپانەش کە یارمەتی دارایی زۆر و چەکی قورسی ئێرانیان پێدەگات، بریتین لە ڕێکخراوی بەدر و عەسایبی ئەهلی حەق.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت کە ئەم گرووپانە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ مالیکی هەیە و تەنانەت هەر مالیکی خۆیشی هانی دابوون لە پاڵ باڵە سەربازییەکە هەوڵی دامەزراندنی باڵی سیاسیش بدەن و ببنە بەشێک لە دەوڵەتی یاسا. هۆکاری جیابوونەوەی هادی عامری، فەرماندەی سوپا و ڕێکخراوی بەدر، لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق هەر ئەوە بوو کە ئەنجوومەنەکە لە 2007ەوە وەکوو مەرجەع مامەڵەیان لەگەڵ سیستانی دەکرد، نەک خامنەیی. ڕێکخراوی بەدر 22 کورسی لە پەرلەمانی عێراق هەیە.

> **داهاتووی حەشدی شەعبی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی سیاسەت لە عێراق دەبێ**

بەهەمانشێوە عەسایبی ئەهلی حەق هاندران لە سوپای مەهدی سەر بە سەدر جیاببنەوە. ئەمەش بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لەو کاتەدا بوو کە "سەدر ڕەخنەیەکی زۆری لە دەسەڵاتی ئێران لە عێراق دەگرت". ئەو گرووپە لەژێر نێوی (سادقون) توانی یەک کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێ.

### گرووپەکانی لایەنگری سیستانی

ئەو بەشە لە حەشدی شەعبی گرووپی چەکداری ناسیاسی لەخۆدەگرێ کە بەیعەتیان بە سیستانی داوە و ڕاستەوخۆش دوای فتواکەی سیستانی دامەزراون، ئەرکیشیان پاراستنی مەزارگە شیعییەکانە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی کارنیگی، ئەم بەشە لە حەشد لە چوار گرووپی سەرەکی پێکدێ کە لە نەجەف ڕێکخراون و بریتین لە: سەرایای عەتەبەی عەباسی، سەرایای عەتەبەی حوسەینییە، سەرایای عەتەبەی عەلەوییە و لیوای عەلی ئەکبەر. ناوی هەرکام لە گرووپەکان بەپێی ناوی چوار مەزارگە سەرەکییەکەی شیعەکانی عێراق لە کازمییە، کەربەلا و نەجەف دانراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، زۆربەی سەرکردە و ئەندامانی ئەو گرووپانە جەختیان لەوە کردووەتەوە کە لەگەڵ نەمانی داعش و مەترسی لەسەر مەزارگەکان، ئەو هێزانە هەڵدەوەشێنەوە. هەڵبەت لە ساڵی 2007ەوە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقیش بەیعەتی بە سیستانی داوە کە جۆرێک لە گۆڕانی تەکتیکی بوو لە ئێرانەوە بەرەو مەرجەعە عێراقییەکە. لەو کاتەشەوە عەممار حەکیم ژمارەیەک میلیشیای دامەزراند کە بریتی بوون لە سەرایا جیهاد، سەرایا عەقیدە و سەرایا عاشوورا.

### گرووپەکانی سەر بە موقتەدا سەدر

موقتەدا سەدر لە دوای کوشتاری کەمپی سپایکەر، سەرایا سەلامی دامەزراند. ئەم هێزە هەر سوپای مەهدی بوو بە ناوێکی نوێوە. سوپای مەهدی لەساڵی 2008ەوە هەڵپەسێردرابوو، بەڵام بەشێکی زۆر لە شارەزایان و کادیرەکانی ئەو هێزە مابوون.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سەرایا سەلام قسەیان کردووە و بە گوتەی ئەوان سەرایا سەلام دەتوانێ هێزێکی 100 هەزار کەسی دامەزرێنێ و ژمارەی ئەوانەشی کە خۆیان ناونووس کردووە لەو ژمارەیە زیاترە، بەڵام بەهۆی کەمیی سەرچاوەی مادی و سەربازییەوە ناتوانن هەموویان وەربگرن، لەبەر ئەوەی ئێران بەشی زۆری ئەو هاوکارییانەی بڕیوە کە پێشتر بە هێزەکانی سەدری دەدا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سەدر لەگەڵ گرووپە شیعەکانی دیکەی عێراق ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە لە دیاسپۆرا شێوەی نەگرتووە و لە خەڵکی شیعەی عێراق نزیک بووە.

موقتەدا سەدر و سەرایا سەلام هەڵوێستێکی ڕوونیان بەرامبەر بە حەشدی شەعبی نییە، سەدر لەلایەکەوە دژی گرووپەکانی لایەنگری خامنەییە و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی لایەنگری شیعەکانی عێراق لە هێزەکانی حەشد، ناتوانێ بە تەواوەتی ڕەتیان بکاتەوە.




### چی لە حەشد بکرێ؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی کارنیگی، لە بەغدا تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە داهاتووی حەشد هەیە. لەلایەکەوە لایەنگرانی خامنەیی، مالیکی و عامری داوا دەکەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق بکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، وەکوو چۆن لە ئێرانیش سوپا و ئەرتەش هەیە. سوپا سەر بە باڵی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتە و ئەرتەش لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت و سەرۆککۆماردایە. ئەو گرووپە داوای ئەوەش دەکەن زۆربەی چەکدارانی حەشد شیعە مەزهەب بن، بۆ ئەوەی زلهێزە ناوچەییەکان نەتوانن کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی حەشد دابنێن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، عەبادی، لایەنگرانی سیستانی، لایەنگرانی سەدر، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە سوننەکان و سەرکردایەتی کورد لەگەڵ ئەوەدان بەپێی فەرمانی ژمارە 91ی سوپای عێراق، حەشدی شەعبی لە ناو هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا بتوێنرێتەوە و ئەندام و سەرکردەکانیشیان بەشێک لە هیچ پارت یان چالاکییەکی سیاسی نەبن.

تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە لە ساڵی ڕابردوودا چاویان بە عەبادی کەوتووە و لەو دیدارەدا عەبادی ڕایگەیاندووە کە یەکێک لەو پلانانەی بیری لێدەکەنەوە، بچووککردنەوەی قەبارەی حەشدە، بەو پێیەش 20 بۆ 25 هەزار چەکداریان لەناو سوپای عێراقیدا وەردەگیرێن. یەکێک لە بژارەکانی دیکەش ئەوەیە گرووپە جۆراجۆرەکانی حەشدی شەعبی بکرێنە فیرقە و لە چوارچێوەی سوپای عێراقدا ناوی نوێیان پێ ببەخشرێت (وەکوو فیرقەی هەشتەم، نۆیەم و هتد). ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە دەڵێن داهاتووی حەشدی شەعبی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی سیاسەت لە عێراق دەبێ، بەجۆرێک ئەوە یەکلایی دەبێتەوە کە ئاخۆ حکومەت دەتوانێ هەموو دەسەڵاتەکانی لەلابێ یان گرووپەکانی سەر بە مالیکی کاریگەری خۆیان بەسەر دامودەزگا سیاسی، یاسایی و دادوەرییەکانەوە دەپارێزن.

ڕاپۆرتەکەی کارنیگی پێشنیاز دەکات کە ئەگەر بڕیاریش بێ چەکدارانی حەشد تێکەڵ بە دامەزراوەی سەربازیی عێراق بکرێن، ئەو تێکەڵکردنە دەبێ لەسەر بنەمای تاکەکەسی بێ نەک گرووپ، چونکە ئەگەر لەسەر بنەمای گرووپ بێ، ئەوە هێزە سیاسییەکان جارێکی دیکە دەتوانن لە ڕێگەی گرووپەکانی خۆیانەوە لە سوپادا گوشار بۆ سەر حکومەت دروست بکەن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتی و مافی بڕیاردانی چارەنووس

خەڵکێکی زۆر باوەڕیان وایە کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هێزێکە توانای یەکلاکردنەوەی کێشەکانی کوردستانی هەیە، هەربۆیە لەلایەک زۆرترین چاوەڕوانییەکان لە یەکێتییە و بە ئومێدەوە لێی دەڕوانن، لەلایەکی تریشەوە زۆرترین ڕەخنە ڕووبەڕووی یەکێتی دەکرێتەوە کە بۆچی هەڵوێست و بڕیاری یەکلاکەرەوەی نییە، لە کاتێکدا لە رابردوودا و لە زۆر قۆناغی مێژوویيدا، یەکێتی بە هەڵوێستی ئازایانە، بە بڕیاری پەرجووئاسا، هێزێکی ئامادە بووە و لە چرکەساتی خۆیدا بڕیارەکانی یەکلاکەرەوە بوون.

پێشتر یەکێتی مام جەلالی هەبوو، ئەو پیاوێکی خاوەن ئیرادە و بڕیار بوو، لە کاتی پێویستدا بۆ وەرگرتنی بڕیاری گرنگ و یەکلاکەرەوە ئیرادەی ئەوەی هەبوو کاریگەری بخاتە سەر بیروبۆچوونی ناوەندەکانی بڕیاری یەکێتی و بەئاراستەی دروست یەکێتی بڕیار یاخود هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی هەبێت، ئەگەر ئەوەشی پێ نەکرایە، خۆی پیاوێکی ئازا بوو، بڕیاری دەدا و دەیزانی هەڤاڵەکانی بەشی ئەوە ڕێزی دەگرن کە بڕیارەکەی بە بڕیاری گشتیی یەکێتی بزانن. بەڵام لەدوای نەخۆشکەوتنی ئەو، ئیتر یەکێتی تووشی ڕاڕایی سیاسی بووە و توانای بڕیاردانی سیاسی لاواز بووە. هۆکارەکەشی، یەکەمیان بەهۆی نائامادەیی تاڵەبانییە لە بڕیاری حیزبەکەیدا، دووەمیشیان ئامادەیی دونیابینی سیاسی نەیارەکانی یەکێتیە لەسەر یەکێتی. چونکە دەزانن کە یەکێتی هێزی یەکلاکەرەوەیە، بۆیە هەر لایە و دەیەوێ بە قازانجی بەرەکەی خۆی یەکێتی پەلکێشی ئەوێ بکات. تا کێشە و ناکۆکیەکانیش قووڵتر ببنەوە، تا دۆخی سیاسی ئاڵۆزتر بێ، تا پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان زیاتر بەر دەرگەی یەکێتی بگرن، یەکێتی زیاتر ڕاڕا دەکەن و توانای بڕیاری لاوازتر دەبێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەڵوەستەی لەسەر بکەم، مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی ڕاڕای یەکێتییە لەبەرامبەر ئەو پرسە گرنگە. لەکاتێکدا یەکێتی لە هەلومەرجێکدا لەدایک بوو گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی تووشی گەورەترین شکست هاتبوون، لەوپەڕی نائومێدی و نیگەرانیی خەڵکی کوردستاندا، یەکێتی وەک بڕیارێکی ئازایانەی میللەتێک کە لە شکستدا بڕیار بدات بۆ هەستانەوە، ئاوا لەدایک بوو. لە ژیانی سیاسی خۆشیدا زۆر بڕیاری ئازایانەی داوە و زۆر قوربانی بەخشیوە لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا. یەکێتی نەک هەر توانی میللەتێکی کەوتوو هەستێنێتەوە، بەڵکوو لە خراپترین و دژوارترین ڕۆژگاردا توانی داخوازی و ئامانجی میللەتەکەش لە خەباتی نەتەوەییدا، لە ئۆتۆنۆمییەوە بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بگۆڕێت. لە یەکەم دەرفەت و هەلی ڕەخساویشدا بۆ بەدیهێنانی ئەم دروشمە، لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان و لە هەلومەرجێکدا کە هەموو دەروجیران پیلانیان لێدەگێڕاین و جگە لە ئیرادەی میللەت و چیاکان کەس دۆستمان نەبوو، توانی ئەمە لە دروشمەوە بکات بە کردار، خەڵکی کوردستان بڕیاری ئەوەیاندا فیدراڵی پەسەند بکەن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە یەکێتییەک لەو هەلومەرج و دۆخە ناهەموارانەدا توانیبێتی دونیابینیی سیاسی خۆی بەسەر ئیرادەی میللەت و هێزە سیاسییەکاندا زاڵ بکات، لە ڕۆژگاری بێ پشت و پەنایی و بێ کەسیی کورددا توانیبێتی داینەمۆی گۆڕینی ئاراستەی ئامانج و خەباتی میللەتەکەی بێت، بۆچی ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکدا کە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاوکێشە هەرێمایەتیەکان دەرفەتێکیان بۆ خەڵکی کوردستان هێناوەتە پێش بتوانێ بە خەونی لەمێژینەی و مافی خۆی بگات، کەچی یەکێتی تووشی ڕاڕایی هاتبێت لە بڕیاری دروست و پێویستی تایبەت بەم پرسە کە خەریکە نەک هەر یەکێتی لە کاروانەکە دوادەخات، بەڵکوو کاریگەری بخاتە سەر ئامانجە ڕاستەقینەکەی گەلی کوردستانیش. ئەمە پێویستی بە لەسەر وەستان و هەڵوەستەی جدیی هەیە.

بەتێگەیشتنی من هۆکارەکەی ئەوەیە کە یەکێتی لەنێوان دونیابینی سیاسی پارتی و گۆڕاندا خۆی بزر کردووە، خاوەنی ڕوئیایەکی ڕوون نییە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان، خاوەن تەرحێکی ڕوون نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەمەش سەرئەنجام وا دەکات لەنێوان بەرداشی ناکۆکییەکانی گۆڕان و پارتیدا دۆخێک دروست بێت کە یەکێتی دەهاڕێت. پێشتر لە پرسی دەستووری کوردستاندا یەکێتی خاوەن ڕوئیایەکی ڕوون نەبوو، هەموو خەڵک دەیانزانی پارتی چی دەوێت لە دەستوور، گۆڕان و هێزە ئیسلامییەکان چییان دەوێ لە دەستوور، بەڵام نە خەڵک و نە یەکێتیەکانیش نەیاندەزانی یەکێتی لەو دەستوورەدا چی دەوێت، بۆیە یەکێتی لە ململانێی دەستووردا بووە قوربانی، دواتریش پارتی و گۆڕان لەسەر پرسی دەستوور ڕێککەوتن و یەکێتی هیچ ڕۆڵێکی تێدا نەما.

ئێستا هەمان حاڵەت خەریکە لە مەسەلەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دووبارە دەبێتەوە. پارتی شەڕی ئەوە دەکات کە لەسەر دەستی ئەوان ئەم پرسە بگاتە ئامانج. گۆڕان دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان نین و هاوشێوەی پارتی دەیانەوێ کوردستان خاوەن دەوڵەت بێت، بەڵام نایانەوێ ئەوە ببێتە دەستکەوت بۆ پارتی. بەڵکوو ئەوانیش دەیانەوێ بەهۆی ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لای گۆڕانە، ئەم پرسە بەژێر دەستی گۆڕاندا بڕوات و سەروەرییەکەی بۆ ئەوانیش تۆمار بکرێت. بەڵام یەکێتی جارێکی تریش خەریکە لێرەدا خۆی بزر دەکات، نازانێ دوای پارتی بکەوێت یان لەگەڵ سەنگەری گۆڕان بێت. لەکاتێکدا پێویست بوو یەکێتی لە هەردوولایان ڕوئیای ڕوونتر بایە دەربارەی ئەم پرسە. دەبوو شەڕی یەکێتی لەسەر ئەوە بێت کە یەکێتی سەرکردایەتی ئەو ئاراستەیە بکات، دەبوو یەکێتی داوای ئەوەی بکردایە کە گوتەبێژی کۆمیتەی ریفراندۆم لە یەکێتی بێت، بۆ ئەوەی وێناکە بەو جۆرە بێت کە ئەوە یەکێتییە لە پێشەنگەکانی بەرەو سەربەخۆیی بردنی کوردستانە.

بەڵام جۆرێک لە سیاسەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان گۆڕان و پارتیدا، وێنایەکی بۆ یەکێتی دروست کردووە کە خەڵک نەزانێت لەم نێوانەدا یەکێتی چی دەوێت. دوور نییە سبەینێ ناوبژیوانێک بتوانێ پارتی و گۆڕان پێکبهێنێت و ڕێکبکەون لەسەر میکانیزم و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی ریفراندۆم. ئەی ئەوکات یەکێتی دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە. چونکە ئەوەی لە نێوان گۆڕان و پارتیدا هەیە، ناکۆکی نییە لەسەر ئەوەی لایەکیان لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی بێت و لایەکیان لەگەڵ عێراق و مانەوەی ئەم دۆخەی ئێستا بێت. پارتی دەیەوێ لەژێر سایە و سێبەری سەرۆکایەتی هەرێمدا ئەم پرۆسەیە بەڕێوە بچێت و دەستکەوتێک بێت بۆ خۆی. گۆڕانیش دەیەوێ بە فیلتەرەکانی پەرلەماندا تێپەڕێت و ئەو فەزڵە لە پارتی وەربگرێتەوە. یەکێتی لێرەشدا بزرە. ئەمە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە لەئەستۆی سەرکردایەتی یەکێتی، چۆن ئێستا شانازی بەوەوە دەکات کە پێش زیاتر لە سی ساڵ داهێنەری مافی بڕیاردانی چارەنووس بووە، ئەگەر لە چرکەساتی دەرفەتەکانی گەیشتن بەو ئامانجە ڕۆڵ و کاریگەری نەبێت، سبەی چۆن وەڵامی مێژوو دەداتەوە.



مەجید نیزامەدین گلی

# کلیلی داهاتووی باشووری کوردستان لە سووریایە نەک عێراق

بۆ باشووری کوردستان، دەرئەنجامی شەڕ لە سووریا زۆر لە داهاتووی عێراق گرنگتر و چارەنووسسازترە. ئەگەرێکی زۆر هەیە کە دەرئەنجامی شەڕی سووریا درێژیی تەمەن و سەقامگیریی درێژخایەنی باشووری کوردستان و حکومەتەکەی دیاری بکات. بەڵام چۆن؟ بۆ تێگەیشتن لەو ڕاستییە دەبێت سەرەتا ئەم دوو بیرۆکە باو و هەڵەیە لەبیربکەین:

1 – وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان لە سووریا دابەشبوونەتە سەر دوو بەرە: بەرەی هاوپەیمان و بەرەی نەیارانی ئەسەد.

2– ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان پلانێکی گەورەیان هەیە بۆ ناوچەکە و دەیانەوێت نەخشەی ناوچەکە بگۆڕن.

زۆر لەبارەی ئەم دوو بیرکردنەوەیە دەبیستین، من لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بابەتەدا دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی هەڵەیە بەو شێوەیە تەماشای شەڕی سووریا بکەین، پاشان لە بەشی سێیەمی ئەم بابەتەدا ڕوونی دەکەمەوە کە چۆن بۆ کورد داهاتووی شەڕی سووریا لە داهاتووی عێراق گرنگترە.

ڕاستە ئێران و ڕووسیا دەیانەوێت ئەسەد لە دەسەڵات بمێنێتەوە و ئەمریکا و تورکیا و وڵاتانی عەرەبیی زۆرینە سوننە نایانەوێت ئەسەد بەشێک بێت لە داهاتووی سووریا، بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەو وڵاتانە خوێن و چەک و پارە لە سووریا خەرج بکەن ئەو جیاوازیە نییە.

بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین کە چۆن گۆڕانکارییەکانی شەڕی سووریا کار دەکاتە سەر داهاتووی باشووری کوردستان، باشتر وایە بەم شێوەیە تەماشای شەڕەکە بکەین:

لە جەنگی سووریادا وڵاتە زلهێز و ئیقلیمییەکان دەکرێت دابەشبکرێنە سەر دوو گرووپ کە هەر گرووپێکیان شەڕێکی جیاواز دەکەن. گرووپی یەکەم پێکدێن لە ئێران و سعودیە. گرووپی دووەم پێکدێن لە ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا.

## گرووپی یەکەم:

بە پێچەوانەی ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیاوە، ئێران و سعودیە ئامانجی درێژخایەنیان لە سووریا هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر بە بێدەنگی کار بۆ ئەو ئامانجە درێژخایەنانە دەکەن.

ئێران دوو ئامانجی سەرەکی هەیە لە سووریا، یەکەم: بتوانێت لە داهاتوودا بێ کێشە چەکدار و مووشەک و چەک بە ڕێگەی وشکانی لە عێراق و سووریاوە تێپەڕێنێت بۆ چەکدارانی حیزبوڵڵا. دووەم: دیمەشق نەبێتە بەربەستێکی جوگرافی و دیمۆگرافی لە نێوان عێراقی زۆرینە شیعە و لوبنانی حیزبوڵڵا.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، تاران هەوڵ دەدات بە هەمان شێوەی عێراق و لوبنان، سووریا بخاتە ژێر هەژموونی خۆی، بەڵام تا ئێستا لەو کارەدا شکستی هێناوە.

لە عێراق، ئێران لەژێر چەتری ئەمریکادا توانی نەخشەی سیاسیی وڵاتەکە بەشێوەیەک دابڕێژێت کە کلیلی چارەسەری کێشەکانی نێو ماڵی شیعە لە تاران بێت. لە سووریا، ئێران لەسەرەتادا دەیویست لەژێر چەتری ڕووسیادا ئەو کارە بکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە سووریا شیعە زۆرینە نییە و دەزگاکانی دەوڵەت هێشتا کاران و بەتەواوی نەڕووخاون. لەبەر ئەوە ئەرکی ئێران لە سووریا زەحمەتترە.

ئەمەش لەوانەیە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە تاران هەوڵی بە شیعەکردنی سووریا بدات.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی، ساڵی پار ئێران نزیکەی 300 خێزانی شیعەی لە عێراقەوە گواستووەتەوە بۆ ناوچەی درعای دیمەشق. ئەمەش لەوانەیە سەرەتایەک بێت بۆ پرۆسەیەکی فراوانتر. هەر بەگوێرەی ئەو ڕۆژنامە بەریتانیە، حکومەتی ئێران دەستی کردووە بە کڕینی زەوی و خانووبەرە لە سووریا. چالاکوانێکی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سووری پێی گوتم کە ئێران لە ناوچەکانی نێوان دیمەشق و سنوورەکانی لوبنان خەریکی کڕینی خانووبەرەیە.

لە بەرەکانی شەڕیش، ئێران میلیشیای فاتمی ئەفغانی و زەینەبی پاکستانی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی عێراقی بۆ سووریا دەبات. ڕاستە ئێران نایەوێت ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی خۆی لە سووریا بە کوشت بدات، بەڵام هێنانی ژمارەیەکی زۆر چەکداری شیعە لە پاکستان و عێراق و ئەفغانستانەوە لەگەڵ خێزانەکانیان لەوانەیە ئامانجەکەی گۆڕینی دیمۆگرافیای سووریا بێت.

لە بەرامبەردا، ئامانجی سعودیە شکستهێنانە بە پرۆژە درێژخایەنەکانی ئێران، بەڵام سعودیە ستراتیژییەکی سەربەخۆی نییە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی و سەرکردەکانی ڕیاز چاوەڕێی ئەمریکا و تورکیا دەکەن ئێران بوەستێنن.

## گرووپی دووەم:

لەوانەیە سەرکردەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا ویست و خەونی درێژخایەنیان هەبێت بۆ داهاتووی سووریا، بەڵام بە کردار ئەوان زیاتر کار بۆ ئامانجە کورتخایەنەکانیان دەکەن.

ڕاستە ئەردۆغان هیوای ئەوە دەخوازێت کە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری ببنە دەسەڵاتداری داهاتووی سووریا، بەڵام بەکردار ئاشکەرە کار بۆ یەک ئامانجی کورتخایەن دەکات لە سووریا، ئەویش ڕێگرتنە لە دروستبوونی کیانێکی دیکەی کوردی لەسەر سنوورەکانی.

ئەمریکاش ئامانجەکانی کورتخایەنن. تاوەکو پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ، ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە سووریا بێهێزکردنی داعش بوو، بەڵام ئێستا بەرپرسانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ جگە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بیر لە تێکدانی ئەو هاوپەیمانییە دەکەنەوە کە واشنتن پێیوایە لە نێوان ئێران و ڕووسیادا لە سووریا هەیە (لە ڕاستیدا هاوپەیمانییەکەی نێوان تاران و مۆسکۆ کورتخایەن و پڕ لە کێشەیە).

ڕووسیاش کار لەسەر ئامانجی دوورمەودا ناکات لە سووریا. ڕاستە بۆ مۆسکۆ گرنگە کە بۆ دەیان ساڵی دیکەش بنکەی سەربازیی ڕووسی لە شاری تەرتووسی سووریا هەبێت و سیستەمە مووشەکیەکەی لە نزیک کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بمێنێتەوە، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، ڕووسیا پێویستی بەو هەموو هێزە سەربازیە نییە کە ئێستا لە سووریا هەیەتی.

ئەو چالاکیە سەربازیە زۆرەی ئێستای ڕووسیا لە سووریا، زیاتر دەتوانێ یەک ئامانجی کورتخایەنی ڕووسیا بپێکێت.

پوتین دەیەوێت لەسەر دەستی ڕووسیا – نەک ئەمریکا و ئێران– لایەنەکانی شەڕ لە سووریا بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ ئەوەی لە کاتی دانوستاندن، ڕووسیا بتوانێت سووریا وەکو کارتێکی فشار بەکاربێنێت لە دژی ئەمریکا و واشنتن ناچار بکات کە وجودی سەربازیی ڕووسیا لە کریمیا قەبووڵ بکات.

ئەمە بۆ مۆسکۆ زۆر گرنگە. ئامانجی سەرەکی و درێژخایەنی ڕووسیا کەمکردنەوەی هەژموونی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بڵاونەبوونەوەی سیستەمی مووشەکیی ئەمریکایە لە نزیک سنوورەکانی. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ستراتیژی و درێژخایەنە، مۆسکۆ پێویستی بە سازشی ئەمریکا هەیە و بەهێزترین کارتی فشاری ڕووسیاش تاوەکو ئێستا سووریایە. دۆخی سووریا چەندە سەرئێشەی زیاتر بۆ واشنتن دروستبکات، بۆ ڕووسیا باشترە.

***مەجید نیزامەدین گلی، بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.**



بەرزان عەلی حەمە

# من عێراقیم!

عێراق وڵاتێکی وێرانە، لەبەر ئەوە نا کە باڵەخانەکانی ڕووخاون و شەقامەکانی خراپن، مرۆڤەکانی ناوی، ڕووخاو و شکاو و وەلانراون! عێراق هەرچی زانای هەبوو ڕۆیشت، هەرچی پزیشک و پسپۆڕ و شارەزای هەبوو ڕۆیشت، شیاوترە کە بڵێین هەرچی مرۆڤی هەبوو ڕۆیشت، ئەوەی ئێستا پێیدەگوترێ کۆمەڵگەی عێراقی، تەنیا تۆپەڵێک زبڵ و خاشاک و تاقمە خەڵکێکی چەکدار و بکوژ و ببڕ و ... ئەوی دی تۆپەڵێک خەڵکی برسی و پاشکەوتە و حەجەرین، ئەدی تۆی کورد، تاچەندە وات کردووە کە وڵاتەکەت، بەشێک نەبێت لەم نەخشەی خوێن و کوشتارە؟!

بە چی دەیسەلمێنی کە تۆ عێراقی نیت؟ ڕاستە، تۆ لەسەردەمی کوانتۆم و ئەتۆم و فایبەرئۆبتیک و بەقەولی پەشێو: شارستانیی دوگمە و وایەردا دەژیت، بەڵام سەرجەم ئەو کێشانەی کە مرۆڤەکانی چاخی سەرەتا هەیانبوو، تۆش هەتە! تۆ بەقەد مرۆڤێکی (نیاندرتاڵ و کرۆمانیۆن) کێشەت لەدەوری خۆت کەڵەکە کردووە، گەر زۆرتریش ورد بکرێتەوە، بەقەد مرۆڤێکی (جاوە) ئاریشەی ڕیشەییت هەیە!

زستان سەرمات بوو، دڵنیابە ئەم هاوینەش بەباشی گەرمات دەبێت، پارەت پێ نییە و دەورت تاریکە و کارەبات نییە، هیچ پلان و بەرنامەیەکتان بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئایندەتان نییە، کەچی هەموو سات و زەمانێک ئامادەن وەک دوژمنی باوک کوشتە، شەڕی یەکتر بکەن، هەمووتان لە بەهانەیەک دەگەڕێن تا ڕق و کینە و بوغز و زوخاوی شێتانەی خۆتان بەسەر یەکدیدا هەڵڕێژن، شتی زۆر بچووک و ناچیز و بێبەها لەیەکدی دەکەنە ئاریشەی مەزن! بەردەوام سەرقاڵی شەڕ و هەرا و مورافەعەن لەسەر شتگەلێک کە بەهای ئەو هەموو خوێن و هەرا و یەکدی بوغزاندنەی نێوانتانی نییە! تۆچۆن دەیسەلمێنی کە عێراقی نیت؟ هەموو ئەو سیفەتانەی کە لەعێراقی خوێن و ئاگر و تیرۆر و ڕەشەکوژیدا هەیە، لەتۆشدا هەیە، هەموو ئەو بوغزەی کە لەنێوان شیعە و سوننەدا هەیە، لەشەڕی نێوان پارتی و گۆڕانیشدا بەزیادەوە هەیە، کورد تاکە نەتەوەی ناو ئاگر و خوێنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە کێشەی دین و مەزهەب و زمانی لەنێوخۆدا نییە، کەچی هەمیشەش نەساز و ناتەبایە لەسەر شتگەلێک کە نرخی هەرا و هەڵاکەی نییە!

بەکەمگرتن و گچکاندن و ئیعترافنەکردن بەیەکتری، بەرئەنجامی ئەو شعورە عەرەبییەیە کە گواستراوەتەوە بۆ دەماغی مرۆڤی کورد، سێسەد ملیۆن عەرەب نیو سەدەیە خەریکی بەکەم زانین و سووککردن و گچکاندنی جولەکە و ئیسرائیلن، کەچی هەمووشیان گیریان خواردووە بەدەستییەوە؟! بە هەرهەموویان دەرەقەتی نایەن، بەهەرهەموویان ناتوانن زیانێکی پێ بگەیەنن، هەرچی عەرەب دەیکا و هەرچی عەرەب دەیڵێ، ئیسرائیلی پێ بەهێزتر دەبێت!

جا مرۆڤ کە نەیتوانی دیراسە بکات، کە نەیتوانی قەبارەی ڕاستەقینەی دوژمنەکەی، نەیارەکەی، ڕکابەرەکەی بزانێت، کە نەیتوانی لەهێز و نفوزی ڕاستەقینەی بەرامبەرەکەی تێبگات، دەقیقەن شعورێکی عەرەبییانەی بۆ ژیان هەیە!

گۆڕان شەش ساڵە بارزانی وەک دیکتاتۆر و حیزبەکەشی وەک گرووپێکی گەندەڵ و بێپلان و بەرنامە نیشان دەدات، کەچی لە واقیعدا ئەو حیزبە لە کوێیە و ئەوان پێشبینی کوێیان بۆ کردبوو؟!! ئەها پارتی گۆڕانی بەلاوە گرووپێکی پۆپۆلیستی و فەوزەویە و بێ منەتانە وەزیر و کاربەدەستەکانی لە هەولێر دەردەکات و حیساب بۆ قەبارە و نفوزی ڕاستەقینەی ناکات، کەچی ئەمڕۆ ناچار و مەمنونیشی دەبێت تا لەگەڵی دانیشێت بۆ ڕیفراندۆم!

یەکەم هەنگاوی ڕێزگرتن لەمرۆڤ، ئیعتراف کردنە پێی، مرۆڤ بە هیچ نامرێ، بەهیچ هەست بەلاوازی خۆی ناکات، تەنیا بەوە نەبێت کە پێت کەم بێت، مرۆڤ دەیەوێت ددانی پێدا بنێیت، هەموو مرۆڤێک لە ڕووە فیزیکی و بایۆلۆژییەکەیەوە هەیە و وجودێکی موتڵەقە، بەڵام ئەو دەیەوێت بینرخێنیت، دەیەوێت کردار و ڕەفتارەکانیت پێ کەم نەبێت، یەکەم هەنگاوی هەڵچوون و هیستریای مرۆڤەکان، ئەوەیە کە دانی پێدا نەنێیت و بە یەکەیەکی سەربەخۆ و شکۆمەندی نەزانیت، من عێراقیم، تۆ عێراقیت، پارتی و گۆڕان عێراقین، چونکە لەعێراق مرۆڤ شکۆی نییە، لەعێراق مرۆڤ دان بەیەکدیدا نانێن!!

**ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان و یەکێتی لەسەر "سفرەی گورگەکان"

1

ڕێککەوتنی سیاسیی گۆڕان و یەکێتی لە 17ی مایسی 2016 دا کە بە ئامانجی "گۆڕینی تەرازووی هێز لە کوردستان" ئیمزا کرا، دوای ساڵێک لەبەردەم ئەگەری هەڵوەشانەوەدایە، چونکە بە کردەوە جگە لە نیو برگە هیچی لێ جێبەجێ نەبووە. یەکخستنی فراکسیۆنەکانی گۆڕان و یەکێتی لە بەغدا، تەنیا یەک برگەی ڕێککەوتنەکەیە کە بە نیوەچڵی جێبەجێ بووە و، بە حیساب توانیویانە لەوێ گوشار بۆ پارتی بێنن!، بەڵام لەڕاستیدا ئەویش ئاوێک بوو چووە ئاشی پارتییەوە، پارتی زیاتر لە بەغدا دوورکەوتەوە و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداشی کردە یەکلایەنە.

لەکاتێکدا کە گۆڕان تووشی گۆشەگیریی سیاسی، نائومێدی و هەڵوەرینی ڕێکخستنەکانی ببوو، لە پەرلەمان و حکومەت دوورخرابوونەوە، شەقام و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کە پشتیان پێ بەستبوو هیچی بۆ نەکردبوون، بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕان تاوەکو حیزبەکەیان لە دارمان ڕزگار بکەن. ئەڵبەتە دەمێک بوو باس لە یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکرا (نەک ڕێککەوتن)، یەکێتیش نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی، خەریکی نوێکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی بوو لەگەڵ پارتی. ئەو دەنگۆیە (جگە لەوەی کە هەڵگری بنچینەی ڕق و نەفرەتی مێژوویی هاوبەشی پێڕەوانی برایم ئەحمەد لە هەمبەر ماڵباتی بارزانی بوو) لە ڕوانگەی تاکتیکی تەرەفەکانیشەوە بەو شێوەیە بوو کە باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی دوای بەپەند بردنی گۆڕان و بەگژیەکدا کردنی لەگەڵ پارتیدا، گۆڕانی تەنێ وەک کارتێک (کە لەناو دەستی خۆیدا بوو)، لە بەرامبەر پارتیدا بەکاردەهێنا و ئامادە نەبوو میراتی تاڵەبانی تەسلیمی نەوشیروان مستەفا بکات. باڵی ریفۆرم، حەزیان لەو دەنگۆیە بوو، چونکە لە ئەگەری یەکگرتنەوەدا (کە خۆشیان باوەڕیان پێ نەبوو، بەڵام نەیاندەویست وەکو نەیار دیار بکەون)، پێگەی باڵی دەستڕۆیشتوو لاواز دەبێ، جا ئەوکاتە ئەوان ئەگەر دیسان جێگەیان نەبووەوە، بچن بەدوای کاری خۆیاندا و نیهایەت گۆڕانیش دەیویست هەڵسوڕاوانی بیر لە گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی نەکەنەوە، چاوەڕێ بکەن تا لە یەکگرتنەوەدا پۆست و پلەکانیان پارێزراو بێت. هاوکات ئومێدی ئەوەیان هەبێ کە زۆری نەماوە ببنەوە بە هێزە مێژووییەکەی جاران. بەڵام ئەوە تەنیا حاڵەتێکی دەروونی و عیلاجێکی کاتی بوو، بۆیە دەبووایە بیر لە شتێکی دیکە بکرێتەوە کە ئەویش ڕێککەوتنی سیاسی بوو.

## ڕێککەوتنێکی مردوو

2

هەموو ئەو بەزمانەی سەرەوە لە سلێمانی لە کاتێکدا بوو کە پارتی پێشوازی لە یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکرد، بەڵام دانی بە ڕێککەوتنە سیاسییەکەیاندا نەدەنا. پارتی لەوە زیاتریش سەری خۆی بەو باسەوە نەهێشاند و خەریکی کاری خۆی بوو. بارزانی لە بری جیهان، سەرکردایەتی گەورەترین شەڕی دژ بە تیرۆری دەکرد و، وەک فەرماندەیەکی فاتیح هەولێری کردە یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی بەرەوڕووبوونەوەی تیرۆر لە دنیادا. حکومەتیش شانی دایە بەر قەیرانی ئابووری و چۆکی دانەدا. بۆیە لە بارودۆخێکی وەهادا کە مەسەلە مان و نەمانی کوردستان بوو، ئەو ڕێککەوتن و هەرایەی سلێمانی کڕیاری نەبوو، تەنانەت کاردانەوەی پێچەوانەی لێکەوتەوە. چونکە گۆڕانەکان لەبری ئەوەی بچن ببنەوە بە یەکێتی، ئەمجارەیان ڕوویان لە پارتی کرد و سەدان کەس بە خۆشحاڵییەوە سەنگەریان گواستەوە، چونکە دیتیان ئەگەر پارتی شتێکی قەبوڵ نەبێت سەرناگرێت! یەکێتیش کە دیتی ئەو کارتە لای پارتی باوی نەماوە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بایدایەوە و هەردوو باڵەکە پابەندییان بە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتیدا ڕاگەیاند، گۆڕانیش کە بە حیسابی خۆیان بە بەشداری لە کابینەی هەشتەمدا کڵاو کرابووە سەریان، کڵاوێکی دیکەشیان کرایە سەر.

یەکێتی زیرەکانە یاری بە کات دەکات و بڕستی لە گۆڕان بڕیوە، هیچ شتێکی ئەوتۆ ناڵێت کە گۆڕان هەست بکات پشتی تێکردووە، بەڵام بەکرداریش هیچی بۆ ناکات! دەڵێ با پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام هەمان قسەی پارتییان بۆ دەکات و دەڵێ سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕن! یەکێتیش وەک پارتی قەت نایەوێ یوسف محەممەد بگەڕێتەوە، قسەی گۆڕان بچێتە سەر و ورەیان بەرز بێتەوە. سەرباری ئەوەی کە هەمیشە پابەندیی خۆی بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ گۆڕاندا دووپات دەکاتەوە، بەڵام لای پارتیش خۆی بە گۆڕانەوە نابەستێتەوە و لە هەموو شتێکدا لەگەڵ پارتییە! گۆڕان ئەم حەقیقەتە دەزانێ، بەڵام ئەوانیش هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەوەی خۆیان لە ژێر چەتری ئەو ڕێککەوتنەدا بشارنەوە، چونکە ئەگەر نەوشیروان مستەفا لە بنەڕەتدا باوەڕی بەو ڕێککەوتنە هەبایە، قەت لە یەکەم چرکەدا نەیدەگوت "عیبرەت لە جێبەجێکردنیدایە"!

خۆزگە ئەو مروونەتەی گۆڕان لە ڕێککەوتنەکەیدا لەگەڵ یەکێتی هەیەتی، نیو ئەوەندەی لەگەڵ پارتیدا هەبا، حەتمەن ئێستا دۆخەکە بەجۆرێکی دیکە دەبوو.

## گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا

3

هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا لەکاتێکدایە کە یەکێتی بە هەردوو باڵەکەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە پارتی نزیک بووەتەوە. دەبێ ئەوە زەنگێکی مەترسیدار بێت بۆ گۆڕان کە 9 ساڵە ئیش لەسەر دوورخستنەوەی ئەو دوو هێزە دەکات و، تەنانەت لەو پێناوەدا ئامادە بوو ببێ بە بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی! گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بێ کاریگەری نابێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەند کاریگەری بەسەر ئەو نزیکبوونەوەیەی پارتی و یەکێتییەوە دەبێ؟ یان چەند دەتوانێ بە دەستپێشخەرییەک گۆڕان بێنێتەوە ناو کایەی سیاسی؟ چونکە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیدا دادی نەدا! دەبێ پەرلەمان لانیکەم بۆ هیچ شتێکیش نەبێ، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی یاسایی خۆی کارا بکرێتەوە. پارتی و یەکێتی لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا ئەوەیان کرد، ئەمجارەش هەر دەیکەن، گۆڕان لەگەڵ بێت یان لەگەڵ نەبێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کاک نەوشیروان چی بڵێت؟

پاش غائیببوونێکی نزیکەی یەک ساڵی، کاک نەوشیروان گەڕایەوە کوردستان. هەرچەندە گەڕانەوەکەشی وەک ئەو ماوەیەی لە لەندەن بوو، دوور بوو لە چاوی میدیا، بەڵام ئەوە هیچی لەو ڕاستییە نەگۆڕیوە کە جەماوەری بزووتنەوەکەی ئومێدی گەورەیان بە هاتنەوەی هەیە. ناکۆکەکانیشی، هەرچەندە وای پیشاندەدەن کە هیچ نەگۆڕاوە، بەڵام هاتنەوەی و بێدەنگییەکەی سەخڵەتی کردوون.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کاک نەوشیروان بێدەنگ بوو، بزووتنەوەکەشی بێدەنگ بوو. هەرچەندە هەڵسووڕاوەکانی وایان پیشاندەدا کە بەبێ ئەویش گۆڕان هەر بەسەرپێوەیە، بەڵام دەرکەوتنە بێمنەتانەکەی هەفتەی ڕابردووی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە گردی زەرگەتە و جگەرە داگیرساندن و قاچ لەسەر قاچ دانان و "هەواڵە ڕۆژنامەڤانییە" دوو دێڕییەکە وای دەردەخست کە شاندی یەکێتی بە داشی سوار و بە تۆنی بێمنەتانە و دوور لە چاوی کاک نەوشیروان قسەیان کردووە و پەیامی خۆیان گەیاندووە. کەچی ئەو بەیانییەی کاک نەوشیروان گەیشتەوە، لە تەلەفیزیۆنی یەکێتییەوە ڕووماڵی تایبەتی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی دەباشان دەکرا و هەر زوو زووش ڤیدیۆ و قسەکانی مام جەلال و کاک نەوشیروان لێدەدرانەوە. وەک بڵێی کەتنێک کرابێ و کەتنکەر لەترسی سزای پاش کەتنەکەی خەریکی پاکانەکردن بێ!

زۆر کەس دەیانگوت یەکێتی بۆیە لەگەڵ پارتی نزیکبوونەتەوە لە ڕێککەوتن، چونکە خاترجەم بووە کاک نەوشیروان هێندە نەخۆشە تازە چاوی بە کوردستان ناکەوێتەوە. بۆیە ئێستا کە هاتووەتەوە، گۆڕین یان وەکخۆی هێشتنەوەی تۆنی دەنگی یەکێتی بەرامبەر گۆڕان و پارتی مایەی سەرنج و لێوردبوونەوە دەبێت. بەتایبەتیش کە لەسەر ئاستی خوارەوەی هەریەکە لە گۆڕان و یەکێتی بیرۆکەی بەهەرێمکردنی سلێمانی زیندووکراوەتەوە و کادیرەکانیان لە میدیاکاندا بانگەشەی بۆ دەکەن.

هەرچەندە ئەوەی لە خەڵکەوە دەیبیستین وێنەیەکی زۆر جیاوازە لەوەی میدیا و کادیرە حیزبییەکان دەیانەوێ وێنای بکەن، بەڵام هەرواش دەبێ ئومێدمان بەوە هەبێ کە هاتنەوەی کاک نەوشیروان لەجیاتی ئەوەی عامیلی شەڕ بێت، ببێتە عامیلی خێر بۆ ئاساییکردنەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا. خەڵک ئێستا هێندەی پێی گرنگە مووچە و کارەبا و خزمەتگوزاریی تەندروستی هەبێ، هێندە بۆی گرنگ نییە کێ سەرۆکی پەرلەمان دەبێ و کێش ئیدارەی وڵات دەکات. ڕەنگە گۆڕان لە مافی خۆی لەو ڕێککەوتنەی بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگا و ئیدارەکانی زۆنی سەوز هەیبوو بپرسێتەوە و چیدیکەش نەهێڵێ مافی بخورێ، کە بەڕاستیش پێویستە وابێت، بەڵام من زۆر لەمێژە ئەو حەماسەتە لەنێو خەڵکدا نابینم کە بۆ حیزبەکان هەیانبوو، بە جەماوەری گۆڕانیشەوە. خەڵک لەخەمی باشبوونەوەی دۆخی ژیان و خۆشگوزەرانیدان و بەلایانەوە گرنگ نییە کێ ئەوەیان بۆ دابین دەکات و مافی کام حیزبە کام پۆستی هەبێ و کامەی نەبێ. بۆیە باش دەبێ کاک نەوشیروانیش دوای ئەو ماوە درێژە لە بێدەنگی، ئەوە بڵێت کە خەڵکی سادە دەیەوێ گوێی لێبێت نەک ئەوەبێت کە هەم گەنجە کەمئەزموونە پۆپۆلیستەکان و هەم سیاسییە پیرە لە خەڵک دوورکەوتووەکانیش ئارەزوو دەکەن لێی ببیستن.



بەختیار کەریم

# ئەردۆغان و رووکردنەوە مەککە!

لە چەند ساڵی ڕابردووی تورکیا و ئەزموونی سەرکردایەتی (ئەردۆغان)دا، خولیا ستەمکارییەکانی ئەردۆغان، لە کەس شاراوە نەبوون. لەناو تورکیا و لە دەرەوە، هۆشداریی زۆر درا لەسەر هەوڵەکانی سوڵتانێکی ڕانەگەیەنراو بۆ کۆکردنەوەی کۆی دەسەڵاتە سیاسی، یاسایی، سەربازی، دادوەری و ئابوورییەکان لەدەستی خۆیدا، سوڵتانێک کە هەموو ئامرازێک ڕەوا دەکات بۆ گەیشتن بە "ئامانجە پیرۆزەکەی". لە ئاکامی سەرکەوتنی کەمپەینی بەڵێ بۆ هەموارەکانی دەستووری تورکیا، پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئەم سوڵتانە ڕانەگەیەنراوە، بە دەسەڵاتە کەمەکانی ئەوسای وەکو سەرۆککۆمار، زۆر دەستکراوە ئامانجەکانی دەبردە پێش، ئێستا و پاش ئەوەی بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکانی بێسنوورن و هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ لێپرسینەوەی، تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟

ئەردۆغان لەڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی، توانی بە بردنەوەیەکی شەرمن لە ریفراندۆمێکی گوماناویدا، پێگەی خۆی وەک سەرۆککۆمارێکی دەستکراوە، بۆ چەندین ساڵی تر زامن بکات. ئەردۆغان بەم هەموو قەیرانەوە، تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟ تێگەیشتن لەمە، پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەیی قووڵ هەیە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیای مۆدێرن و گیرخواردنی لەنێوان "برۆکسل" و "مەککە"دا.

لەسایەی گۆڕانکارییە مێژوویی، سیاسی و هزرییەکانی خۆرئاوای سەدەی نۆزدە، چەمکەکانی نەتەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی و ناشیونالیزم، دەگەنە حەرەمی "پیاوە نەخۆش"ەکەی خۆرهەڵات. ساتەوەختی لەبەریەکهەڵوەشانی خەلافەتی عوسمانی، ساتەوەختی دروستبوونی نەتەوەی جیاوازە لەهەناوی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا، کە نیو هەزارە بەناوی خوداوە لەسەر زەوی، نادادپەروەرانە حوکمی دەکرد. لەگەڵ دروستبوونی ئەم هۆشیارییە نەتەوەییەدا، تورکەکان پێش عەرەب، ئەرمەن و کورد، لە پرۆسەی لاساییکردنەوەیەکی تەواوی خۆرئاوادا، نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوە دەگەیەننە پیرۆزترین پێگە. ئەتاتورک، لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی تورکیا و چێکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا، دەوڵەت دەخاتە جێگەی هەموو ئەو چەمکە پەتیانەی پێشتر پیرۆزبوون و نەتەوەی تورک دەکاتە سەرچاوەی هەموو دەسەڵات و پیرۆزییەکان.

ئەم ناشیونالیزمە هاوردەکراوە، بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو تا ئێستاش، دەوڵەتی تورکیای خستووەتە جەنگێکی بەردەوام لەگەڵ ڕابردووی خۆی. تورکیای تورکەکان، لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکدا، وەک (سامۆیل هانتینگتن) دەڵێت، لە تەنگژەیەکی بەردەوامدا بووە لەنێوان "پشتکردنە مەککە و ڕووکردنە برۆکسل، یان پشتکردنە برۆکسل و ڕووکردنەوە مەککە."

کاتێک ئەردۆغان و ئیسلامییەکانی تورکیا دەسەڵاتیان گرتەدەست، بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ئەورووپا دەکرد. ئەگەرچی گوتاری "گێڕانەوەی سەروەرییەکانی خەلافەتی عوسمانی" لە چەقی بیرکردنەوەی ستراتیژیی ئەردۆغان و یارانیدایە، بەڵام سەرەتا جەختیان لە ئەورووپیبوونی تورکیا دەکردەوە. لەبەرئەوەی زوو دەستبردن بۆ ئەم بابەتە، وەک خۆکوژییەکی پێشوەخت دەبوو، ئەردۆغان بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە هیچ دژیەکییەک نییە لەنێوان ئیسلام و دیموکراسی و دەکرێت تورکیای زۆرینە- موسوڵمان ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بێت.

ئەم گوتارەی ئەکەپەی ئەردۆغان و سیاسەتەکانی سەرەتایان، زۆر کەسیان تووشی کۆمەڵێک خۆشخەیاڵیی گەورە کرد. زۆر بوون ئەوانەی باسیان لە نموونەی تورکیای ئەکەپە و ئەردۆغان دەکرد، وەک بەڵگەی تەبایی ئیسلامی سیاسی و دیموکراسی، وەک بەڵگەی باشحوکمڕانیی ئیسلامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری، یان وەک بەڵگەی کرانەوەی ڕاستەقینەی تورکیا بەرامبەر بە کورد. هەندێک لە ئەکادیمییە زەبەلاحەکانی ئێمە، بەوەندە نەوەستان، بەڵکو باسیان لە ئەزموونی پۆست- ئیسلامی دەکرد لە تورکیای ئەکەپە و ڕەخنەگرانی ئیسلامی سیاسییان بە ئیسلامۆفۆبیا تۆمەتبار دەکرد! بەڵام ئەمڕۆ ئاراستەی ستەمکارانەی ئەردۆغان هەموو ئەم بەڵگانە پووچەڵ دەکاتەوە. پێشێلکردنی پرەنسیپە دیموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بە بەرگێکی ئیسلامییەوە، بەڵگەی زیندوون لەسەر کۆتایی سروشتیی هەموو بزاڤێکی ئیسلامی سیاسی لە ستەمکاری و داخرانێکی ئایدیۆلۆجیی مەترسیداردا. تورکیای ئەردۆغان، ئەمڕۆ ئەزموونی سەرەتای پشتکردنەوە برۆکسل و ڕووکردنە مەککە دەکات.

تورکیای مۆدێرن وەک دەوڵەتێک کە کۆمەڵێک وێنای خەیاڵی و ڕاستەقینەی هەیە لەسەر خۆی و پێگە جیۆستراتیژییەکەی، هەمیشە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تێکەڵ کردووە. هەندێک جار سیاسەتی ناوخۆ بە کەرەستەی دەرەکی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەپێچەوانەشەوە لە زۆر دۆخدا سیاسەتی دەرەوە درێژکراوەی سیاسەتی ناوخۆ بووە. ئەم درێژکردنەوەیەی سیاسەتی ناوخۆ بۆ دەرەوە، لە دۆزی کورددا ڕوونتر دەبینرێت. بەشێکی زۆر لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا ئاراستەیەکی دژەکوردیان هەبووە و دژەکوردبوون کراوەتە مەرجێک بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابوورییەکان. تەنانەت پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، مەرجدارە بە دژایەتیکردنی کوردی بەشەکانی تری کوردستان!

کورد لە تورکیا گرێکوێرەی سیاسەتی گیرخواردنە لەنێوان برۆکسل و مەککەدا. سەفەری تورکیا بەرەو برۆکسل، سەفەرێکی مەرجدارە. یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکان چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کوردە لە تورکیا. ئێستا ئەردۆغان تێگەیشتووە لەوەی کە ئەورووپا چیتر جێگەی تورکیایەکی تێدا نابێتەوە کە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵاتی سوڵتانێکدا، هەموو بەها و پرەنسیپەکان پێشێل دەکات. لێرەوەیە ئەردۆغان بەدوای سەفەرێکی بێمەرجدا دەگەڕێت و لەو بڕوایەدایە کە سەفەری مەککە لەهەموو کات زیاتر ئاسانتر و بێمەرجترە. لەکاتێکدا کە مەککە و بیرکردنەوەی مەککەیی، مافی مرۆڤ و دیموکراسی ڕەتدەکاتەوە، باشترین جێگەیە بۆ سەفەری ئەردۆغان بەسواری هەستی ئایندارییی خەڵکی تورکیا و ناوچەکە.

لێرەدا کورد دیسان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم سەفەری مەککەیی سوڵتاندا. لە چەند ساڵی داهاتوودا مامەڵەی سوڵتان لەگەڵ ئەم بەربەستە، مامەڵەیەکی زۆر توندتر دەبێت لە تەنیا بۆردومانکردن و وێرانکردنی شار و کوشتنی هاووڵاتی سیڤیل. پرسیارێک کە تەنها ئایندە دەتوانێت وەڵامی بداتەوە، ئەوەیە: ئایا کورد دیسان دەبێتەوە بە قوربانییەکی بێدەنگ کە لەژێر سمی ئەسپە ئیسلامییەکەی سوڵتاندا خوێنی لێدەڕژێت، کەچی تەنها سوپاسی خودا و نزای تەمەندرێژیی بۆ سوڵتان دەکات؟ یان کورد دەبێتە ئیرادەیەکی بەهێز لەبەردەم ڕەوتی سەفەرە خوێناوییەکی سوڵتاندا و ڕێگە نادات "خەلافەتی زوڵم" لەسەر ئێسکی ئەو بینابکرێتەوە؟



ڕابەر تەڵعەت

# جیهان پێویستی بە سوپەرپاوەرە

دەستەواژە و چەمک لە ئەدەبیاتی سیاسیدا کەرەستەیەکی گرنگە بۆ بونیادنانی مەعریفەی سیاسی، هیچ زمانێکی زانستی ناتوانێت ببێتە کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی مەعریفە، ئەگەر خاوەنی چەمک و دەستەواژی تایبەت بەخۆی نەبێت. لە دارشتنی ئەو زمانەشدا، ڕووداوەکان و مێژوو، پاشخانی دروستبوون و جێکەوتنی ئەو چەمک و دەستەواژانە پێکدەهێنن.

شەڕی سارد، وەک چەمکێکی سیاسی هەموو ئەو ڕووداو و ناکۆکی و گۆڕانکاری و ململانێیانە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە کە بۆ ئەوەی بمانەوێت باس لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەت بکەین، ناوهێنانی ئەم دەستەواژەیە ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی وێنای ڕووداو و سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوومان نیشان بدات، بەتایبەت ئەگەر بمانەوێت خۆمان لە باسکردنی وردەکارییەکانی شیکردنەوەی ئەوەی کە ڕوویداوە، بپارێزین. بەکارهێنانی ئەو چەمکە (شەڕی سارد) لەم باسەدا بۆ ئەوەیە کە گریمانەی ئەوە بکەین؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا ئەمڕۆش لەنێو ئاسەواری قووڵی ئەو شەڕەدا دەژی، زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە ئەو شەڕە کۆتایی هاتووە، کەچی هێشتا سێبەرەکەی ئەم ناوچەیەی جێنەهێشتووە. بەڵام چۆن پشتگیری لەو گریمانەیە بکەین؟

شەڕی سارد، ئەمریکای ناچار کرد بچێتە ناو زنجیرەیەک هاوپەیمانێتییەوە کە زۆریان بە حەز و ویستی خۆی نەبوون، وەک عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل و کۆریای باشوور، ئەوەش وەک دەروازەیەک بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانێتیی دژە سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، لەپاڵ دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا لە سیاسەتی هەندێک وڵاتی ناوچەکەدا تا ئاستی پشتگیریکردن لە دیکتاتۆرەکان و ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکان، وەک پشتگیری لە شای ئێران و پشتگیری لە جیهادییەکانی ئەفغانستان لەساڵی 1979، ئەمە جگە لە پشتگیریکردنی سەددام و دەیان گرووپ و دەستەی سیاسی دیکەی ئیسلامی و غەیرەی ئیسلامیی توندڕەو لە ناوچەکەدا. لەسەر ئاستی جیهانیش، ئەمریکا لەڕووی سەربازی و سیاسی و هەواڵگریشەوە، پەلی هاوێشت بۆ زۆر وڵات و ناوچە و هەموو سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای لاوازکردن و دژایەتی سۆڤیەت بونیاد نا، تیایدا ئامرازی جیا جیا بۆ ئەو ئامانجە بەکارهێنرا.

لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین، کەوتنی سۆڤیەت بە یەکجاری لە 1990-1991، ئەمریکا بەجۆرێک ڕێگای پاشەکشەی لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی خۆی لە بەشێک لەو هاوپەیمانێتی و بەرپرسیارێتییانە بکشێنێتەوە، بەڵام ئیدارەی ئەوکات، چ لە سەردەمی بوشی باوک و چ لە سەردەمی کلینتۆندا، لەسەر یەک سیاسەت هاوبەش بوون، ئەویش لەژێر ناونیشانی؛ (لێرە بەدواوە پاراستنی ئاسایشی جیهان ئەرکی ئەمریکایە). لێرەوە ئەمریکا کە وەک ئیمپراتۆر و تاکە زلهێز مایەوە، هەتا ئەمڕۆ لە ناوەوەی خۆیدا و لەگەڵ دەرەوەی خۆیشی، لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە؛ ڕۆڵی ئەمریکا بۆ گرنگە لە جیهاندا؟ ئەمریکا دەبێت کۆمار بێت یان ئیمپراتۆر؟ بۆچی ئەمریکا دەبێت سەرکردایەتی جیهان بکات؟ وەڵامەکە زۆر بە سادەیی ئەوەیە؛ چونکە جیهان پێویستی بە سوپەرپاوەرە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکپارچە ئاگرە، زیاتر لە چوار ملیۆن مرۆڤ ئاوارە و بێ جێگاو ڕێگان، ئێران هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات و دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، ڕووسیا ئۆکراینا داگیر دەکات و هەڕەشە لە ئەورووپا دەکات، چین خەریکی دروستکردنی هەڕەشەیە بۆ سەر جیرانەکانی لای باشووری خۆی، یەکێتی ئەورووپا لە ناوخۆیدا دابەش بووە. ئەمریکا لەو نێوەدا، تاکە دەوڵەت و نەتەوەیە کە لەڕووی ئابووری و سەربازی و دیپلۆماسییەوە توانایی ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی هەڕەشەی تیرۆر و مەترسیی دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان بوەستێتەوە، ڕەنگە ئەوە بۆ زۆرمان هیوایەکی خوازراو نەبێت، بەڵام فاکتێکی سیاسییە. بۆیە ڕۆڵی ئەمریکا وەک سوپەرپاوەر گرنگە، چونکە ئاشتی پێویستی بە هێز هەیە.

ئەو ململانێیانەشی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، هەر لە سەرهەڵدان و بەهێزبوونی جیهادی ئیسلامی و حەملەی ئیمانییەوە تا دەگاتە بەهاری عەرەبی و ململانێی نەتەوەکان بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، بونیادێکی مێژوویییان هەیە و دیوێکی گرنگی ئەو ڕووداوانە لە قۆناغی شەڕی ساردا بەجێماوە و هێشتاش کارایی خۆیان لەدەست نەداوە.

کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆرجار بەرژەوەندییەکانی کەوتووەتە سەر خەتی بەرژەوەندیی زلهێزەکان، بەڵام لە قۆناغ و سەردەمێکدا کە نە کورد ئەو هێزە بووە بتوانێت لەسەر ئەو خەتە خۆی ڕابگرێت، نە زلهێزەکانیش لە بەرژەوەندییاندا بووە ئاوڕێک لە مەسەلەکەی بدەنەوە. ئەمڕۆ کورد لە ناوچەکەدا جارێکی دیکە لەسەر خەتی هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سوپەرپاوەری جیهان، جیاوازیی ئەم جارە ئەوەیە، نە کورد ئەو لاوازەی جارانە و نە سەردەمەکەش ئەوەی جارانە. کورد دەبێت لە مەیداندا چ وەک هێز و چ وەک دیپلۆماسی، لەسەر هێڵی هاوتەریبی سوپەرپاوەر لانەدات و لەنێوان ئاکتۆرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا، ئاکتۆری نێودەوڵەتی بەلاوە گرنگتربێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## توونسییەکان شەیدای عەبدولقەهارن

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

# 10 رێنمایی بۆ دەستنیشانکردنی هەواڵی ساختە

**ئێمە بۆ ئەوە کاردەکەین رێگە لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست بگرین. دەتوانرێ بەئاسانی هەواڵی ناڕاست دەستنیشان بکرێت و کارێکی دژوار نییە. تۆش ئەم رێگایانە بەکاربێنە بۆ ئەوەی بزانی هەواڵێک راستە یان نا ؟**

### 1. بە گومان (دوودڵ) بە لە مانشێتەکان

هەواڵە ناڕاستەکان بەزۆری مانشێتی سەرنجڕاکێش (فێڵبازانە) دادەنێن، لەگەڵ وشەی جێگەی سەرسوڕمان و شۆک. ئەگەر قسە شۆکەکە لە مانشێتدا باوەڕپێکراو نەبوو، ئەوا بزانە بەزۆری ئەو جۆرە هەواڵانە ناڕاستن .

### 2. بەوردی تەماشای URL بکە :

(ناونیشانی وێبسایتەکەیە) ئەگەر ناڕاست بوو، یان وەک URL ـی بڕواپێکراو بوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە هەواڵەکە ناڕاستە. زۆربەی ماڵپەڕە ناڕاستەکان لاسایی سەرچاوە هەواڵییە رەسەن و باوەڕپێکراوەکان دەکەنەوە، ئەمەش بە دروستکردنی گۆڕانکارییەکی بچووک لە URL. لەو حاڵەتەدا دەتوانی بچیتە ماڵپەڕەکە و بە سەرچاوە راستەکە بەراوردی بکەی.

### 3. لە سەرچاوەی هەواڵ بکۆڵەوە :

دڵنیابەوە لەوەی هەواڵەکە لەلایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە نووسراوە، کە پێشینەی وردی و دروستی هەیە. ئەگەر هەواڵەکە لەلایەن سەرچاوەیەکی نەناسراوەوە بڵاکرابووەوە، بچۆ سەر بەشی "دەربارە" و زانیاری زیاتری لەبارەیەوە وەربگرە .

### 4. سەیری دیزاین و فۆرماتی نائاسایی بکە:

زۆرینەی ماڵپەڕە هەواڵییە ساختەکان لە رێنووسدا هەڵە دەکەن، یان دیزاین و رێکخستن و فۆرماتی سایتەکانیان پەسەند نییە. ئەگەر ئەو نیشانانەت بینی، بەوردی هەواڵەکە بخوێنەوە .

### 5. ئاگاداری وێنەکان بە :

ماڵپەڕە هەواڵییە ناڕاستەکان زۆرجار وێنە و ڤیدیۆیان تێدایە، کە بە مەبەست دانراون. هەندێکجار رەنگە وێنەکە راست و دروست بێ، بەڵام لە شوێنی خۆی بەکارنەهاتبێ، دەتوانی لە ئینتەرنێت بەدوای وێنەکەدا بگەڕێی، بۆ ئەوەی دڵنیابیتەوە لەوەی سەرچاوەی وێنەکە کوێیە .

### 6. تەماشای بەروار و کاتەکان بکە :

ماڵپەڕە هەواڵییە ناڕاستەکان رەنگە بەرواری وایان تێدابێ کە هیچ مانایەک نەدات، یان لەوانەیە بەروارەکە گۆڕابێت و راست نەبێ .

### 7. چێکی بەڵگەکان بکە :

لە سەرچاوەی هەواڵەکە بکۆڵەوە و چێکی بکەوە بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی دروستە. نەبوونی سەرچاوە یان پشتبەستن بە سەرچاوەی نادیار و بێ ناونیشان، مانای ئەوەیە هەواڵەکە ناڕاستە .

### 8. لە سەرچاوەکانی دیکە بۆ هەواڵەکە بگەڕێ :

ئەگەر هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی هەواڵ هەمان هەواڵی نەبوو، رەنگە نیشانەی ئەوەبێ هەواڵەکە راست نییە. ئەگەر هەواڵەکە لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی هەواڵەوە بڵاوکرابووەوە کە خۆت متمانەیان پێدەکەی، مانای وایە هەواڵەکە راستە.

### 9. ئایا هەواڵەکە نووکتە نییە؟

هەندێکجار قورسە بتوانی هەواڵە ناڕاستەکان لە کۆمیدیا یان رەخنە جیابکەیەوە. دڵنیابەوە لەوەی ئایا ئەو سەرچاوەیە بە "PARODY" (لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕییانەی بەرهەمێکی جددی) نەناسراوە. هەروەها لەوانەیە نێوەڕۆکی هەواڵەکە و تۆنەکەی دەریبخات کە هەواڵەکە تەنها بۆ خۆشییە.

### 10. بەمەبەست هەندێک هەواڵ بەهەڵە بڵاودەکرێنەوە:

بە چاوێکی رەخنەگرانە تەماشای ئەو هەواڵە بکە کە دەیخوێنیتەوە و تەنها ئەو هەواڵانە شەیر (بڵاوبکەوە) کە دەزانی راست و دروستن .

## پێکەوە دەتوانین رێگە لە هەواڵی ساختە بگرین